کوردستان

نوێرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەڕێوەچوونی ٢٥مین کۆنگرەی سوسیالیست ئینترناسیۆنالْ

سەرلە بەیانی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢ی مارسی ٢٠١٧ ،بەرامبەر ١٢ی ڕەشەمە بە بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری کارتەگێنای کۆلۆمبیا، شاری نووسەر و ڕۆژنامەنووسی جیهانی و براوەی خەڵاتی نۆبێل، گابریل گارسیا مارکز،ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینترناسیۆنالْ، گەورەترین ڕێکخراوی ناحکوومی جیهان، ٢٥مین کۆنگرەی خۆی،بە وتارێکی لۆئیس ئایالا سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە لەژێر ناوی «بۆ دنیایەک لەسەر بنەمای یەکیەتی و یەکسانی» کردەوە و دوای ٣ڕۆژ کۆتایی بە کارەکانی هێنا

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا | یەکشەممە ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ ـ ٥ی مارسی٢٠١٧ | ژمارە: ٦٩٩ | www.kurdistanukurd.com

بەرەو وەڕێخستنی خەباتی جەماوەری بۆ پاشەکشە بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی

بیرۆکەی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە مەیدانی واقیعی خۆیدا، لە نێو شارەکانی کوردستان، ئەو شوێنەی هێزی بە توانای خەڵک بۆ دەربڕینی هەست و بۆچوونی نیشتمانپەروەرانەیان فەزای ڕاستەقینەی سیاسەتکردن بۆ پشتیوانی لە حیزبێک کە هەڵگری پەیامەکانی ئەوانە بۆ گەیشتنیان بە ئامانجە نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان، هەر ئەو شوێنەبوو کە بۆ یەکەمجار قازی محەمەد پێشەوای کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پێشوازییەکی جەماوەریدا دامەزرانی کۆماری کوردستانی تێدا ڕاگەیاند. ئەم بیرۆکەیە دوای زیاتر لە سێ دەیە خەباتی شاخ و تێکۆشانی نهێنی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی شادا، دوای شەهیدبوون و گرتن و ئیعدامی زۆر ڕۆڵەی تێکۆشەری کورد بە دەستی جەللادەکانی شا، بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ بۆ جارێکیدیکە سەریهەڵدایەوە. کاتێک خەباتکارانی شاخ و دوورەوڵاتی و تێکۆشەرانی دیموکرات، ڕێبوارانی ڕێگای پرشانازی پێشەوا، بەیەکەوە لە نێو دڵی پرسۆزی خەڵکدا ئامێزیان لەیەکدا و ئەودەم کە قاسملووی ڕێبەر خۆی لەنێو خەڵکەکەیدا دیتەوە. ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ ڕۆژی دەرخستنەوەی هێز و توانای پشتیوانانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەودەمەی دوکتور قاسملوو لە نێو پێشوازییەکی گەرم و بێ وێنەی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستان، بە وتە بە نرخەکانی خەباتی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند. شیوە خەباتێک کە هەر زۆر زوو هەموو کوردستانی تەنییەوە و هەموو خەڵکی کوردستانی بە پەیام و مەبەستەکانی حیزبە خۆشەویستەکەیان ئاشنا کرد. هەربۆیە لە یەکام دەوری هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامی داسەپاودا، لە نیزیک بەتەواوی ئەو ناوچانەی کوردستان کە هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوەچوو و حیزبی دیموکرات توانی کاندیدی هەبێ، بە سەرفەرازییەوە سەرکەوتنی بە دەست هێنا. بۆیە لە خۆرا نەبوو پێلانگێڕانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو شەڕفرۆشیان لە دژی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان دەست پێکرد. بۆیە حیزبی دیموکرات هەمیشە پێداگری کردووە لەسەر بەرین کردنەوەی خەباتی جەماوەری بە هێزترین هۆکار بۆ پاشەکشەکردن بە زۆرداری و دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی.

کەشوهەوای پێش هەڵبژاردن، دەرفەتێک بۆ کاری سیاسی لە کوردستان

قادر وریا

لە٢٩ی بانەمەڕی داهاتوودا، دوو هەڵبژاردنی سەرانسەری ، هاوکات لە ئێران بەڕێوە دەچن: هەڵبژاردنی سەرکۆماریو هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێ.

پێکەوە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان کە ئەوە بۆ چەندەمین جارە لە ئێران دووپات دەبێتەوە، یەکێکە لە تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاکێشانی زۆرترین خەڵک بۆ سەرسندووقەکانی دەنگدانو گەرمو گوڕ کردنی کەشوهەوای هەڵبژاردنەکان. واشی ڕێک دەخەن هەڵبژاردنێک کە بە لای ڕێژیمەوە گرنگە، بەڵام لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێ، لە گەڵ هەڵبژاردنێک کە گرنگییەکەی بۆ ڕێژیم کەمترو بۆ خەڵک زیاترە، تێکەڵ بکرێنو پێکەوە بەڕێوە بچن. وەک نموونەهەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی خوبرەگانو مەجلیسی شووڕای ئیسلامی پێکەوە، یا هەڵبژاردنی سەرکۆماری و ئەندامانی شووڕای شارو گوندیش هاوکات.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماری، ئەوەندەی پرسو کێشەی نێو باڵەکانی ڕێژیم دەبێ، ئەوەندە پرسو کێشەی خەڵک نابێ. وا مەزندە دەکرێ ململانێی سەرەکی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی داهاتوو دا ململانێ لە نێوان کاندیدای ڕێفۆرمخوازانو اعتدالگرایان لە لایەک و کاندیدای ئوسوولگەراکان لە لایەکی دیکەوەدا بێ. لە هەڵبژاردنی پێشوودا، تەنیا کاندیدایەک کە جگە لە دوو تەیفی «اصلاح طلب و آعتدالگرا»، دەنگدەرانی دەرەوەی بازنەی لایەنگرانی نیزامیش، لە ناچارییان دەنگیان پێدا و پشتیوانییان لێکرد،حەسەن ڕوحانی بوو. وا پێش بینی دەکرێ ئەمجاریش بە هێزترین کاندیدای ئەو دوو تەیفە هەر حەسەن ڕوحانی بێ. بەڵام بەو هۆیەوە کە کارنامەی سەرکۆماریی ناوبراو لە چوار ساڵی ڕابردوودا، بە بەراورد لە گەڵ بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردن، کارنامەیەکی سەرکەوتوو نیە، لە نێو خەڵکدا دڵگەڕمییەکی ئەوتۆ یا لانیکەم دڵگەڕمییەک بە ڕادەی جاری پێشوو بۆ پشتیوانیی کردن لە ناوبراو بەدی ناکرێ. ئەوەی قەرەبووی ساردیی ئەمجارەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەکاتەوە، هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو دێیە. چونکە شووڕاکانی شارو گوند ئەگەر چی لە کۆماری ئیسلامیدا، لە ڕووی سیاسییەوە ناوەندێکی گرنگی بڕیاردان نین، بەڵام بە چەند هۆیەک، گرنگییەکی تایبەتیان هەیەو ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵک، بە جۆرێک لە جۆرەکان دەکێشرێنە نێو ململانیی هەڵبژاردنی شووڕاکان. لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی زۆریی ئەو حەوزەو کەسانەی ململانێی هەڵبژاردن دەیانگرێتەوە،

ل٢

بەشداریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥مین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنالْ

٢٥مین کۆنگرەی گەورەترین ڕێکخراوی ناحکوومیی جیهان (سۆسیالیست ئەنترناسیۆنالْ) لە وڵاتی کۆلۆمبیا بەڕێوەچوو و حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک ئەندامی ڕەسمیی ئەم ڕێکخراوە بە ناردنی هەیئەتێک بەسەرپەرستی بەڕێز خالید عەزیزی بەشداری کۆنگرەکەی کرد و وتاری پێشکەش کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی، بەرانبەر بە ١٢ی ڕەشەممە لە شاری «کارتەگێنا»ی وڵاتی کۆلۆمبیا، ٢٥مین کۆنگرەی گەورەترین ریکخراوی ناحکوومی جیهان، واتە ریکخراوی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنالی دەستی بە کارەکانی کرد.

سەرەتا کۆنگرە بە دروشمی «بۆ دونیایەک لەسەر بنەمای یەکیەتیی و یەکسانی»، بە وتارێکی بەڕێز لویس ئایالا، سکرتێری سۆسیالیست ئەنترناسیۆنالْ کرایەوە.

ناوبراو لەپێوەندی لەگەڵ ئاشتی و یەکسانی و کێشەی تێرۆریزم لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست و کێشەکانی نیوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئوروپا قسەی کردو بە ئاماژەدان بە لێکنیزیک بوونەوەی جوڵانەوەی «فارک» لەگەڵ دەوڵەتی کولۆمبیا، هیوای خواست کە ئاشتی و هێوری باڵ بە سەر هەموو جیهاندا بکێشێت و داوای سەرکەوتنی بۆ پڕۆسەی ئاشتی وڵاتی کۆلومبیا خواست.

ل٣

بەشداریی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە بیستویەکەمین کۆنگرەی سوسیالیست ئینترناسیۆنالّی ژنان

سوسیالیست ئینترناسیۆنالّی ژنان لە ڕۆژانی ٢٥-٢٧ی فێوریەی ئەمسالّدا لە ژێر دروشمی «نابەرابەری ڕەگەزی ئەمرۆ لە جیهان، تێگەیشتن لە بەربەستەکان و کۆتایی هێنان بە نابەرابەری ڕەگەزی تا سالی ٢٠٣٠» بیستویەکەمین کۆنگرەی خۆی لە ولاتی کۆلۆمبیا بەڕێوە برد.

لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی سوسیالیست ئینترناسیۆنالّی ژنان، هەیئەتێکی ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خاتوو کوێستان گادانی بەشداری بیستویەکەمین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوە جیهانییەی تایبەت بە ژنان بوو.

یەکەم ڕۆژی کاری کۆنگرە بە وتەکانی «وەفا حاجی»، سەرۆکی سۆسیالیست ئینترناسیۆنالی ژنان دەستیپێکرد کە زیاتر پێوەندی بە مەبەست و ئامانجەکانی کۆنگرەو هەروەها هێنانە بەرباسی کۆمەڵە پێشنیارێک بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی باسەکانەوە هەبوو.

لە دریژەی کاری کۆنگرەکەدا، یەکشەممە ٢٦ی فێوریەیە خاتوو «ئارلێس کاسادۆ»، سێناتۆری کۆماریخوازانی کۆلۆمبیا و سەرۆکی کۆمیسیۆنی حقووقیی بۆ یەکسانیخوازی ڕەگەزی باسێکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان بە کورتی باسی مێژووی خەباتی ژنانی کۆلۆمبیای کرد. ...

ل٦

دەقی وتەکانی خالید عەزیزی سەرپەرەستی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەشداربوو لە ٢٥مین کۆنگرەی ڕێکخراوی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنالْ لە ولاّتی کۆلۆمبیا

خوشک و برایانی هێژا !
میوانە بەڕێزەکان !
جەنابی سەرۆک !
جەنابی سکرتێری گشتی !

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆ منتان ڕەخساند بۆ ئەوەی سەرنجی ئێوە بۆ دۆخی ڕۆژهەلاتی نێوەراست و کوردستان ڕابکێشم.

لەو ناوچەی ئێمە کێشە زۆرن، بەتایبەت بۆ دواڕۆژی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە کە دەکرێ ئیشارە بە کێشەی مافی مرۆڤ، مافی ژنان، توندو تیژی ئایینی و مافی گروپی جۆراوجۆری نەتەوەیی و ئایینی بکرێت.

تووندوتیژی و تێرۆریزم، هەلومەرج و کەش و هەوایەکی لەو ناوچە فرەچەشنەدا ساز کردوە و بوەتە مەسەلە و مەترسیەکی گەورە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست کە لەگەڵ گەلێک ئاستەنگ و کێشە ڕووبەڕو بوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک دەرفەت و کات لە گۆڕی دایە کە دەکرێ بە باشی کەڵکیان لێ وەربگیرێ بۆ کێشانی نەخشە ڕێگایەکی بەربەرین بۆ داهاتوی ناوچەکە، کە بێ گومان کورد فاکتۆرێکی حاشا هەڵنەگری ئەو سێناریۆیە دەبن.

هەمو ئەو خالانە گرینگی خۆیان هەیە، بەڵام تێرۆریزم دیاردەیەکی ئەوەندە مەترسیدارە کە نەتەنیا شوێنەوارە مێژوییەکان و فەرهەنگی بە یەکەوە ژیان و لەگەڵ یەکدابوون لە نێو دەبا، بگرە مەترسییەکە بۆ مرۆڤایەتیشە. مەترسییەک کە تەنیا ڕووی لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست نییە بەڵکو ڕاستەوخۆ هەمووی جیهان دەگرێتەوە. جیهانێک کە هەوڵ و زەحمەتێکی زۆری داوە لە پێناو سەقامگیر کردنی ئاشتی و ئاسایشدا.

ل٢

مودیریەتی بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

سمایل شەرەفی

لە ماوەی لانیکەم یەک دەیەی ڕابردوودا قسەکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ،...

ل٣

ئیشارە بە چەند ناتەبایی لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا

عومەر باڵەکی

قانونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی کە پایەوئەساسی نیزامیی سیاسی ئیستای ئێرانە کە لەسەر جهانبینی حکوومەتی...

ل٤

پەرەسەندنی قەیرانەکان و داهاتووی کۆماری ئیسلامی

ڕەزا محەممەدئەمینی

کەمتر لەسێ مانگی دیکە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و شووڕاکانی شار و ....

ل٥

پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە لە ژێر تیشکی ڕووداوە ناوچەییەکاندا

عەزیز شێخانی

تورکیە و ئێران، لە هەناوی سیاسەتی ئەمڕۆیاندا بۆنی تەپ و تۆزی شکان و سەرکەوتنی شەڕەکانی ...

ل٧

درێژەی

کەشوهەوای پێش هەڵبژاردن، دەرفەتێک بۆ کاری سیاسی لە کوردستان

ململانێیەکان لە ململانێی نێوان دوو یا چەند قۆڵی نێو نیزام دەچێتە دەرو مەجالێکی هەر چەند بەرتەسک، بۆ لایەنو گەرایشاتی دەرەوەی نیزامو نزیک بە خەڵک دەمێنێتەوە تا ئەوانیش لەم نێوە دا مەیداندارییی خۆیان بکەنو خۆیەک نیشان بدەن.

وەک زۆر جاری دیکەش پێمان لە سەر داگرتووەتەوە، هەڵبژاردن ـ هەر جۆرە هەڵبژاردنێک ـ لە کۆماری ئیسلامیدا، هەم بە تەواوی نادیموکراتیک و هەم بە توندی کۆنترۆڵکراوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خودی ڕێژیمەکە، هەوڵ دەدا، هەڵبژاردن بکا بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک بێنێتە سەر سندووقەکان تا لە چوارچێوەی یارییەکی کۆنترۆڵکراودا، دەنگی خۆیان بدەن. نەتیجەکە هەر چییەک بێ، ئالوگۆڕێکە لە چوارچێوەی نیزامدا کە ڕێبەریو ناوەندە سەرەکییەکانی بریار لەو نیزامەدا، دەتوانن کۆنترۆڵی بکەن. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر ڕەفتارو هەڵوێستی خەڵک لە ئاست هەڵبژاردنەکان، لە دوو ڕێگا زیاتر لە بەر دەمیان دا نەبووە. یا بە تەحریمو بێتەفاوەتی بەرەوڕووی هەڵبژاردنەکان بوونەتەوەو بەم جۆرە بێهیوایی خۆیان بە هەڵبژاردنو نارەزایەتیی خۆیان لە کولییەتی ڕێژیم دەربڕیوە، یا بە پشتیوانی لەو کاندیدایانەی کە دروشمو بەرنامەکانیان، تۆسقاڵێک لە ویستەکانی خۆیان نزیکو تا ڕادەیەک لە گەڵ دروشمو بەرنامەی کاندیداکانی دیکە جیاوازیان هەبووە، پێشوازییان لە هەڵبژاردن کردوە. دیارە بەشداری لە هەڵبژاردنو پشتگیری لە کاندیدای خاوەن دروشمو بەرنامەی تا ڕادەیەک جیاواز، بە مەبەستی پێکهێنانی لانیکەمی گۆڕان لە سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لە تەحریمی هەڵبژاردن بەرچاوتر بووە.

ڕەفتارو هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ هەڵبژاردنەکاندا، لەم دوو دەیەی دوایی دا، ئەگەر چی کەمو زۆر لە ژێر کاریگەریی ململانێ سیاسییەکانو کەشوهەوا سیاسییە سەرانسەرییەکەدا بووە، بەڵام جیاوازییەکی واتادارو بەرچاویشی لە گەڵ ڕەفتارو هەڵوێستی خەڵکی ناوەندو شوێنەکانی دیکەی ئێراندا هەبووە. ئەو جیاوازییە ریشەی لە ئاگایی سیاسیی ئەوانو پێشینەی خەباتی ئەوان بۆ مافە نەتەوەییەکانیاندا هەبووە. لە کوردستان ئەو کاتانەش کە زۆرینەی دەنگدەران، هەڵوێستی تەحریمی هەڵبژاردنەکانیان نەگرتووەتە بەرو بە دەنگدان بەشداری هەڵبژاردن بوون، هەوڵیان داوە قسەی خۆیان بکەنو وێستەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ. بێبەشی لە مافە نەتەوەییەکانیانو ڕۆژڕەشییان بە دەست ستەمو هەڵاواردنی نەتەوەییو، وەزالەهاتنیان لە دەست تاوانو سەرکوت، لەو پرسانەن کە خەڵکی کوردستان لە کەشوهەوای هەڵبژاردندا، وەک دەردی خۆیان هێناوياننەوە گۆڕێ. ئەو پێداگرییو سوور بوونەی خەڵکو بژاردەکانیان لە کوردستان لە سەر ئەم جۆرە پرسو بابەتانە وای کردوە، ئەو لایەنو کاندیدایانەش کە هەوڵی وەدەستهێنانی دەنگی خەڵکی کوردستان دەدەن، لا لەم جۆرە بابەتانە بکەنەوەو لە دروشم و بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیاندا، تا ڕادەیەک ئاوڕیان لێ بدەنەوە. قۆستنەوەی کەشوهەوای هەڵبژاردنی سەرانسەری لە لایەن نوخبەکانو چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو مەدەنیی کوردستان بۆ باسکردن لە پرسی نەتەوەییو، دەنگدەبڕێن دژی ئەو ستەمو هەڵاواردنانەی لە ئێران دژی نەتەوەی کورد هەن، هەر وەها تەعامول لە گەڵ هەڵبژاردنو ململانێکانی پێوەندیدارو، پشتیوانیو دژایەتیی کاندیداکان لە سەر بناغەی ڕوانین و بەرنامەی لایەنەکانو کاندیداکان بۆ دەردو ویستی سەرەکیی ئەم خەڵکە، نیشانەی وریایی سیاسیی ئەوانە. دەسەڵاتو ڕێژیمێک، هەر وەها ئەو قۆڵو لایەنانەی نێو ئەو نیزامە، کە بە خەیاڵی کۆکردنەوەی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان، ڕوویان تێ دەکەن، دەبێ بزانن کە لە گەڵ خەڵکێکی ساویلکە بەرەوڕوو نینو بێ داننان بە ستەملێکراویی ئەوانو قبوولّی بەرپرسیاریەتی لە ئاست جێبەجێکردنی داخوازەکانیان، ناتوانن جێگەو پێگەیەک بۆ خۆیان بکەنەوە.

بەربژێرەکانی شووڕاکانی شارو گوند هەتا کۆتایی مانگی ڕەشەمە مۆڵەتیان هەیە ناونووسی بکەن. پێشبینی دەکرێ ئەمجاریش وەک هەموو جارانی پێشوو، ژمارەیەکی هەر چی زیاتری کاندیداکان بە تایبەتی ئەوانەی کە هەڵقوواڵاوی خەڵکنو ڕابردووی خزمەت بە دامو دەزگا دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمەیان نیە، ڕەدی سەلاحیەت بکرێن. بەڵام ئەگەر خەڵک بیانەوێ ئەم هەڵبژاردنە بکەن بە دەرفەتێک بۆ سپاردنی دەسەڵاتی شووڕاکان بە نوێنەرانی خۆیانو کەسانی باشو گونجاو، هەر وەها بۆ ئەوەی بتوانن لەم هەڵبژاردنەدا مۆرە ناسراو و تاقیکراوەکانی سەر بە ڕێژیم تێک بشکێنن و جێگای ئەوان بە کەسانی باش پڕ بکەنەوە، پێویستە لە هەر شارو گوندێک کەسانی خۆشناوو خاوەن پێشینەی پاک و بیرو باوەڕی پێشکەوتوانەو نیشتمانپەروەرانە هان بدەن بۆ ناونووسی لە ڕێزی بەربژێرانی شووڕاکاندا. وێڕای هەوڵدان بۆ هەبوونو مانەوەی کاندیدای لەم چەشنە بۆ کاتی ململانێی هەڵبژاردن، پێویستە حەتوو مانگەکانی داهاتوو کە کەشوهەوای سیاسیی هەڵبژاردن باڵ بە سەر ئێران دا دەکێشێ، لە شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرترین سوودیان لێ وەربگیرێ بۆ باسو دیالۆگی سیاسی. بۆ لەقاودانی ستەمو هەڵاواردنی سیاسی، نەتەوەییو زمانی بەرامبەر گەلی کورد، بۆ ڕووناکی خستنە سەر ئەو تاوانو سەرکوتانەی هەمبەر خەڵکی کوردستان دەکرێن، بۆ باسکردن لەو مافانەی کە مافی بێ ئەم لاو ئەولای نەتەوەی کورد و هەر نەتەوەیەکی بندەستی دیکەی ئێرانن. با لە کەشوهەوای سیاسیی پێش هەڵبژاردن دا، ئەو کاربەدەستو مۆرە فاسدو دژی خەڵکیانەی چەندین ساڵە لە سایەی دەست تێکەڵاوکردن لە گەڵ بەرپرسانو دامودەزگا گەندەڵەکان، بوون بە زڕوو بۆ مژتنی خوێنی خەڵکو دزینی ماڵو سامانی گشتی، ڕسوا بکرێن. ئەوانەش کە هەتا ئێستا لە پاداشی هاودەستی لە گەڵ سوپاو ئیتلاعاتو بەسیجو ئەم یا ئەو مەقامی دەوڵەتی، بە کەیفی خۆیان مەیداندارییان کردوە، جێی خۆیەتی لە فەزای هەڵبژاردن دا، پەردە لە ڕوخسارو پێشینەی ڕەش و دزێویان لابدرێ.

درێژەی

وتەکانی خالید عەزیزی لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئینترناسیۆنالْ

هەر بۆیە هەموو ئێمە دەبێ پاڵپشتی نەتەوەی کورد بین نەتەنیا بەس بۆ شەر دژی ئەو دیاردە دزێوە بەڵکوو بۆ دروست کردنی کۆمەلگایەک لەداهاتوودا، کە ئاشتی بۆ هەموو لایەک مسۆگەر دەکاو مافی مرۆڤ و تاکەکان و حاوانەوە لەگەڵ یەکتر دەستەبەردەکات.

من دەزانم زاڵ بوون بەسەر دزێوەی تێرۆریزم دا کارێکی ئاسان نیە و تەنانەت ناکرێ پێشبینی داهاتووش بکەین کە چی ڕوو دەدات، بەڵام وەک کۆمەڵگەی ئینسانی ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە دیفاع لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بکەین بە جۆرێک کە ببێتە هۆی سەقامگیری ئاشتی و هێوری و تەزمینی داهاتوویەتیکی باشتر لەناوچەکەدا. لەسەر یەک و لە ئیدامەی ئەو ئەرکەدا هەمووی ئێمە بەشێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین کە ئەرک دەخاتە سەرشانمان و بۆ ئەوەی کە ئەو بەرپرسایەتییە جێ بەجێ بکەین.

ئەو دۆخەی ئێستا ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانی دەخاتە سەرشانی ئێوە کە پشتیوانی گەلی زوڵملێکراوی ئێمە بن، خەڵکێک کە پێویستی بە یارمەتی ئێوە هەیە بۆ ئەوەی کە لەو کێشانەدا کە ئێستا و داهاتوو دێنە سەر ڕێی سەرکەوتوو بێت.

ئێمە وەک گەلی کورد لە ئێران کە چەندین ساڵە لە خەبات و تێکۆشان‌دایین دژی حکوومەتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی و سەرەڕای پەیامی ئاشتیمان و هەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی مافی ڕەوامان، بەڵام هەمیشە قوربانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بووین.

هاوکات پێم خۆشە لەوە ئاگادارتان بکەمەوە، کە ئەگەر ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە دوو بەشی دیکەی کوردستان لە خەباتێکی سەخت و میدانی‌دان لەدژی داعش، هاوکات ئێمە کوردەکانی ئێرانیش لە بەرەیەکی دیکەی شەڕ و لەخەبات و تێکۆشان داین لەدژی حکوومەتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی کە ڕێز بۆ هیچ قانوون و یاسایەکی نێودەوڵەتی دانانێ.

چەند مانگ پێش ئێستا حیزبی ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە کەوتە بەرهێرشێکی تیرۆریستی و بەداخەوە چەند ئەندامی ئێمە گیانیان لەدەستدا، کەسانێک کە لەداهاتوودا دەیانتوانی لەدامەزرێنەرانی ئازادی و دیموکراسی بن.

بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە ئێستا لە ناوچەکەی ئێمە حاکمە، ئایا دەبوو ئێمە تیرۆرمان بەتیرۆر جواب داباوە؟ نا، نا ئێمە ئەو کارەمان نەکرد. حیزبی ئێمە چەند دەیەیە لە مەیدانی بە کردەوەی خەبات و تێکۆشاندایە و تەنانەت لە کاتی شەڕیشدا ئێمە هەمیشە گیانی ئینسانەکانمان بۆ گرینگ بووە و لەداهاتووش دا ئەو سیاسەتە وەک باوەڕ و بنەمایەک ئیدامە دەدەین. ئێمە باوەڕێکی قوڵمان بە دیموکراسی و ئازادی هەیە ئیحترام بۆ ژیانی ئینسانەکان و لەگەڵ یەکدابوون قایلین.

ئێمە لەو باوەڕەدا بۆ دروست کردنی دنیایەکی باشتر و چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دەبێ قامک بۆ ئێران ڕادێرین و کردارو ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی نابێ نادیدە بگیرێ. بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی زۆر بە بەرنامە خەریکە ئیمپراتۆریەیەکی مەزهەبی لەناوچەکەدا داسەپێنی.

ئەوە ئەرک و وەزیفەی سۆسیالیست ئینترناسیۆنالّە کە بدرەوشێتەوە و کار بکات بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆرتر لە دنیادا سەرنج بەو کێشەیە بدەن و ببن بەپاڵپشت لەو پیوەندییەدا.

ئەندامانی بەڕێز !

ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان لەئێوەیە کە سۆسیالیست ئینترناسیۆنالّ دەورێکی چالاکتر و بەرچاوتری لەناوچەکەدا هەبێت و بەپشتیوانی کردن لە کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست‌دا و هەروەها زەخت و گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بێنێت بۆ ئەوەی کە ڕێز بۆ مافی کورد لەئێران دابنێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان باوەڕی قوڵی بەوە هەیە کە ڕێگای چارەیەکی ئاشتیانە تەنیا ڕێگایەکە بۆچارەسەری کێشەی کورد لە ئێران. بۆیە ئێمە داواتان لێ دەکەین کەهەموو لایەکتان کاربکەن بۆ ئەوەی کە کورد بە ئامانجەکانی خۆی بگا.

زۆر سوپاس

چەند چالاکییەکی حیزب

بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆبوونەوەی شەش لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە «مێری»

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٣ی فێوریەی٢٠١٧ لە هەولێر لە لایەن ئەنستیتۆی تویژینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (مێری) بە سەرپەرستی د.دلاوەرعەلائەدین کۆبوونەوەیەک بە بەشداری شەش لایەنی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هات. ئامانج لەو کۆبوونەوە تاوتوێکردنی قەیران و دواپین ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کاریگەرییەکانی لە ژێر گۆڕانکاری سیاسەتی جیهانی بە تایبەت بە دوای هاتنە سەرکاری تڕامپ لە ئەمریکا لەسەر بزووتنەوەی کورد بە گشتی و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خوێندنەوە و دیتنەوەی ڕێکاری هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.

لەم کۆبوونەوەدا هاوڕێ مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتی و د.ئاسۆ حەسەنزادە لە لایەن حیزبەوە بەشداربوون کە سکرتێری حیزب وێڕای سپاس لە پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوە بۆچوون و ڕوانگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەسەر تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە خستە ڕوو.

هەیئەتی حیزب لەو باوەڕەدا بوو کە سەرباری ئەوە کە ئاقارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چ لە ئاستی جیهانی و چ لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێراندا هێشتا ناڕوونیی پێوە دیارە و لەگەڵ ئەوەدا خەباتی کورد خەباتێکی قائیم بە زات و پشتبەستوو بە خۆیە، بەڵام هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ لەو زەرفییەتانەش غافڵ بن کە لەپێوەندی لەگەڵ ئێران و ناوچەکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەگشتی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەتایبەتی دروست دەبن.

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروەها لەو باوەڕەدا بوو کە دۆخی ئێستای نێوان لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر و چ لە خوێندنەوەیان بۆ ناوخۆی ئێراندا هەرچییەک بێ، ئەوان دەتوانن هاوکاریی نێوانیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و بۆ نزیکبوونەوە لە ناوەندە بڕیاردەرە جیهانییەکاندا لەو پرسانەی پێشوو جیا بکەنەوە و بەڕووی دەرەوەدا هەموویان بە یەک گوتار و بە ڕێکارێکی هاوبەش بجوڵێنەوە

سەردانی کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە، ٢٠ی فێوریەی ٢٠١٧ی زایینی (٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی) بەڕێز دۆمینیک ماس کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر بە سەردانێک گەیشتە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی هاوڕێ مستەفا مەولودی سکرتێری گشتیی پێشوازیی لێکرا..

لەو دیدارە گەرم و دۆستانەیەدا کە لە سکرتاریای حیزبی دیموکرات بەڕێوە چوو، بەڕێز کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە هەڵوێستی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی گوتن بە سکرتێری گشتیی نوێی حیزب و جێگری سکرتێری گشتی و ئاڕەزووی سەرکەوتن لە کارەکانیاندا، سەبارەت بە کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلدا بە ناوی حکوومەت و گەلی فەڕانسەوە هاوپێوەندی و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ حیزبی دیموکرات و کەس و کاری قوربانییانی ئەو جینایەتە دووپات کردەوە و هەر چەشنە کردەوەیەکی تێرۆریستیی و تێرۆریزمی بەگشتی مەحکووم کرد.

ئینجا هاوڕێ مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی کۆنسولی گشتیی فەڕانسە، سوپاسی هاوپێوەندی و پەیامی دۆستانەی ناوبراو لە بەرامبەر حیزبی دیموکرات کرد و بە وەبیرهێنانەوەی ڕابردووی دوور و درێژی دۆستایەتیی نێوان حیزبی دیموکرات و گەلی فەڕانسە و ئەو پشتگیری و یارمەتییانە کە فەڕانسەییەکان بە حیزبی دیموکرات و بەگشتی گەلی کوردیان کردووە، پێداگریی لەسەر ئەو بەها و خاڵە هاوبەشانە لەبواری باوەڕمەند بوون بە دیموکراسی و قوربانی بوونی تێرۆریزم کرد کە هەردوولا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ئاڕەزووی خواست کە پێوەندیی دۆستایەتیی نێوان حیزبی دیموکرات و فەڕانسەییەکان لە جارانیش باشتر و بەردەوام بێ...

بەڕێوەچوونی ڤیدیۆ سیمینارێک بۆ باس لە سەر پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران

کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڤیدیۆ سیمینارێکی بۆ دوکتور حەسەن نایب هاشم، چالاکی مافی مرۆڤ نیشتەجێ لە ئۆتریش پێکهێنا.

لەو ویدیۆ سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٤ی ڕەشەمە بە بەشداریی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەسانی چالاک لە بواری مافی مرۆڤدا پێکهات، سەرەتا دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، لە وتەیەکی کورتدا باسێکی لە کەسایەتی و بواری تێکۆشانی دوکتور حەسەن نایبهاشم کرد و دواتر دوکتور حەسەن نایب هاشم قسەکانی بە باسێک لە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێران بەهۆی کۆماری ئیسلامی دەست پێکرد.

ئەو چالاکە دیارەی مافی مرۆڤ لە درێژەی باسەکەیدا باسی لە مکانیزمەکانی کار لە شوڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چارتەکانی ئەو ناوەندە کرد. چۆنیەتیی کار و پێوەندی لەگەڵ بەشی ڕاپۆرتنێرە تایبەتییەکان، کۆنڤانسیۆن و کۆبوونەوە و ڕاپۆرتدانەوەی بەشە جیاجیاکانی شوڕای مافی مرۆڤ چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی دوکتور حەسەن نایب هاشم بوو.

پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکان، مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئێران و چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی ئەو پرسە لە باس و کۆبوونەوە و بڕیارەکانی شوڕای مافی مرۆڤ و ناوەندە جیهانییەکانی دیکەی مافی مرۆڤ چەند باسێکی دیکە بوون کە دوکتور حەسەن نایب هاشم بە وردی قسەی لەسەر کردن.

بەشی کۆتایی ڤیدیۆ سیمینارەکە بۆ پرسیار و سەرنجی بەشداران تەرخان کرابوو کە دواتر کۆڕگێڕ وەڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە.

کۆبوونەوەیەکی سیاسی، تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری قەڵادزێ پێکهات

کۆبوونەوەیەکی سیاسی، تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ١٣ی ڕەشەمە، لە یەکێک لە هۆڵەکانی شاری قەڵادزێ کۆبوونەوەیەکی سیاسی، تەشکیلاتی بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن پێکهات.

دوای ساتێک بێدەنگی بە یادی شەهیدان، هاوڕێ حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب باسێکی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی کوردستان، ئێران، ناوچە و هەلوومەرجی کوردستان بە گشتی و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد. بەتایبەت قەیران و شێواوییەکانی ناوچە و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دوای هاتنەسەر کاری سەرۆککۆماری تازەی ئەمریکا لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستە بەرباس.بەڕێز قادرزادە لە درێژەی بابەتەکەیدا ئاماژەی بە نەخشە و پیلانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد کە ئەمجارە لەلایەن چەند پارلمانتار لە پارلمانی عێراقەوە ڕەنگی داوەتەوە کرد.

پرسی پێویستی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەو هەلومەرجەدا، یەکێک لە بابەتەکانی دیکە بوو کە بە گرینگییەوە باسی لێوەکرا.

مودیرییەتی بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سمایل شەرەفی

لە ماوەی لانیکەم یەک دەیەی ڕابردوودا قسەکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوەتە باس و خواسی کۆڕ و کۆبوونەوەکان، میدیاکان و تەنانەت ژووری فکری و بریاری هێزو لایەنە سیاسییەکانیش. ئەم بزاڤە نوێیە لە خەبات، تا ئێستا خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوەو تەنانەت هێندێک جاریش ئیدیعای ئەوە کراوە کە ئەم بزاڤە چەند قۆناغێکی لە بوون و تێکۆشانی خۆی تێپەڕاندووە. لە بەرانبەریشدا بۆچوون و خوێندنەوەوەی‌تر هەیە کە پێی وایە ناکرێ باس لە بوونی «بزاڤ»یک لە ژێرناوی «مەدەنی»دا بکرێ و لەو باوەڕدایە کە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، جارێ «کۆمەڵە جوولەیەکی بلاّو»ە کە تا گەیشتن بە «بزاقی مەدەنی» چەند قۆناغێکی ماوە.

لە هەر حاڵدا چ «بزاڤ» بێت یان «جموجۆڵ»، کە بێگومان لە ڕووی قۆناغبەندی و ڕەفتارناسی و نیشانەناسییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی بنەمایی و ساختارییان پێکەوە نیە، ماوەی چەند ساڵێکە ڕەوتێک لە تێکۆشانی مەدەنی لە نێو تویژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە کە، لە مەرحەلەی یەکەم دا حاشا لێکردنی، ناتوانێ بە قازانجی پرسە گەورە نەتەوەییەکە بێت.

خوێندنەوەو تێگەیشتن لە بەستێنەکانی ئەم جۆرە لە تێکۆشان، جموجۆڵ یان خەبات لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بێگومان دەکەوێتە سەر شانی چاودێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هێزە سیاسییەکان، لە گەڵ ئەوەیکە ئاسان نیە، بەڵام ئەرکێکی پێویستە. خوێندنەوەو ڕوانگەردێکی واقعگەرایانە لە فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان بە دوور لە هەر دەمارگرژییەکی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی، دەتوانێ بەشێک لە دژوارییەکانی ئەم ڕێگایەمان بۆ ئاسان بکاتەوە کە، لێرەدا مەبەستی ئەو وتارە باسکردن لە خوێندنەوەو «ئازایەتی لە دەربڕین» نیە کە، شەرتی بنەڕەتی هەر هەڵسەنگاندنێک و گەیشتن بە هەر دەرەنجامێکە. بەڵکوو لێرەدا قسە لە جۆری مودیرییەتکردنی ئەم «بزاڤ» یان «جووڵە مەدەنی» یە دەکەین. کە قسە لە مودیرییەتکردنی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، سەرەتا دەبێ بزانین کێ یان چ لایەنگەلێک بۆیان هەیە یان دەکرێ ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرن یان دەکەوێتە سەر شانیان؟! بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستە لە ڕووی ڕەفتارو ناوەرۆکەوە کە تایبەت بە زانستی ڕەفتارشناسی و نیشانەشناسییە، لە ماهییەت و شوناسی ئەو چالاکی و جووڵە و خۆڕێکخستنانە وردبینەوە کە لە چوارچێوەی پێناسەی مەدەنیدا جێ دەگرن و ئەمرۆژانە لە شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادان. هەموو نیشانەکان و ڕەفتارەکان لەم جموجۆڵ و بزاوتانەدا دەرخەری ئەو واقعیەتەن کە «پرسە گەورەکە»، کە هەمان بزووتنەوەی مافخوازانەی «میللی ـ دیموکراتیک»ی خەڵکی کوردستانە، سێبەری بە سەر جۆر و ناوەرۆک و شوناسی سەرجەم ئەم ڕەوتە مەدەنیانەدا کێشاوە. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین؛ جموجۆڵ و چالاکییە مەدەنییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیچ شێوەیەک ناکرێ لە پرسە گەورەکە بە ناورۆکی نەتەوەیی، مافخوازانە، نیشتمانپەروەری و بەرەنگاریەوە جیا بکرێتەوە. هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان (ژینگەپارێزی) کە لە دەروەستبوونی تاکی کورد بە نیشتمانپەروەریەوە سەرچاوە دەگرێ لە گەڵ هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی کە خەمخواردنە لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی تا دەگاتە هەوڵدان و کەمپەین سازکردن بۆ جێخستنی ڕۆحی لێبووردەیی لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا، کە هەمان ناوەرۆکی ئاشتیخوازبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانە، کۆمەڵە چالاکیی و ئەرکێکن کە بە هیچ شێوەیەک نامۆ و غەریب بە بزووتنەوە گشتییە نەتەوەییەکە نین.

ئەگەر هێزە سیاسییە نەتەوەییەکانی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تێکۆشانی سیاسی و بەرەنگاریەوە نزیک بە سێ چارەگە سەدەیە داکۆکی لە مان و مەوجوودیەتی نەتەوەیەکی مافخوازی سەرکوتکراو دەکەن، ئەوا ئەمڕۆژانە لە بەستێنێکی دیکەداو لە ناوخۆی وڵات، کۆڕان و کچانی ئەو میللەتە بە پێکهێنانی دەیان ئەنجوومەنی ژینگەپارێزی، فێرگەی زمانی کوردی، ئەمجوومەنی ئەدەبی و فەرهەنگی، وەرزشی و..... هەوڵی پاراستنی ژینگەو زمان و هۆوییەت و تەندروستیی نەتەوەیی ئەم خاک و خەڵکە دەدەن.

کەوابوو زۆر ڕوونە کە هەر دەبێ هێزە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر لە مودیرییەتکردنی بزاڤی مەدەنی لە ناوخۆی وڵات بکەنەوە. بەڵام پێش لەوەی باس لە چۆنیەتی ئەم مودیرییەتە بکەین، دەبێ ڕاشکاوانە و بە بێئەملاوئەولا بیرکردنەوە لە «بەحیزبیکردن»ی ئەم چالاکی و جووڵە و بزاوتە مەدەنیانە مەحکووم بکرێ. چونکە لە ئەگەری وەها حاڵەتێک دا، دەبێ وای دابنێین کە هەوڵی ماندن و لەنێوچوونیان دراوە. بۆیە ڕوونە کە مەبەست لە مودیرییەت لێرەدا «دەستێوەردان» و «ڕێکخستنی تەشکیلاتی» نیە. یان ئەگەر بکرێ بە زمانێکی زۆر سادەتر بڵێین؛ بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە «ڕێبەریکردن» نیە!!. بەو مانایە کە لە شوێنێکەوە خەت و نیشانی بۆ دیاری بکرێ و ئەویش ئەرکدار بە بەجێگەیاندنی بکرێ. ئەوە یەکێک لە مەترسییەکانی سەر بزاڤی مەدەنییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خودی سیستمی سیاسی ـ ئەمنیەتی ئێران هەوڵی بەجێگەیاندنی دەدات، بۆ ئەوەی وەک بیانوویەک کار لە سەر فشارو سەرکوتی زیاتری ئەم بەستێنە لە خەباتی خەڵکیش بکات.

جۆری مودیرییەتی ئەم خەباتە ئەوەندەی پێویستی بە دیسکۆرسی نزیک لە خۆی و «پشتوانی» هەیە، هەزار ئەوەندە، دەستێوەردان بە مەترسی بۆ سەر بەردەوامبوونی خۆی دەزانێ. دەربڕینی پشتیوانی و بەکارهێنانی گوتارو دیسکۆرسی مەدەنی بۆ قسەکردن لە سەر جموجۆڵ و چالاکیی چالاکان و تێکۆشەرانی ناوخۆ لەم بەستێنە مەدەنییەدا، دەتوانێ سەرکەوتووترین جۆری مودیرییەت بێت.

بە ئاوڕدانەوە لە خوێندنەوەو جۆری تێگەیشتنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چالاکیی تێکۆشەرانی مەدەنیی ناوخۆی وڵات، بە ئاشکرا دەبینین کە لەو پێوەندییەدا بەداخەوە خوێندنەوە و تێگەیشتنی هاوبەش بوونی نیە کە بێگومان ئەمە ناتوانێ بە قازانج بێت.

ئەوەندی پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەبێت، بە بێ دەمارگرژی و بە دوور لە هەر تەعەسووبێک، دەتوانین بڵێین جیا لەوەیکە یەکەم لایەن بوو کە بە گرینگییەوە سەرنجی خستە سەر جموجۆڵی چالاکانی ناوخۆی وڵات، بگرە مەسئولانە هەوڵیداوە سەرنجی خەڵکان و لایەنگەلێکی دیکەیش بۆ بزووتنەوەی مەدەنی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابکێشێ. هەر ئەو کاتانەی کە هێندێک کەس و لایەن پێوەبوون نامەسئولانە پرسیار لە سەر ئازایەتیی چالاکیی چالاکانی مەدەنی لە ناوخۆی وڵات دروست بکەن، حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە، پشتیوانی لە کارو چالاکیی ئەوان دەکات و ڕایگەیاند کە ئەوان دەتوانن لە چووکەترین دەرفەتەکانیش بە قازانجی هێنانە ئارای ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن.

هەرچەند لەم پێوەندییەدا زۆر کەس و لایەن ڕەخنەیان لە خوێندنەوەو تێگەیشتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان گرت، بەڵام لە کۆتاییدا دەرێژەدان بەم هەڵوێست و خوێندنەوانە توانی ببێتە پشتیوانیەکی بەهێز بۆ چالاکانی ناوخۆی وڵات و جورئەتی پێ بەخشین کە لەبەرانبەر هیچ تانەو تەشەرێکی نامەسئولانەدا کۆڵ نەدەن. بۆیە دەبینین بە خۆشیەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پانەوە زیاتر لە هەمیشە ڕێکخراوتر و چالاکانەتر لە ڕابردوو لە هەموو بوارەکانی تێکۆشاندا حزووری بەرچاوی هەیە.

ڕاستە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دەربڕینی پشتیوانی خۆی لە چالاکانی مەدەنی توانیویەتی لە ڕووی گوتارەوە بەشێک لە ئەرکەکانی خۆی بە جێ بگەیەنێت، بەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نیەو ناتوانێ مودیرییەتێکی تەواو بێت. بۆیە پێویستە ئەم «پشتیوان»یە گشتگیر بکرێت و حیزب وەک نەخشە ڕێگایەک بۆ جۆری ئەم مودیرییەتە بیری لێ بکاتەوە و لە سەرجەم بوارەکانی میدیایی، دیپلۆماسی و هاندانی خەڵک بۆ پشتیوانی و لەگەڵدابوون، بیخاتە دەستووری کاری خۆیەوە.

سەرەڕای هەموو ئامانە، مودیرییەتی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو کاتە دەتوانێ مانای واقعی خۆی پەیدا بکات کە، سەرجەم هێز و لایەن و کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشمانیەکان لە سەر بنەمای «پشتیوانی»، خوێندنەوەو تێگەیشتنی هاوبەشیان لەم بەستێنە لە خەبات هەبێ و، بە بەشێک لە پرسە گەورەکە (بزووتنەوەی میللی _ دیموکراتیک خەڵکی کوردستان)ی بزانن.

دەرێژەی

بەشداریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥مین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنالْ

پاشان سەرۆککۆماری کۆلۆمبیا، خووان مانۆئیل سەنتۆز وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتی و دیموکراسیی ٤٨ میلیۆن کەسەکەی کۆلۆمبیا کرد و بە گشتی پەرژایە سەر هەلومەرجی ئێستای کۆلومبیا و بەتایبەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانی وڵاتەکەی هێنایە بەرباس.

لە دەرێژەی کارەکانی کۆنگرەدا جۆرج پاپاندرۆف، سەرۆکی سۆسیالیست ئەنترناسیونال، وتەیەکی پێشکەش کردو، ئاواتی خواست کە ئاشتی و هێوری باڵ بە سەر هەموو جیهاندا بکێشێ و شەڕ و کوشتار کۆتایی‌یان پێ بێ.

بەشێکی دیکەی بەرنامەی کاری ڕۆژی یەکەمی ٢٥مین کۆنگرەی سۆسیال ئینتێرناسیۆنالْ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک و سکرتێر و جێگرەکانی ئەو ڕێکخراوەیە تەرخان کرا.

لەو بەشەیشدا پاپاندرۆف، وەک سەرۆک ولویس ئایالا وەک سکرتێر دەستنیشان کرانەوە و هاوکات بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی و چەند کەسی دیکە وەک سەرۆکی فەخری ڕێکخراوی جیهانی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست دیاری کرانەوە.

پێویست بە ئاماژە پێدانە کە لەم نێوەدا بەڕێز مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە «ئیس ئای»، نامیلکەیەکی لەپێوەندی لەگەڵ تەقینەوەکەی شەوی یەڵداو شەهیدبوونی کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی حیزب و کارمەندی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە بەردەم بنکەی سەرەکیی حیزب لە باشووری کوردستان و هەروەها چەندین پۆستری تایبەت بە بارودۆخی نالەباری کۆلبەڕانی کوردی پێشکەشی سەرۆک کۆماری کۆلۆمبیا، براوەی خەڵاتی ئاشتی نوبێل، جۆرج پاپاندرۆف، سەرۆکی سۆسیالیست ئەنترناسیونال، لویس ئەیالا، سکرتێری سۆسیالیست ئەنترناسیونال و جێگرەکانی «ئیس ئای» و، هەورەها بەشێکی بەرچاو لە بەشدارانی ئەو کۆنگرەیە کرد.

لە پەراوێزی کۆبوونەوەکاندا، هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە دۆخی کورد و کوردستان بە گشتی و ڕەوشی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی قسە و باسیان لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە بەشداران و نوێنەران کرد و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

پاش چوار ڕۆژ کاری بەردەوام و باس و ڕاوێژ و پێشکەش کردنی دەیان وتار و بابەتی گرینگ کە یەک لەوان وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو و...

ل ٤

چەند هەواڵی ڕۆژهەڵتی کوردستان

ڕاپۆرتی بەشێک لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە هۆی کۆماری ئیسلامی لە ٦ مانگی بەهارو هاوینی ١٣٩٥ی هەتاوی دا لە ماوەی شەش مانگی بەهارو هاوینی ئەمساڵدا(١٣٩٥ی هەتاوی) هەر نەبێ ٢٦٩ حاڵەتی زەبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆماری کردوون. لە شەش مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا لە کوردستان لانیکەم ٣٣ کۆڵبەر و کاسبکاری کوردیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و ١٦ کەسی بریندار بوون. لەو ماوەیەدا هێزە ئەمنیەتییەکان زیندانییەکیان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتوە و هەروەها هێزە ئینتیزامییەکان بە بیانووی کۆکردنەوەی ئانتێنی ماهواڕە ژنێکیان لە سەربانڕا بەرداوەتە خوارێ کە بەو هۆیە گیانی لە دەست داوە. لە ماوەی ئەوشەش مانگەدا ٢١زیندانیی کورد لە زیندانەکانی ئێران دا لە سێدارە دراون، کە لە نێویاندا محەممەد عبداللاهی، زیندانیی سیاسی بووە و بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دار دراوە. تەقینەوەی مینی چیندراو لە لایەن کۆماری ئیسلامی لە وەرزی بەهار و هاوینی ئەمساڵیشدا ١٣ قوربانیی لێکەوتەوە و هەر نەبێ ٤ کەس بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوەو ٩ کەسیش بریندار بوون. دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیش لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا ئەوەندەی زاندراوە، لانیکەم ١٧٤ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان قۆڵبەست کردووە. ژمارەیەک لەو گیراوانە تا کاتی دادگایی کردنیان بە بارمتەی قورس ئازاد کراون و لانیکەم ٥٣ کەس لەوانە دوای بە ناو دادگایی کردنیان سزای ٣ مانگتا ٢٥ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە و سەرجەم ئەو ٥٣ کەسە بە ٤٢٣٢ مانگ زیندان مەحکووم کراون.

چەند کەس لە شارە جیاجیاکانی کوردستان دەسبەسەر کران

لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا لە شارەکانی سەقز، دیواندەرە، ورمێ، مەهاباد و میاندواو لانیکەم٦ کەس کە ٥ کەسیان کوردن دەسبەسەرکراون و لەلایەن هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ شوێنی ناڕوون گواستراونەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە کوردستان، کۆتایی مانگی ڕێبەندان، هاوولاتییەکی تەمەن ٤٥ ساڵ بە ناوی ئەمجەد شەریفی، خەڵکی ئاوایی ڕەشیدئاوای سەربە شاری دیواندەرە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعات بە بیانووی پڕوپاگەندە لە بەرژەوەندیی حیزبە کوردییەکانی بەرهەڵسکاری کۆماری ئیسلامی دەسبەسەرکراوە.

لە شاری ورمێ کەسێک بە ناوی ڕەزا سەلیمی بە تۆمەتی هاوکاریکردنی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شوێنێکی ناڕوون گواستراوەتەوە.

هەروەها لە شاری مەهاباد دوو کەس بە ناوەکانی مێهران حوسێن خانی تەمەن ٢٨ ساڵ کوڕی خوسرەو و شاهین سەمەدی تەمەن ٣١ ساڵ کوڕی ئەنوەر ، لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی لەو شارە دەسبەسەرکراون.

هەر لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا فەرهاد مەلەکی لە سەقز بە تۆمەتی لایەنگریی لە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەرکراوە و سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەکەی هیچ زانیارییەک سەبارەت بە هۆکاری دەسبەسەرکران و شوێنی ڕاگرتنەکەی نەزانراوە.

هەروەها مامۆستا و چالاکی سیاسی بە ناوی محەممەدحەسەن داوودی بەهۆکاری ناڕوون لەلایەن پۆلیس دەسبەسەرکراوە و تەحویلی هێزەکانی ئیتلاعات لە شاری میاندواو دراوە ناوبراو پێشتر لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لەسەر شارەکانی میاندواو، تیکاب و ساییەن قەڵا لەلایەن شووڕای نیگابانەوە ڕەدی سەلاحییەت کرابوو.

خۆپێشاندانی خەڵکی مەریوان سەبارەت بە کەمتەرخەمیی بەرپرسانی نەخۆشخانەی بووعەلی

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی گیانلەدەستدانی ژنێکی دووگیان لە نەخۆشخانەی بووعەلی لە شاری مەریوان، کاربەدەستان و پزیشکی بەشی زاینگەی ئەو نەخۆشخانەیە بە کەمتەرخەمی کردن لەو بارەوە تاوانبارن، خەڵکی مەریوان خۆپێشاندانیان وەرێخست.

سوهەیلا مەولوودی٣١ ساڵە خەڵکی سەولاوای مەریوان کە ڕۆژی شەممە ریکەوتی ٧ی ڕەشەمە بە هۆی پێرانەگەیشتن بە هۆی خوێن لەبەرچوونی زۆر گیانی لە دەست داوە. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بەشێک لە کادری پزیشکی ئەو نەخۆشخانەیە تاوانبارن.

بە پێی زانیارییەکان بڵاو بوونەوەی ئەوە هەواڵە و دەنگدانەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بوو بە هۆی هەڵوێست گرتنی نوێنەری شاری مەریوان و شکایەت کردنی لە پزیشکی تاوانبار.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری «کوردستان وکورد» پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی مەریوان وسەولاوا ، لە بەردەم نەخۆشخانەی "بووعەلی سینا"ی ئەو شارە خۆپێشاندانیان کردو نارەزایەتی خۆیانیان لەو بارەوە دەربڕی.

خەڵکی ناڕازی خوازیاری ئەوە بوون کە دەبێ لە زووترین کات لێپێچینەوە لە بەرپرسانی تاوانبار بکرێ.

ئیشارە بە چەند ناتەبایی لە قانوونی ئەساسیی ئێراندا

عومەر باڵەکی

قانون ئەساسیی کۆماری ئیسلامی کە پایەوئەساسی نیزامیی سیاسی ئیستای ئێرانە کە لەسەر جهانبینی حکوومەتی ئیسلامی (ئیسلامی شیعەی باوردار بە ولایەتی فەقیهی ڕەها) دارێژراوە،کە هەر ئەوە وایکردووەببێتە سەر چاوەی گرفت وکێشەکان وقەیرانە دەرەکی ونێوخۆییەکان. لە هەمان کاتدا بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین پێشێل کردنی مافی مرۆڤ سەرچاوە گرتوو لە یاسای بنەڕەتی ئێرانە، چونکە قانوونی ئەساسی پێوەندی دەسەڵاتی سیاسی واتە حکوومەت لە گەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە دیاری دەکا .قانوون‌دانەری ئێرانی لە دارشتنی ئەسڵ وبڕگەکانی قانوونی ئەساسی‌دا قانوونە عورفییەکان کە سەرچاوەگرتوولە ویست ونیازی کۆمەڵگان وپایە وئەساسی دیموکراسین تێکەڵ بە کۆمەڵیک ئەسڵ وبڕگەی دینی ومەزهەبی کردوە کە لەگەڵ سەردەمی ئیستا ناگونجێنوڕێگرن لە بەردەمی ویست وداخوازی خەڵک .دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ئەوئەسڵانەی قانوونی ئەساسی‌یەوە ماوەی ٣٨ساڵە بە سەر گەلانی ئێراندا حوکمڕانی دەکەن. بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەوبابەتە سەرنج دەخەینە سەر هێندێک لە ئەسڵەکانی قانوونی ئەساسی ئێران کە پێکەوە لە دژایەتی دان. قانوون‌دانەر بۆ ئەوەی لە دنیای سەردەم دانەبڕێ وبە کۆر وکۆمەڵە جیهانی‌یەکان بڵێ کە پێوانەکانی دیموکرات بوونی لە سیستمی سیاسی وبەڕێوەبەری وڵاتدا ڕەچاوکردوە ئەو ئەسڵانەی کە باسی مافی مرۆڤ وئازادی‌یە تاکەکەس‌یەکان دەکا هێناویەتی وهەتا ڕادەیەک لە قانوونی ئەساسی‌دا گونجاندوویەتی، بەڵام لە پاڵ ئەوەدا قەید وبەربەستی بۆ داناوە وەک ئەوە کە نابێ دژایەتی هەبێ لە گەڵ ڕێ‌وشوێنی ئیسلام ویا مەزهەبی ڕەسمی وڵات. بۆ وێنە: ئەسڵی چوارلە قانوونی ئەساسی‌دا بە ڕوونی لە سەر ئەو بابەتە پێداگری دەکا و دەڵێ :»تەواوی قانوونەکان وڕێ‌وشوێنی مەدەنی ،سزایی ،مااڵی ،ئابووری ،فەرهەنگی ،نیزامی،سیاسی وهتد، دەبێ لە سەر ئەساسی ڕێ‌وشوێنی ئیسلامی بێت. ئەوئەسڵە بەسەر هەموو ئوسوولەکانی قانوونیی ئەساسی ویاسا وڕێساکانی دیکەدا حاکمە ودیاری کردن وهەڵسەنگاندنی ئەوبابەتە لە ئەستۆی شووڕای نیگەهبانە.»

لەو ئەسڵە دا بۆمان دەردەکەوێ کە قانوونی ئەساسی کۆماریی ئیسلامی وا دانەڕێژراوە کە پێوەندی نێوان خەڵک ودەسەڵات دیاری بکا. بەڵکوو لە سەر ئەو ئەساسە دامەزراوە کە خەڵک تەنیا ئەرکیان هەیە ودەبێ ئەرکەکانی خۆیان وا جێ بەجێ بکەن کە زیان بە دین وباوەڕەکانیان نەگەیەنێ کە ئەویش خزمەت کردنە بە کۆماری ئیسلامی ولە ڕاستی داخاوەنی هیچ مافێک نین چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، هەر مافێک لە سەردەمی ئیستادا دەبێتە دژایەتی کردن لە گەڵ دین ومەزهەبی ڕەسمی ئێران .

لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ئامانجی مرۆڤ عیبادەتی خودایەولەسەر مرۆڤی دیندار واجبە کاری بە کاری دنیای فانی نەبێ وگوێڕایەڵی ڕێبەرودەسەڵاتداران بێ.عیبادەتی کامڵ وتەواو پێویستی بە ئوممەتێکی ڕێکخراوی باوەردارهەیە وئوممەتی ئاوا نیازمەندی حکوومەتە ویەکەم ئامانجی حکوومەت لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا وەدەست هێنان ودابین کردنی ئیمکاناتی عیبادەتە کە بتوانێ ئەو ئوممەتە ڕێکخراوە بە دوای نیازەکانی خۆی‌دا ڕابکێشی وکەڵکی خۆیانی لێ وەربگرێ .واتە عیبادەت یانی هەمان گوێڕایەڵی وسەربەردانەوە وگوێ ڕاگرتن لە گوفتاری دەسەڵاتداران کە بە ناوی دینەوە حکوومەت دەکەن.

ئەگەر لە قانوونی ئەساسیی ئێران باشتروردبینەوە ئەو جیاوازی‌یەمانچاکترب‌ۆ دەردەکەوێ. ئەسڵی(٥) لە قانوونی ئەساسی‌دا باس لە ڕێبەریی لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا دەکا ودەڵێ :»لە سەردەمی غەیبەتی ئیمام زمان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا حوکمڕانی وڕێبەری ئوممەت دەکەوێتە ئەستۆی «فقیه»یکی دادپەروەر.....کەبەپێی ئەسڵی(١٠٧) بەرپرسیاریەتی وەردەگرێ» بەاڵم هەر بە دوای ئەو ئەسڵەدا لەئەسڵی (٦)داباس لە ئیدارەی وڵات دەکا بە پشت بەستن بەدەنگی خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردن. لەئەسڵی ٦دا هاتووە:» لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وڵات دەبێ بە پشت بەستن بە دەنگی گشتی لە ڕێگای هەڵبژاردن ئیدارە بکرێ ....». لەو ئەسڵە دا دەبینین کە قانوون‌دانەرویستوویەتی ڕەهابوونی ئەسڵی(٥) هەتا ڕادەیەک لە بەر چاوان ون بکاو بڵێ کە خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردن وسندووقی دەنگدانەوە چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن ولەڕێگای نوێنەرانیانەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدابەشدارن ودەبێنین هەر لە سەرەتای قانوونی ئەساسیی ئیراندا دووئەسڵ کە باس لە شێوە بەڕێوەبردنی وڵات لە لایەن کەسێک یا دامەزراوەیەک دەکا چەندە لە گەڵ یەکتر لە ناتەبایی دان .

ئەسڵی (٥) باس لەوە دەکا کە لە غەیبەتی ئیمام زەماندا کەسێک دەبێ بە نوێنەرایەتی ئەو، ڕێبەریی ئوممەتی ئیسلام بکا و ئەوە ماناکەی ئەوەیە ئەوکەسە کە ئەومەسئولییەتەی پێ دەسپێردرێ نوێنەرو جێنشینی ئیمام زەمانە وهەر گوفتار وکردارێکی بە مانای قانوونە ولەسەر خەڵک واجبە بێ ئەملاولا جێبەجێیان بکا.قبوولّی شەریعەت بە عینوانی چوارچێوەی دەزگای قەزایی وئیجرایی حکوومەت بەمانای ئەوەیە کەناتوانرێ لەو چوارچێوە کە شەریعەت دیاری کردوە لابدرێ ،بە واتایەکی دیکە سزای شەرعی کردارێکی مەزهەبی‌یە وحکوومەت ناتوانێ لەو سزایە کەم وزیاد بکا. ئەوە لە لایەک ولە لایەکی دیکەوە شێوەی دیاریکردنی ئەوکەسەش واتە ڕێبەر ئەوەندەی دیکە ڕەهایی لە دەسەڵاتی پێ دەبەخشێ ولەسەرەوەی قانوونی جێگیر دەکا.بەپێی ئەسڵی (١٠٧) لە قانوونی ئەساسی‌دا ڕێبەر دەبێ لە لایەن مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری دیاری بکرێ .مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەریش بە پێی قانوون پێوێستە بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردرێن .لێرەدا ناچینە سەر ئەوبابەتە کە دەبێ ئەوکەسانە چ تایبەتمەندی‌یەکیان هەبێ بەڵکو دەچینە سەر شێوەی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا. بەپێی ئەسڵی (٩٩)لە قانوونی ئەساسیی ئێران، چاوەدێری «استصوابی»بە سەر هەڵبژاردنەکان‌دا لە ئەستۆی شووڕای نیگەهبانە و بەپێی «تبصرە»ی ٣ لە قانوونی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان هەڵسەنگاندن وتەئیدی بەربژێرەکان لە ئەستۆی شووڕای نیگەهبانە ولە ئەسڵی (٩١) لەقانوونی ئەساسی‌دا هاتووە کە دیاریکردنی «فقهای» شووڕای نیگەهبان لە لایەن ڕێبەرییەوە دەکرێ ولە ڕاستی‌دا لە و یاریە بە قانوونی کراوەدا، ڕێبەر لە لایەن کەسانێکەوە هەڵدەبژێردرێن کە خۆیان هەڵبژێردراوی ڕێبەرن .

لە لایکی دیکەوە ئەسڵی (٦) لە قانوونی ئەساسی باس لە دەنگی گشتی خەڵک دەکا ودەڵێ بۆ ئیدارەی وڵات دەبێ پشت بە دەنگی گشتی خەڵک ببەسترێ کە دەبینین ئەوە بە تەواوی لەگەڵ ئەسڵی (٥) لە ناتەبایی دایە چونکە هەر وەک باسمان کرد کەسێک بە عینوانی ڕێبەر لە کۆماری ئیسلامیدا ئیدارەی وڵات وئوممەتی ئیسلامیی لە ئەستۆیە وهیچ مەجالێکی بۆ دەنگی خەڵک وبەشداری لە دەسەڵات وبەڕێوە بەری وڵات دانەهێشتوەتەوە .

یەکێکی دیکە لە ناتەبایی‌یەکانی قانوونی ئەساسی چاوەدێری شووڕای نیگەهبان وهەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ کە ئایا لە گەڵڕێ‌وشوینی ئیسلام ومەزهەبی ڕەسمی وڵات دژایەتی نییە ؟ ولە ئەسڵی (٩٣) لە قانوونی ئەساسی‌دا هاتووە کە، مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بێ‌بوونی شووڕای نیگەهبان ئیعتباری قانوونی نییە. لەو ئەسڵانەدائەوەی بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە، لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا خەڵکودەنگی خەڵک هیچ ئیعتبار وبایەخێکی نییە وتەنیا باس کردنی لە ئەسڵی (٦) دا شتێکی ڕواڵەتی یە و بۆ جوان کردنی ڕوخساری قانوونی ئەساسیی ئێرانە ،چونکە هەر وەک باس‌کرا دەزگای قانوون‌دانان کە بە ڕواڵەت لە لایەن خەڵکەوە ئەندامەکانی هەڵبژێردراون لە ڕێگای شووڕای نیگەهبانەوە کە هەڵبژێردراوی خەڵک نییە بە تەواوی لە ژێر چاوەدێری وکونترۆڵ دایە . لە پێوەندی دەزگای بەڕێوەبەریش (دوڵەت)دا هەر بەو شێوەیە، چونکە بەربژێرەکانی سەرکۆماری دەبێ لە فیلتێری شووڕای نیگەهبان تێپەر بن ،ئەوکات خەڵک ئیزنیان هەیە بۆ هەڵبژاردن بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان وکاتێکیش کەسێک بۆ پۆستی سەرکۆماری دوای تێپەربوونی هەموو ئەو لەمپەرانە بوو بە سەرکۆمار،لە گەڵ دەسەڵاتەکانی ڕێبەر بەرەوڕوو دەبێ، بە تایبەت ئەوە کە ڕێبەر بە پێی ئەسڵی(١١٠) ئیختیاری هەیە سەرکۆمار لە دەسەڵات لادا ودایبنێ وئیستیعفای لێ قەبوڵ بکا .لەحاڵێکدا سەرکۆمار بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراوە دەبوایە لە بەرامبەر مەجلیس‌دا کە ئەویش بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون بەرپرسیار بێ نەک لە بەرابەر کەسێک دا کە خەڵک بچووکترین کاریگەری‌یان نییە لە دیاری کردنی‌دا .

لە ئاکام دا بۆمان دەردەکەوێ ساختاری کۆماری ئیسلامی بە پێی قانوونی ئەساسی وا دارێژراوە کە خۆی سەرچاوەی هەموو کێشەکان بێ. چونکە لە ئەساس‌دا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان ناتوانن بیر وباوەروقانوونەکانیان لەگەڵ نیازو پێداویستی خەڵک وسەردەمی ئیستا بگونجێنن. ئەوان هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگای دین ومەزهەبەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆیان هەوڵیان داوە کۆمەڵگایەکی داخراوو گوێڕایەڵ لە خەڵکی ئێران بە دوور لە ویست وداخوازی سەردەم دروست بکەن .

چەند هەواڵی ئێران

ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور ڕەخنەی لە سەرکوتی ڕاگەیاندن لە ئێران گرت

ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێ‌سنوور بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕاپۆرتێکدا بە تووندی ڕەخنەی لە ٣٨ ساڵ سەرکوتی ڕاگەیاندن گرت لەو وڵاتەدا.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی درموکراسی و مافی مرۆڤ، لە ڕاپۆرتی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییەدا هاتووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٢٩ ڕۆژنامەوان و هەواڵنێری وڵاتەکەی لە زیندانەکانی خۆیدا ڕاگرتووە و ، ئەو وڵاتە یەکێک لە ٥ زیندانی گەورەی جیهان لەبواری ڕاگەیاندن دایە و، لە ماوەی ٣٨ ساڵی ڕابردووی ئەو ڕێژیمەدا بە شێوازی جۆراوجۆر سەرکوتی ڕۆژنامەوانانی کراوە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش "ئیعدامە ڕەسمییەکان" لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش و لەسەر ڕێ لابردنی ڕووناکبیران و ڕۆژنامەوانان بە ڕفاندن و ئیعدامکردن لەسەر شەقامەکان لە دەیەی ٧٠ خەڵکی چاوترسێن کرد.

پاشان لە دەیەی ٨٠ بەشێک لە ڕاگەیاندکارانی وڵاتەکەی لە زیندانی ئێراندا بە ئازار و ئەشکەنجە کوشت.

بەپێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پلەبەندیی جیهانیی لە بواری ڕاگەیاندن‌دا لە نێو ١٨٠ وڵاتی جیهاندا لە پلەی ١٦٩ دایە

تۆڕێکی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەحرەین ئاشکرابوو

کاربەدەستانی وڵاتی بەحرەین تۆڕێکی دیکەی تیرۆریستیی ٤٥ کەسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لە وڵاتەکەی خۆیان ئاشکرا کرد.

کاربەدەستانی ئەمنیەتیی وڵاتی بەحرەین ڕایانگەیاند کە لە عەمەلیاتێکدا تۆڕێکی تیرۆریستیی ٤٥ کەسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو وڵاتە ئاشکرا کران و ٢٥ کەسیان لە جێدا گرت. بەپێی دانپێدانانەکانی ئەو گرووپە، ١٧ کەسی دیکەش کە شەشیان هێرشی تیرۆریستییان ئەنجام داوە بە هاوئاهەنگیی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەاڵەی تیرۆر و کوشتنی هێزە ئەمنیەتییەکانی بەحرەینیان دارشتووە .

کاربەدەستانی ئەمنەیتیی بەحرەین ڕایانگەیاند کە لەو عەمەلیاتەدا دەستیان بەسەربڕێک چەکوچۆڵ، مادەی تەقینەوە و تەقەمەنی ئەندامانی ئەو گرووپە تیرۆریستییەدا گرتووە.

سەرکردەیەکی سپا: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مەترسی دایە

موحسێن ڕەزایی، گەورە سەرکردەی سپای پاسدارانی ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دانی بەوەدانا کە گەندەڵی و ناکارامەیی وەک بۆمبێک لە ئێران لە حاڵی تەقینەوە دایە و ئەگەر بەخێرایی هەنگاوی بۆ هەڵنەهێننەوە لەوانەیە کۆماری ئیسلامیی لەبەر یەک هەڵوەشێنێ.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕادیۆ فەرانسە، سکرتێری گشتیی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم لە حاڵێکدا ئەو قسانەی لە شاری "لنجان" دەکرد کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٤ وڵاتی سەرەکیی ڕۆژهەاڵتی نێوەڕاستدا لە حاڵی شەردان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وریاکردەوە کە دەبێ ئاوڕێکیش لە نێوخۆی ئێران بدینەوە و لە دەرەوەی ئێران سەرکەوتوو بووین.

ناوبراو پشتڕاستی کردەوە "کە ڕوو بە دەرەوە زۆر بەهێزین بەاڵم لە نێو خۆماندا خەریکە بڕووخێین."

ڕەزایی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی، لە سەردەمی سەفەوییەکانیشدا زۆر بەهێز بووین بەاڵم لە نێوخۆماندا تێکشکاین. ئێستاش گەندەڵی و ناکارامەیی و الدان لە نێوخۆی وڵاتدا وەک بۆمبێک لە حاڵی تەقینەوە دایە و دەبێ بەرەنگاری بینەوە و بەخێرایی ئەو بۆمبە پووچەڵ بکەینەوە.

هەروەها ناوبراو ئاماژە بە گیروگرفتەکانی کۆمەاڵیەتی کرد و گوتی وشکبوونی گۆل و دەریاکان و هەروەها ژینگەپاریزیی بە تایبەت لە خوزستان هەموو بۆ ناکارامەیی وڵات دەگەڕێتەوە و گەندەڵیشی بۆ مەترسیی دووهەم زانی و گوتی خەریکە نێوخۆی ئێران بەتاڵ دەکاتەوە و قەیرانی گەورەی لێدەکەوێتەوە

درێژەی

بەشداریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥مین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆنااڵ

لە لایەن بەڕێز خالید عەزیزی‌یەوە لە دووهەمین ڕۆژی کاری کۆنگرەدا پێشکەش کرا، کۆنگرەی گەورەترین ڕێکخراوی غەیرە حکوومی جیهان، ڕێکخراوی سۆسیال ئینتێرناسیۆنااڵ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

هەیئەتی نێردراوی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی بەشی ڕۆژهەاڵت، لە وتار و دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان دا هەوڵیان‌دا کە ئاگاداریی زیاتر سەبارەت بە زەبر و زەنگی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەت مافی تاکی کورد لە کوردستانی بەشی ئێران و هاوکات دەستدرێژی و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دەوروبەر و پشتیوانی بەردەوامی لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی بۆ باشی ڕوون بکەنەوە.

هەر لەم پێوەندی‌یەدا بەڕێز خالید عەزیزی ئندامی ڕێبەری و سەرۆکی هەیئەتی حیزب لەوکۆنگرەیەدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کانااڵی تەلەفزیۆنی تایبەتی کۆنگرەدا ڕێکخست کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە چەندین تۆڕی کۆمەاڵیەتی وەک فەیسبووک وتویتەر و کانااڵی تایبەتی ساتەلایت بۆ هەموو جیهان بااڵو دەکرایەوە.

خالیدعەزیزی لەو چاوپێکەوتنەشدا بۆجارێکی دیکە هەوڵی‌دا سەرنجی خەڵکی جیهان و بینەرانی ئەو کانااڵ بۆ الی دۆزی ڕەوای کورد و پێشێلکارییەکانی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد و هەموو گەالنی ناوچەکە ڕابکێشێ.

هەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانەش بووە هۆی ئەوەی کە خاڵێک بۆ مەحکووم کردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە بڕیارنامەی کۆتایی کۆنگرە دا جێگیر بکرێ.

لە ڕاگەیەندراوی کۆتاییدا سەبارەت بە ئێران هاتووە:

سۆسیالیست ئەنترناسیۆنااڵ نیگەرانی خۆی سەبارەت بە خراپی بارودۆخی مافی مرۆڤ و مافە دیموکراتیکەکان لە ئێران دەربڕی و هاوکات هەر چەشنە دووچاوەکی و هەاڵواردنێک دژ بە کورد مەحکووم دەکا و پشتیوانی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ئێران ڕادەگەیەنێ.

الیەنە کوردییەکانی بەشدار لە ٢٥مین کۆنگرەی ئەنتر ناسیونال سۆسیالیست بریتی بوون لە:

حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان
پارتی یەکیەتی دیموکراتیک(پەیەدە)
پارتی ئازادی کوردستان ـ سووریە

تێبینی:
دەقی وتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کاک خالید عەزیزی‌یەوە لە کۆنگرەی سۆسیالیستەکان‌دا پێشکەش کرا لەم ژمارەی «کوردستان» دا بااڵو کراوەتەوە.

پەرەسەندنی قەیرانەکان و داهاتووی کۆماری ئیسلامی

ڕەزا محەممەدئەمینی

کەمتر لەسێ مانگی دیکە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و شووراکانی شار و گوندەکان وەها هەڵبژاردنی دەورەی دووهەمی مەجلیسی ئیستا لەو شارانەی بەهەرهۆیەک نوێنەرەکانیان لە مەجلیسدا نین دەسپێدەکات. ئەو هەڵبژاردنانە گۆڕەپانی ململانێی دوو باڵی سەرەکی ڕێژیمن و هەر یەکە و گرینگی تایبەتیان هەیە بۆ هەردوو لایەنی دەسەڵات. هەر بۆیەشە هەردوو لایەن، بەتایبەت باڵی میانەڕەو و ڕیفۆرمیستەکان زۆر بە هەستیاریەوە باسیدەکەن. پرسی سەرەکی کە هەر لە ئیستاوە لەقسەکانی ڕووحانی و باڵی دەوڵەت و ڕیفۆرمیستەکان وڕووژێدراوە، بریتییلەئەگەری دەستێوەردانی سپای پاسداران و ناوەندەبەهێزەکانی سەر بەخامنەیی وباڵی زاڵ بەسەر دەسەڵات لەهەڵژاردنەکانداو ودووبارەبوونەوەی سێناریۆکەی ساڵی ٨٨ و بەلارێدابردن و موهەندیسی کردنی

> "ئەوان ئێستا خامنەیی وەک ڕێخۆشکەرێک بۆ دژبەرەکانیان سەیر دەکەن و دەزانن هەر حوکم و فەرمان وبریارێک کە ناوبراو دەیدا، بەقازانجی خۆی و باڵی زاڵ بەسەر جوومگەکانی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە"

هەڵبژاردنەکان.

هەرچەند خامنەیی لەسەرەتای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە هەڵوێستەکانی ڕوون و ئاشکرا بوون و لە دوای بوونی بە ڕێبەری ڕێژیمیش هەمیشە لە هەڵوێستەکانیدا بەلای باڵێکی نێو دەسەڵاتدا شکاوەتەوە و لە دەسەڵاتی ڕەها و سەرەوەری یاسای خۆی وەک «حووکمی حکوومەتی» بە دژی چاکسازیخوازانی حکوومەتی کەڵکی وەرگرتووە. بەو حاڵەش ئەگەر گومانێک لە بێلایەنی خامنەیی لە نێوان کێشەی باڵەکانی ڕێژیمدا هەتا ئێستاش مابووبێ، ئەوە ئیتر لە دوای هەڵوێستی دژبەرانەی ناوبراو بۆ ئاشتەوایی باڵەکانی ڕێژیم، ئەو گومانە نەماوە و هەموو لایەک، بە ڕووحانی و خاتەمی و موتەهەری وهەموو ڕیفۆرمخوازەکانەوە باش دەزانن، خامنەیی ئێستا ئیدی لەڕاستیدا ڕێبەری هەموو نیزام نییە، بەڵکوو ڕێبەری باڵی بەهێزو بەدەسەڵاتی نیزامە کە هەموو هێز و دەسەڵاتە نیزامی و دادوەری و ئابووریی و ئیداریی و ... لە پاوانی خۆی و مافیای سپای پاسدارانداو، گرتووە. هەربۆیەشە دەبینین ڕووحانی و کەسایەتیە ناسراوەکانی ڕیفۆرمیستەکان، مەترسی دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکانیان ڕێنیشتووە و دووپاتی دەکەنەوە کە نابێ ئۆرگانە نیزامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا کاریگەریان هەبێ.

لەوبەینەدا چاوپێکەوتنی عەلی موتەهەری و ٥٠ نوێنەری مەجلیس لەگەڵ خاتەمی پاش ٨ ساڵان و قسەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی مەجلیس، نیشان دەدا ئەوان(ڕیفۆرمیستەکان) ئامادە نین لەوە زیاتر پێشێل کردنی یاسا، تەنانەت لە خامنەییش قەبوڵ بکەن. ئەوان ئێستا خامنەیی وەک ڕێخۆشکەرێک بۆ دژبەرەکانیان سەیر دەکەن و دەزانن هەر حوکم و فەرمان وبریارێک کە ناوبراو دەیدا، بەقازانجی خۆی و باڵی زاڵ بەسەر جوومگەکانی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە.

دیداری موتەهەری و بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیس لەگەڵ خاتەمی، لەکاتێکدا کە ناوبراو چەند ساڵە پەراوێز خراوە و تەنانەت نیو بردن و بڵاوبوونەوەی وێنەکانیشی سزای بەدواوەیە و ئیزنی چوونەدەرەوەی وڵاتیشی پێنادرێ، لەلایەک ڕق و تووڕەیی باڵی پاوانخوازی لێکەوتەوە و موتەهەری کەوتەبەر هێرش و ناسەزا و لەلایەکی دیکەش ئەو پەیامەی بەگوێی خامنەیی ڕاگەیاند کە ئەگەر مەجلیس لە ڕابردوودا ئەرکەکانی خۆی باش بەڕێوە نەبردووە!، ئیستا دۆخەکە گۆڕاوە و کەس لە سەرووی یاساوە نییە. ئەوان پێیانوایە ئەگەر پێشێل کردنەکە لەلایەن بەرزترین کاربەدەستەکانیشەوە بێ. جگەلەوەش باڵی چاکسازیخوازان لەو چاوپێکەوتنەدا مەبەستیان بوو بەکردەوە پەراوێز خستنی خاتەمی لەلایەن خامنەییەوە پاش هشت ساڵان پێشێل بکەن و ئەوە بڵێن کە خاتەمی مۆرەیەکی سووتاو نییە و لە پێگەی ناوبراو لە نێو خەڵک و بەدەنەی ڕێژیمدا بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کەڵک وەربگرن و هەروەها بەشێوەیەکی نەزۆر دەرێژخایەن و لە پرۆسەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، خاتەمی بۆ پڕ کردنەوەی شوێنی ڕەفسەنجانی کە لەو ساڵانەی کۆتایی ژیانیدا وەک باوکی مەعنەویی میانەڕەو و ڕیفۆرمیستەکان ناسرابوو، بناسێنن.

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێین کۆماری ئیسلامی، پاش تێپەڕینی ٣٨ ساڵ لە دەسەڵاتە دژیگەلییەکەی، ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک جێگە و پێگەی لەرزۆکە و ڕێبەران و دەمڕاستەکانی زیاتر لە پێشوو هەست بە مەترسیی تێکچوون و نەمانی دەسەڵاتەکەیان دەکەن. بێگومان باڵی ڕیفۆرمیستەکان زیاتر ئەو مەترسییەیان هەست پێکردوە و دەزانن بەردەوام بوون لەڕێڕەوی خامنەیی و پشتگوێخستنی قەیرانەکان لە هەموو بوارەکاندا، گەورەترین هەڕەشەن بۆ مان و مەوجوودیەتی کۆماری ئیسلامی و هەرچەشنە ڕاپەڕین و تەقینەوەیەکی جەماوەری، هەرهەموویان، بەهەموو باڵ و بۆچوونێکەوە ڕادەمالێ.

هەربۆیەشە هەرکام لە کاربەدەستانی ئێستا و پێشووی ئەو ڕێژیمە بە شێوە و ئەدەبیات و زمانی تایبەت بە ڕەوتەکەیان ئەو ترسەی خۆیان دەردەبڕن. تەنانەت مۆرەکانی سەربە باڵی زاڵ بەسەردەسەڵاتیش نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە و نەیانشاردوەتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆدا خەریکە وەک گەندەڵەداریک هەڵوەڵ دەبێ و هەرەس دێنێ. هەرلەوپێوەندییەدا موحسینی ڕەزایی، ئەندامی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە تازەترین لێدوانیدا کە بە ڕوونی ترس و دڵەڕاوکێی پێوەدیارە، کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی سەفەوی و قاجارەکان وەک یەک دەشوبهێنێ و دەڵێ «ڕەنگە دەسەڵاتێک لە دەرەوە بەهێز دیار بێ، بەڵام لە نێوخۆ لەحاڵی داڕزان و داڕمان‌دا بێ». تەنیا ئەو کۆنەپاسدارە نییە کە نیگەرانی خۆی لە داهاتووی ڕێژیم دەربڕیوە، بەڵکوو لەو ماوەیەدا زۆر لە کەسایەتییەکانی بێلایەن، یان نیزیک لە هەردوو باڵی ڕێژیم، هەریەکە و بەشێوەیەک مەترسی خۆیان لەو دۆخە دەربڕیوە و بەراشکاوی گوتوویانە ئەو وەزعە بەو شێوەیە زۆر ناخایێنێ و ڕێژیمە لە نێوخۆ و دەرەوەیە. بە واتایەکی دیکە دوو ڕواینین و بۆچوونی جیاواز و دژبەر بۆ مەبەستێک کە لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن لەسەری کۆکن؛ ئەویش پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

> "ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێین کۆماری ئیسلامی، پاش تێپەڕینی ٣٨ ساڵ لە دەسەڵاتە دژیگەلییەکەی، ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک جێگە و پێگەی لەرزۆکە و ڕێبەران و دەمڕاستەکانی زیاتر لە پێشوو هەست بە مەترسیی تێکچوون و نەمانی دەسەڵاتەکەیان دەکەن"

لەلایەک ڕیفۆرمیست و میانەڕەوەکان لەگەڵ پاوان کردنی دەسەڵات لەلایەن خامنەیی و سپای پاسداران و سیاسەتی بەرتەسک کردنەوەی ئالقەی «خود»یەکان‌دا نین، هەرچەند تا ئێستا زاتیان نەکردوە باسی لێوەبکەن بەڵام لەگەڵ «موتلەق» بوونی ویلایەتی فەقیهیش‌دا نین. وشەیەک کە لەدوای نەمانی خومەینی و بۆ پتەو کردنی ویلایەت و شوێن پێی خامنەیی بەو ئەسڵە کۆنەپەرستانەیە زیاد کرا. ڕیفۆرمیستەکان دەیانەوێ بەلەبەرچاوگرتنی سەنگ و ئیعتباریان لەدەسەڵات‌دا بەشدار بن؛ لەهەڵبژاردنەکان‌دا شووڕای نیگەهبان کە بە نیهادێکی داپلۆسێنەری ڕێبەری دەزانن شیاویی کاندیدا و بەربژێرەکانیان ڕەت نەکاتەوە و نەبێتە ئامرازێک بۆ لەمەیدان بەدەرکردنی ئەوان؛ بنکەو بونیاتە زۆر و زەبەلاحەکانی سەربە خامنەیی وەک مافیای سپای پاسداران کە چنگی بەسەر بەشێکی گەورەی ئابووری وڵات‌دا گرتووە و کەس نازانێ چ سەرمایە و داهاتێکی هەیە، بەرتەسک بکرێتەوە و لە بەرانبەر دەوڵەت‌دا وڵامدەربن؛ سپا و بەسیج لق و پۆپەکانی دەست لەکاروباری ئەمنیەتی وەرنەدەن و نەبنە وەزارەتێکی هاوتەریب لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعات؛ دەزگای دادپەروەری بەشێوەی «جیناحی» هەڵسووکەوت نەکات؛ ئەوان باش دەزانن گەندەڵی ئابووریی و بەرتیلخۆری و دزی بەسەدان هەزار میلیارد تمەنی و سپی کردنەوەی پووڵ لە ئاستی بەرزی دەسەڵات دایە و لە کۆماری ئیسلامی‌دا کەسایەتییە ناسراوەکان تێوەیگلاون و وەک هەڕەشەیەکی جیدی بۆ مان و مەوجوودیەتی ڕێژیمەکەیانی دەزانن؛ هەر بۆیەش خوازیاری بەرتەسک کردنەوەی ئەو دیاردەیەن. جیاوازی دید و بۆچوونی ئەو لایەنە لەگەڵ خامنەیی و باڵی زاڵ بەسەردەسەڵات‌دا بەوانە کورت ناکرێتەوە و لەهەموو بوارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و لەهەموو ئاستەکان‌دا دەبیندرێ. بەگشتی باش تێگەیشتوون پاوان کردنی دەسەڵات لەلایەن خامنەیی و باڵەکەی نەک هەر ناتوانێ قەیرانی نێو دەسەڵات چارەسەر بکات، بەڵکوو دریژەکێشانی ئەو دۆخە، دەسەڵات بەرەو نەمان دەبات، بەتایبەت کە ئەگەر ئێستا سپای پاسداران بە ڕواڵەت ملکەچی فەرمانەکانی خامنەییە، لەپاش مردنی ناوبراو، ئەو مافیایە بەهێزو زەبەلاحە، ڕەنگە بەتەواوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ و وڵامی هیچ یاسا و بریار و بەرپرسێک لەئاستی سەرەوەتری خۆی نەداتەوە.

دووهەم قەیرانی سەرەکی کە کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆدا لەگەڵی بەرەوڕوویە، قەیرانی داماوی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و...کانی کۆمەڵگای ئێستای ئێرانە. کۆماری ئیسلامی بە هەموو باڵەکانییەوە کارنامەیەکی ڕەشی لە سەرکوتی گەلانی ئێران و ماف و ئازادییە سیاسییەکان و هەروەها بەرتەسک کردنەوەی ئازادییە کۆمەڵایەتی گشتی و تاکەکەسییەکان‌دا تۆمار کردوە. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگایەکی داخراوە کە لەودا کەس بۆی نیە ڕەخنە لە دەسەڵات، بەتایبەت لە خامنەیی و باڵی دەسڕۆیشتووی نێو دەسەڵات بگرێ و هەرچەشنە ڕەخنە و بۆچوونێکی دژ و تەنانەت موخالیفی خۆیان لەژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ نیزام و ڕێبەریی سەرکوت دەکەن و چالاکانی بواری مەدەنی و سیاسیی و داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ لە بەندیخانەکان دەکرێن. تەنانەت زۆر لەو کەسانەی

> "ڕیفۆرمیستەکان دەیانەوێ بەلەبەرچاوگرتنی سەنگ و ئیعتباریان لەدەسەڵات‌دا بەشدار بن؛ لەهەڵبژاردنەکان‌دا شووڕای نیگەهبان کە بە نیهادێکی داپلۆسێنەری ڕێبەری دەزانن شیاویی کاندیدا و بەربژێرەکانیان ڕەت نەکاتەوە و نەبێتە ئامرازێک بۆ لەمەیدان بەدەرکردنی ئەوان"

کە پلەو پایەی بەرزیان لەو ڕێژیمەدا هەبوە لە زیندانەکان‌دان، یان وەک مووسەویی و ڕەهنەوەرد و کەڕووبی لە ماڵەوە لە دەسبەسەری‌دان.

لە بواری ئابووریەوە، دۆخی کرێکاران و کارمەندان و چین و توێژە هەژارەکان لەڕادەبەدەر خراپە و ژیان و گوزەرانی خەڵکی لەوپەڕی هەژاریدایە. دیارەی کارتۆن خەوەکان و گۆڕخەوەکان لە شارە گەورەکان بوەتە دیاردەیەکی ئاسایی و ڕێژەی هەژاری هەتا دێ بەرەو بەرز بوونەوە دەچێ. هەرئەوەندە کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر خەتی هەژاری‌دان، نیشاندەری دۆخی نالەباری ئابووریی و کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە. بەوتەی عەلیڕەبیعی وزیری کار و ڕیفاهی کۆمەڵایەتی ڕێژیم «لەسەدا نەوەدی سەرچاوەکان لە دەستی لەسەدا دەی حەشیمەتی ئێران دایە»! لە ئێرانی ئێستادا ئەگەر بنەماڵەیەکی مامناوەندی داهاتی مانگانەیان کەمتر لە یەک میلیون تمەن بێ، ئەوە لە هەژاری «موتلەق»دا دەژین. بەپێی ئاماری لێژنەی کارگرووپی مەجلیسی ڕێژیم بۆ دابین کردنی «سەبەدی مەعیشەتی» بنەماڵەیەکی چوار کەسی دەبێ دوو میلیۆن و ٤٨٩ هەزار تمەن داهاتی مانگانەی هەبێ، ئەگینا لەژێر خەتی هەژاری دایە. هەژاری و کۆڵەواری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەحالێک دایە کە ڕێژیم لە گەندەڵی و بەرتیلخۆری و دزی و بەفیڕۆدانی داهاتەکانی ولات‌دا نوقم بووە و ڕۆژ نییە هەوالی ئاشکرا بوونی دزی دەیان هەزار میلیاردی لە ڕاگەیێنە گشتییەکان‌دا بڵاو نەکرێتەوە. هەرلەو پێوەندییەدا ڕۆژنامەی «ئێران» بە پشتبەستن بە بوودجەی ساڵی ٩٦کە مەجلیس پەسندی کردوە دەڵێ دەوڵەتی ئەحمەدی‌نەژاد لە فرۆشی نەوت ٦٧ هەزار میلیارد تمەنی «تخلف»ی کردوە.

لە باری کۆمەڵایەتییەوەش ڕێژیم نەیتوانیوە زۆر لە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان وەک دیاردەی گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و بازرگانی پڕداهات لەو پێوەندییەدا، سەرەڕای لەسێدارەدانی بەربڵاوی ئەو کەسانەی سات و سەودای پێدەکەن، کەم بکاتەوە. هەروەها دیاردەی لەش فرۆشی، تەلاق و هەڵوەشانەوەی بنەماڵەکان، فرۆشتنی ئەندامانی لەش و بازرگانی بە کۆرپە تازە لەدایک بووەکان... و دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی دیکە، بەشی کۆمەلانی خەڵکی ئێرانە لە ژێر سایەی نیزامی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا.

سێهەم قەیران کە بەڕۆکی کۆماری ئیسلامی گرتووە و خەریکە زیاتر لە هەمیشە لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا تەریکی دەخاتەوە، قەیرانی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم و دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. جگەلەوەش پەرەپێدان بە تاقیکردنەوە مووشەکییەکان لەلایەن سپای پاسدارانەوە بوەتە هۆی نیگەرانی وڵاتانی ناوچە و ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی. هەربۆیەش لەدوای تاقی کردنەوەی مووشەکێک کە توانای هەڵگرتنی کەڵاوەی ئەتۆمی هەیە، دەوڵەتی نوێی ئەمریکا، هەڵوێستی تووندی نواند و گەمارۆی خستە سەر ٢٥ کۆمپانی و کەسی پێوەندیدار لەگەڵ سپای پاسداران.

بێگومان کۆماری ئیسلامی وەک چۆن لە نێو دەسەڵات و لە شێوەی بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکان‌دا تووشی پارادۆکس و دوو ڕەهەندی بووە، لە سیاسەتی دەرەوەش‌دا هەر بەو شێوەیەیە و لە دوو ڕوانینی جیاواز هەڵسوکەوت لەگەڵ دونیای دەرەوە و لەگەڵ قەیرانە ناوچەییەکان‌دا دەکات. بەڵام ئەوەی هێڵە گشتییەکان دیاری دەکا و سیاسەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە، ڕوانگەی خامنەیی و سپای پاسداران و باڵی زاڵ بەسەر دەسەڵاتە. سیاسەتێک کە لە سەر بەستێنی ئاژاوەنانەوە و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و یارمەتیدانی دەستە و تاقمە تیرۆریستییەکان دامەزراوە و بەڕێوەدەچی. بەوحاڵەش کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ ئەمریکا و وڵاتانی ناوچە لە ئاست کردەوەکانی بێدەنگ نامێنن و بەرەنگاری هەرچەشنە هەڕەشەیەکی ئەو ڕێژیمە دەبنەوە. هەر بۆیەشە دەبینین بۆ وێنە، تاقی کردنەوە مووشەکییەکەی ١٠ی بەفرانباری ڕابردووی بە نەهێنی ئەنجام دا و پاش لەقاو درانی لەلایەن ئەمریکاوە، سوپای پاسداران ئەو هەواڵەی پشتڕاست کردەوە. هەروەها لەو ماوەی ئەو دوو مانگەدا کە پاپۆڕە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لەکەنداودا هاتووچۆ دەکەن، بەلەمە تیژڕەوەکانی سوپا وەک پێشوو لە نیزیکیان تەراتێن ناکەن و ناوێرن تخوونیان بن. خامنەیی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەزانن هەر جموجۆلێکی لەمچەشنە دەتوانێ کارەساتی گەورەی بۆ ڕێژیم لێبکەوێتەوە.

بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییانەی باسیان لێوەکرا، بەدڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بەوشێوەیەی هەتا ئێستا هێناویەتی، دریژە بە بوونی خۆی بدات، چونکە نە لە نێو دەسەڵاتدا یەکگرتوو و یەکدەستە و بەدوور لە قەیرانە؛ نە توانای چارەسەری کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای ئێرانی لە هەموو بوارەکان‌دا هەیە و نە لە کۆمەڵگای جیهانی و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا وەک حکوومەتێکی بەرپرس و جێی متمانە سەیر دەکرێ. ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕ بەهەر لایەکدا بشکێتەوە؛ خامنەیی و باڵی زاڵ بەسەردەسەلات دەستێوەردان لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان‌دا بکەن یان ملکەچی دەنگدەران بن؛ هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە نەکۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەیانهەوێ وەک ڕابردوو بژین و نە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواویەتی خۆی‌دا دەتوانێ لە نێو خۆو دەرەوە سیاسەتەکانی بڕەوپێبدا!

دریژەی

بەشداریی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە بیستویەکەمین کۆنگرەی سۆسیالیست ئینترناسیۆنالّی ژنان

وتار بێژی دووهەم خاتوو ئۆلگا لوسیا ویلاسکویز، وتەبێژ و ئەندامی کۆنگرەی کۆماریخوازانی کۆلۆمبیابوو کە باسی لە گرفت و بەربەستی ژنان بۆ گەیشتن بە ناوەندی بڕیاردان لە وڵاتەکەی خۆی کرد.

لە دریژەی کارەکانی کۆنگرەی سۆسیال دێموکراتی ژنانداپانێلێک تەرخان کرابوو بۆقسەکردن لە سەر نابەرانبەری ڕەگەزی، خوێندەواری و تواناسازی ژنان. لەم پانێلەدا پیا لۆکاتێلی لەئیتالیا، هادیزاتۆ ئۆسەینیاکۆبا لە نیجێریەو، د. کوێستان گادانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسیان پێشکەش کرد. جێی ئاماژەیە کە باسەکەی خاتوو کوێستان لە ژێر ناوی»شۆڕشێکی ناتەواو بۆ گەیشن بە مافی یەکسانی ڕەگەزی»زۆر بەشی لە خۆی گرتبوو کە بریتیی بوون لە: کورتەیەک لە پێناسەی نایەکسانی ڕەگەزی و لێکدانەوەی ئەم دەستەواژەیە و، ڕوانینی جیاواز بۆ ئەم چەمکە لە کوردستان و هۆکارەکانی نایەکسانی ڕەگەزی.

بەڕێزیان ئاماژەی تایبەتیان کرد بە هۆکارەکانی سیاسی، ئابووری، زمانی دایک و خوێندەواری ولێکگرێدانی ئەم هۆکارانە و کاریگەریی ئەم پارامێترانە لە سەر ژنی کورد کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زیاترە و، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم کێشانە و چارەسەریان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دژوارترە.

بەشی دووهەمی باسەکەیخاتوو کوێستان گادانی، نوێنەری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ژنانی سۆسیالیست بریتی بوو لە قسەکردن لە سەر «داهاتوو و بەستێنەکانی سەر ڕێگای بۆ تواناسازی و خوێندەواری ژنان لە کوردستان».

ناوبراو لەگەڵ ئەوەی چالاکی و دەسکەوتەکانی ژنانی کورد بە گشتی و یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی مەیدانی خەباتدا هێنایە بەر باس و بەرزی نرخاندن، هاوکات ئاماژەی بە زۆر لەو کێشانە کرد کە بەڕۆکی ژنی کوردی گرتووە و ڕێژەی لە زیادبوونیش دایە بۆ نموونە ئاماژەیان بە کەمی ژن لە ناوەندی دەسەلات و بڕیاردان، پیاوسالاری و ڕوخساری پیاوانەی کۆرو کۆبونەوە سیاسییەکان و دیار نەبوونی ژنان، تووندوتیژی و زیندانی کردنی ژنان، ئەسید پاشی و بەردەباران کردن و بارودۆخی ژنانی پەنابەری کەمپەکان لە ئوورپا و.... کرد.

جێی ئاماژەیە کە هەر لەو پەیوەندیەدا بەڕێزیان لە لایەن نوێنەری یەکیەتی ژنانی دیموکرات بڕیارنامەیەکیپێشنیاری کە لە ١٠ خاڵ پێکهاتبوو بۆ مەحکووم کردن و زەخت کردنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، پێشکەش بە کۆنگرە کرد.

لە کۆتایی باسەکەیدا دکتور کوێستان گادانیوتی کە:تواناسازی ژنان و خوێندەواری بە تەنیا ناتوانێ نایەکسانی ڕەگەزیی لە کوردستان لەنێوبەرێت. بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانیخوازی ڕەگەزی، پەیوەندیی پتەو و زانیاری، مەیدانی کار و پشتیوانی کۆمەڵگا و دامودەزگای دەسەڵاتداری پێویستە.

هەر لەم پانێلەدا بەشداران بە پرسیار و تێبینییەکانیان چالاکانە بەشداریان لە باسەکاندا کرد و دوای وڵامی پرسیارەکان، بەڕێز لویس ئایلا، سکرتێری گشتی سۆسیالیست ئەنترنسیۆنالچەند وتەیەکی لە سەر هەلومەرجی ئێستای جیهان بە گشتی و پەیوەندیی نێوان سۆسیالئەنترناسیۆنال و سۆسیال ئینتراناسیۆنالی ژنان و، هاوکاری زیاتر لەگەڵ یەکتر و پێویستی پشتیوانی زیاتر و یەکگرتووی ئەم دوو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پێشکەش کرد.

لە پانیلی دووهەمدا لە ژێر ناوی «کۆتاییهێنان بە تووندوتیژی وکارکردنی بە کردەوە بۆ ئاشتی و پێشکەوتن، بەڕێزان؛ چانتال کامبیوا، ناتالیاو هیڵلا بن یوسیف بابەتیان پێشکەش کرد.

لە پانێلی سیهەمی کارەکانی کۆنگرەی ژنانی سۆسیالیستدائاڵوگۆڕی پێشنیار کراو لە ئاییناممەی کاری بەڕێوبەریی ڕێکخراو و هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆنالی ژنان خرایە بەردەنگدان و پاشان دەستەی بەڕێوبەری تازە هەڵبژێردران و خاتوو وەفا حاجی،خەڵکی مەراکیش بۆ جاری دووهەم وەک بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیونالی ژنان دەنگی هێنایەوە و خاتو هیلال دوکوزکان لە پارتی کۆماری گەلی تورکیە وەک بەرپرسی بەشی مەدیتەرانە و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هەڵبژێردرا.

لە دریژەی کارەکانی کۆنگرەدا بۆ ڕۆژی سێهەم، وەفا حاجی، سەرۆکی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆنالی ژنان باسێکیلە سەر شێوەی هاوکاری و داوای هاوکاری زیاتر و چالاکبوونی زیاتری ئەندامانی پێشکەش کرد.ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ ئاستی پەیوەندییەکان هەر لە چوارچێوەی ناوچە دیاری کراوەکانی ڕێکخراوەکان دا قەتیس نەمێنێتەوە، بەڵکۆ پەیوەندییەکە هەمەلایەنە بێت بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن کاریگەرییان لە سەر بەڕێوبردنی بڕیارەکان هەبێت.

بە دوای ئەودا هەیئەتی بەڕێوبەری تازە هەڵبژێردراو کە هەر یەکەو بەرپرسایەتی ناوچەیەکیان پێئەسپێردرا هەر کەسە بە نۆرەی خۆی پلان و پرۆژەی کاری خۆیان بە کورتی باس کرد.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرەدا ئەندامانی بەشدار و نوێنەری ڕێکخراوەکان دەرفەتیئەوەیان پێدراپێشنیارو تێبینییەکانیان بێننە بەرباس. لەم پەیوەندییەدا نوێنەرییەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان د. کوێستان گادانی ئاماژەی بە بارودۆخی ژنان لە ئێران کرد کە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. خاتوو کوێستان لەم پێوەندییەدا وتی کە ئێمە کە باسی یەکسانی دەکەین و هەموشمان پێمان وایە کە سەربەخۆیی ئابووریی بەشێکی هەرە گرینگە بۆ یەکسانی ژنان، ئایا دەزانن کە پارلمانی ئێران گەڵاڵەیەکی پەسند کردووە و ئەگەرشووڕای چاوەدێری و "کۆڕی دەستنیشان کردنی بەرژەوەندی نیزام" پەسندی بکەن، یەک میلیۆن ژن لە کۆی ٣میلیۆن ژن کە لە کاردان بێکار دەبن و ئەوەش بە دڵنیاییەوە زیاترین کاریگەریی لە سەر بارودۆخی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبێت و ئەم بێکارییە ئەوەندی دیکە بەرەوە نایەکسانی ڕەگەزی و هەروەها توندو تیژیمان دەبات.

لەم پێوەندییەدا داوا لە بەرپرسی بەشی ناوچەی ڕۆژهەلات کرا کە لە داهاتووی کاری خۆیدا ئاگاداری ئەم جۆرە بڕیارانە لە وڵاتانی ناوچە بێت و لە دوای لێکدانەوە و ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی ناوچە بە وەخت هەڵوێستی خۆیان نیشان بدەن.

گادانی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا وتی: خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەویە کە ئێمە دەڵێین؛ ڕێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆنال سەربەخۆیی بەڕێوبەریی و سیاسی خۆی هەیە، کەواتە ئێمەی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە چاوەڕوانی زیاترمان لە ئاستی بەشداری بە کردەوە و لە ئاست بەیاننامە و نوسراوەکانی ئێوە هەیە.

دکتور گادانی لە دریژەی وتەکانیدا رایگەیاند؛ تێکۆشانی بێوچانی ژنی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی یەکسانی و مافی نەتەوایەتی خۆی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری بۆ خۆی تۆمار کردووە، هەر لێرە بە چەندین ئەندامان هەیە کە سەردانی کوردستانیان کردووە و ڕادەی چالاکی و قوربانی ژنی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای خۆی بۆ هیچمان شاراوە نیە و ناتوانین لە بەر چاوی نەگرین.نموونەی هەرە زیندوو بارودۆخی ژنی کورد لەم دوو ساڵەی دواییدا کە ژنی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست چ ڕۆلێکی هەبووە و چی چێشتووە، ئەوە ژنی کوردە کە بوەتە قوربانی شەڕی داعش، قوربانی زۆلم و زۆری کلتووری و تووندو تیژیە. ئەوە ژنی کوردەکە شان بە شانی پیاوان خەبات دەکا و بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئاشتی لە شەڕدایە و شەهیدی داوە.

کۆنگرە ی سۆسیالیست ئینترناسیۆنالّی ژنان دوای سێ ڕۆژ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێناو و یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی لە سەرۆک و تیمی هاوکاری تازە، هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن و بەڵێنی هاوکاری و چالاک بوونی زیاتری بە کردەوەی بە کۆنگرە و دەستەی بەڕێوبەریی ڕاگەیاند.

دیمانە:

کێشەی ژنان لە دوو توێی ڕۆمانی «کۆڵانەکەمان»دا

سەرەڕای هەموو ئەو ستەم و ناهەقیانەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەرهەق بە ژنان کراوە، ژنانی کورد بۆدەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان بێپسانەوە هەوڵیان داوە و تێکۆشاون لە گشت بوارەکان‌دا چالاک بن، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە بە پێی چاوەڕوانییەکان نییە و ژنان دەبێ چەندین ڕێگای جیاوازتر بگرنەبەر بۆ ئەوەی بتوانن هاوشانی پیاوان لە گشت ڕەهەند و بوارەکانی کۆمەڵگەدا ئەکتیف بن. یەکێک لەو بوارانەی کە ژنان دەبێ هەوڵ بدەن کارا و دیار بن، نووسین یان وەرگێڕانە و مخابن لەم بوارەدا ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە کەمتر دیار و بەرچاون و بە دەگمەن ژنێک هەڵ دەکەوێ کە لەو بوارەدا هەوڵ بدا. یەکێک لەو خاتوونانەی بە وردەیەکی بەرز و بڕوایەکی پتەو بە خۆ، دەستی داوەتە خامە و بە بێئەوەی تەنگ و چەڵەمە و کەندوکۆسپە لاوەکییەکان دیواری وردەی بڕووشێنن و دڵساردی بکەنەوە، توانیویەتی دەست بۆ قەڵەم بەرێ و دوو ڕۆمان بنووسێ، خاتوو نەسرین یووسفزادەیە کە لە هەمان کاتدا پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات و دیزاینێری ڕۆژنامەی «کوردستان»ە.

دیمانە: شەونم هەمزەیی

- نەسرین خانم هەروەک لە پێشەکیی باسەکەدا باسم کرد، ژنانی کورد زۆر بە کەمی حەزیان لە نووسین و وەرگێڕانە، هۆکاری ئەوەی جەنابت پەنات بۆ قەڵەم و نووسین بردووە، چیە؟

دەتوانم بڵێم هەروەک چۆن لە زۆربەی وڵاتان کار و هەڵسووڕانی ژنان سەلماندوویەتی کە ئەوانیش دەتوانن لە گشت بوارێکدا پێ بە پێی پیاوان کار و ئەرکی خۆیان ڕابپەڕێنن، بە دڵنیاییەوە، ئەگەر ئەو دەرفەتە بۆ ژنانی کوردیش بڕەخسێ، ئەوانیش دەتوانن هاوشانی پیاوان کاری گەورە بکەن و دەور و کاریگەرییان هەبێ. هەموو ژنێک بەهرە یان ئیستعدادی هەیە و ئەگەر بواری بۆ بڕەخسێنرێ و پاڵپشتیی لێبکرێ، دەتوانێ وەک ژنێکی سەرکەوتوو دەربکەوێ.

نووسین شتێک بوو کە من لە منداڵییەوە عەلاقەم پێی بوو، لە منداڵییەوە حەزم لە چنینی وشە و سازکردنی ڕستە بوو؛ ئەوەش دەگەڕاوە سەر ئەوەیکە زۆرم چاو لە فیلم دەکرد و یان زۆرم گوێ بۆ چیرۆکەکان دەگرت، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی کە باس لە خۆشەویستی و شتی وای تێدا بوو، وەک چیرۆکی لەیلی و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و لەو جۆرە چیرۆکانە. بەردەوام ئەو چیرۆکانەم لە میشکمدا دێنا و دەبرد و لە بیر و زەینی خۆمدا چیرۆکی لەو چەشنەم دادەڕشت، بەڵام لەو کاتەدا کەس نەبوو ڕێنوێنیم بکا بۆ ئەوەی چی لە زەینم دایە بیهێنمە سەر کاغز.

- داخوالەو سەروبەندەدا ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەی خۆماندا دەتبینی، واتە ژیانی خەڵک لە کۆمەڵگەدا،کاریگەری لە سەر تۆ دادەنا؟

- ئەو کات بابەتێک کە زیاتر بیرم لێ دەکردەوە، زیاتر بابەتی خۆشەویستیی ناو ئەو فیلم و چیرۆکانە بوو و ئاواتم ئەوە بوو کە ڕۆژێک دابێ منیش بتوانم چیرۆکێکی لەو چەشنە بنووسم و هەر ئەو کارەشم کرد و ئەو حەز و خولیایە سەرەنجام بوو بەهۆی هەوێنی دارشتنی چیرۆکی بەسەرهاتی ئەوینێک یان «ماجرای یک عشق». هەڵبەت من پێش نوسینی ئەو کتێبە چەند ڕۆمان و کورتە چیرۆکی دیکەم نووسیبوو بەڵام لە ڕاستی دا هیچیانم بە شیاوی ئەوە نەزانی کە چاپیان بکەم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە بەداخەوە ئەو کات نەمدەزانی بە کوردی بنووسم و ئەو ڕۆمانەم بە فارسی نووسی.

- هەر وەکو ئاماژەت پێکرد ئەو دوو کتێبەی کە ئێستا لە بەر دەستمانە یەکیان کە «ماجرای یک عشق»ە و بە فارسی نووسیوتە، بەڵام قوتابخانەی دیمۆکرات هاندەرێک بوو بۆ تو کە دووهەم کتێبت بە ناوی»کۆڵانەکەمان» بە زمانی کوردی بنووسی،دەکرێ ئاماژەیەک بەوە بکەی کە بۆچی ئەو ناوەت هەڵبژاردووە؟

- ڕۆمانی «کۆڵانەکەمان» لەگەڵ ئەوەدا کە گوتم بە کوردی نووسیومە و کوردی نووسینم وەک گوتم مەدیونی قوتابخانەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانم و هەر لە ناو ئەم حیزبەش دا زیاتر هەستم بە چەوسانەوە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە بە داخەوە بەرۆکی کۆمەڵگاکەمانی گرتووە، کردووە و لە ڕێگای ئەو زانیاری و هەوالانەی کە گوێبیستی دەبووم هەستم بەو ئازارانە دەکرد کە کۆمەڵگای خۆمان پێوەی دەنااڵێنێ و زۆرم پێخۆش بوو هەر یەک لەوانە بکەم بە چیرۆکێک و بیاننووسمەوە، هەڵبەت من نەمدەتوانی هەموو ئەو مااڵنە و هەموو ئازاری ئەو

ژیانانە بنووسمەوە، هەر بۆیە دیتم وا باشترە هەموو ئەوانە کۆبکەمەوە ناو چیرۆکێک و بە قەڕا توانایی و بەرینایی بیر و زەینی خۆم ئەو جۆرە ژیانەم خستە ناو بازنەی کۆڵانێکەوە و ناوی «کۆڵانەکەمان»م لێنا.

- بەشی زۆری بابەتی ڕۆمانەکەت، خستنە بەر باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە، هەر وەکوو دەزانین ژنان زۆر جار قوربانی ئەو کێشەو گرفتانەن. لە ڕۆمانەکەتدا باس لە دوو بنەماڵە دەکرێ کە لەگەڵ ئەوەی هاتوچووی بنەماڵەیی زۆر باشیان هەیە. بەڵام خیانەت بە یەک دەکەن، لێرەدا تۆ هۆکاری خیانەت کردن بۆچی دەگەڕێنییەوە کە ویستووتە لەم کتێبەدا باسی بکەی؟

- زۆر هۆکار هەیە، هۆکارێک ئەوەیە کە کوڕان و کچانی ئێمە بە نابەدڵی ژیانی هاوبەش پێکدێنن! بەکورتی ئەگەر پیاوێک بەزۆری یان بە نابەدڵی خۆی ژنی بۆ بێنن، ڕەنگبێ ڕۆژێک خیانەت بە هاوسەرەکەی بکا و ئەگەر واش نەبێ لەوانەیە زۆر کاردانەوەی خراپی دیکەی لێ بکەوێتەوە. من پێموایە زۆربەی خیانەتەکان دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە کوڕێک بەدڵی بابی ژن دێنی یان بە منداڵی و کەمتەمەنی ژیانی هاوبەش پێکدێنێ، من بۆخۆم زۆر جار شاهیدی ئەوە بووم کە کوڕ هەر کە لە سەربازی هاتەوە ژنی بۆ دێنن، جا وای دانێین کە بە دڵی خۆشی ژنی بۆ دێنن و ئەوەی بۆی دێنن خۆشەویستەکەی خۆیەتی، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە کە ئایا ئەو کوڕە دەرەقەتی دابین کردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ژیانی هاوبەش دێ!؟

- ئەوەی باست کرد لە لایەنی پیاوەوە بوو، بەڵام چۆن باسی ژنان دەکەی؟

سەبارەت بە ئافرەتانیش، ئەو کچانەی کە بۆ نموونە بەزۆری بە مێرد دەدرێن، پێموابێ خیانەتیان هەر لێدەکردرێ، چون بەرامبەرەکەیان دەزانێ و هەست بەوە دەکا کە ژنەکەی دڵی لەگەڵی نییە، پیاویش بە هەرحاڵ ئازادترە، هەر بۆیە ئەگە بۆ قەرەبووی ئەوەش بێ لە جێگایەکی دیکەوە شوێن خۆشەویستی دەکەوێ و، زۆر جاریش ژنەکە بەهۆی ئەوەی کە لە ژیانی ڕازی نییە پەنا بۆ خیانەت دەبا.

- لەو ڕۆمانەدا دەبینین کە ژنێک هەیە لەگەڵ ئەوەی کە خیانەتی لێدەکرێ، بەڵام چاوپۆشیی لێدەکا و پێی وایە ئەو پیاوەی لە گەڵی دەژی خۆشی دەوێ و لە درێژەدان بە ژیانی هاوبەشیی بەردەوامە، چ شتێک هۆکارە کە ژنەکان ئاوا بە شاراوەیی لە گەڵ ئەو کێشە و گرفتانە بەردەوام بن؟

جاری وایە هەندێ فاکتەری وەک ئابڕوو، ناموس و شەخسیەت و جاری واشە فاکتەری خزمایەتی دەبنە هۆکارگەلێک بۆ درێژەدان بەو جۆرە ژیانە و هەر بۆیە پیاوەکە زۆر جار دەست بۆ خیانەت دەبا، هەروەک پیاوەکە لە پاراگرافێکیش دا دەڵێ: «تۆ پێتوانەبێ من کاتێک لەگەڵ تۆ دەژیم ئیتر تەواوە، ژیان هەر ئەوە نییە کە دووکەس لە جێگایەک لەگەڵ یەک بن، من تا ئێستا تەنیا لەبەر خاتری فلان و فلان و فلان لەگەڵ تۆ ژیاوم دەنا خۆشەویستییەکم بۆت نەبووە».

لەوانەیە ژنەکەش هەر ئەو هەستەی بووبێ، بەڵام ژن لە بەر ئەو چەند فاکتەرەی باسم کردو، لەبەر خاتری منداڵەکەشی بووە، ناخۆشی و ناتەباییەکانی ژیانی تەحەمووڵ دەکا و دەیهەوێ لەو ژیانەدا بمێنێتەوە، تەنانەت کاتێک کە خیانەتیشی لێدەکرێ، سەری خۆی هەڵناگرێ، بەڵام ئەو کات ئیتر هیچ خۆشەویستی و هۆگرییەکی بە ژیان و مێردەکەیەوە نامێنێ و تەنیا خۆی ئازار دەدا کە ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی کە خۆی دەسووتێنێ و کۆتایی بە ژیانی دێنێ.

ل١١

پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە لە ژێر تیشکی ڕووداوە ناوچەییەکاندا

عەزیز شێخانی

تورکیە و ئێران، لە هەناوی سیاسەتی ئەمڕۆیاندا بۆنی تەپ و تۆزی شکان و سەرکەوتنی شەڕەکانی چەندسەدە لەوەپێش دەکەن. سیاسەتکارانی ئێرانی و تورکیە هێشتا ڕێچکە کۆن و دڕێژخایەنەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی عوسمانیی و سەفەوییەکان و ئەوانی دیکەیان لەبیرە. زیاتر لە پێنج سەدەیە، کە دوو یەکەی جۆغرافیایی لە ژێر ڕێبەرایەتیسوڵتان و پاشا، ئاخوند و سێکولار و بە ناوی دین، ڕەگەز و وڵات لە گەڵ یەکتردا کێبەرکێ دەکەن. سوڵتانەکانی عوسمانی و پاشاکانی ئێران لە ژێر ناوی ڕێبەرایەتی مەزهەبی سوننە و شیعەدا خەون و ئامانجەکانیان دەڕەنگاند و خەڵکی ئاسایی و گەلانی وەک کورد و هتد،لەو شەڕانەدا باجی گەورەیان دەدا. تورکیە و ئێران تا کۆتایی ئیمپراتۆری عوسمانی لە دۆخێکی گشتیی وەک یەکدا بوون و ئیدارە دەکران. سیستمی عوسمانی لە هێندێک بواردا لە سیستمی پاشاکانی ئێران پێشکەوتووتر و تورکەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩دا خەونیان بە پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاواوە دەبینی.

لە ژێر ڕێبەرایەتی کەماڵ ئاتاتۆرک و ڕەزاخان پێوەندییەکانی دوو وڵات، لە سێبەری سێکۆلاریزم و زلهێزە ڕۆژئاواییەکاندا ڕوخسارێکی دۆستانەی بەخۆوە گرت. ڕەزاخان وەک مۆدیلێکی سەرکەوتوو چاوی لە نیزامی تورکەکان دەکرد و تێکۆشا وڵاتی ئێران بەو ڕێچکەیەدا بەرێ. ئەو پێوەندییانە لە سەردەمی حەمە ڕەزا شادا درێژەیان پێدرا، هەرچەندە هەر دووک لایەن و بە تایبەت ئێران هێندێک جار، لە هەڵسوکەوت و جوواڵەی تورکەکان لە پێوەندی لە گەڵ سنوور و بازرگانی نێوانیان دڵگران و تووڕە بوون.

پێوەندییەکانی نێوان تورکیە و ئێران لە سەردەمی دەوڵەتی بە ناو مۆدێرندا گرژی تێکەوتوە، بەڵام شەڕی تێنەکەوتوە. لە جۆغرافیای دوو وڵاتی ئاماژەپێکراودا، دەسەڵاتدارن کەڕەستەی جۆراوجۆریان بۆ پاڵەپەستۆخستنە سەر یەکتر هەبوە، کە بە شێوازی نیوەچڵ سوودیان لێوەرگرتوە. ئازەریی و تورکمەن لە ئێراندا دەژین و لە گەڵ تورکەکان و تورکیەدا لە کۆنەوە لە بواری کولتور و زمانەوە نیزیک بوون. شایانی باسە، کە ئەو بابەتانە خاوەنی توخمی بارگاوی کردنن، بەڵام بە زۆر هۆکار ئەکتیف نەکراون. بێجگە لەوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خراوەتە چوارچێوەی سنووڕەکانی ئێران و باکووری کوردستان بە نەخشەی تورکیەوە لکێندراوە، کە لە مێژووی کۆن و نوێیدا دەسەڵاتدار و نەتەوە سەردەستەکان کەڵکیان لێوەرگرتوون.

سنووڕەکانی نێوان تورکیە و ئێران بە سنووڕێکی کۆن ناودێر کراون و دەگەڕێنەوە بۆ شەڕی چاڵدران و ڕێکەوتنی زەهاو.دوو وڵات، لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٢٦دا ڕێککەوتنێکیان لە تاران واژوو کرد، کە باس لە یەکخستنی هەوڵ و تەقەللاکانیان دژ بە ڕەوت و جوواڵانەوە نێوخۆییەکانی دوو وڵات دەکات (بە ئاشکرا مەبەستیان بزووتنەوە کوردییەکان بوو). لە ٨ی جوڵای ساڵی ١٩٣٧دا ئێران، تورکیە، عێراق و ئەفغانستان پەیماننامەی سەعدئابادیان، لە ژێر ناوی پاراستنی ئاسایش و ئاشتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مۆر کرد. لە مانگی ئاگۆستی ١٩٥٥دا ڕێککەوتننامەی سەنتۆ لە نێوان ئێران، تورکیە، بریتانیا و پاکستان واژوو کرا. سەرەڕای ئەوە، لە جوڵای١٩٦٤ دا تورکیە، ئێران و پاکستان بناخەی ڕێککەوتننامەی هاوکاریان ڕەنگڕێژ کرد.

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران بارودۆخەکەی گۆڕی و پێوەندی ئێران و زۆر وڵاتی تووشی ئاڵوگۆڕ کرد. بەهێزبوونی عێراق لە بن گوێی ئێران و کێبەرکێی نێوان دوو وڵات و باقی وڵاتانی عەرەب پێوەندییەکانی تورکیە و ئێرانی پەراوێز خست. دوو وڵات لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران پێوەندییە سیاسی، بازرگانیی و کولتورییەکانیانبە شێوازێکی پچڕپچڕ درێژەدا. تورکەکان بە گوێرەی هەڵکەوتی جۆغرافیایی و هەروەها بارودۆخی ئابوریی وڵاتەکەیان لە کۆنەوە تێکۆشاون لە ئابوری وڵاتانی ناوچە سوود وەرگرن. ڕێژیمی تاران و ئانکارا لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردووەدا لە سەر چەند پرسێک هاوکاربوون، بەڵام هیچ کات دوو وڵات بە تەواوەتی بۆیان نەلواوە لە بەرەیەکی تۆکمە و درێژخایەندا کۆببنەوە.ئەوانبەرامبەر بە ڕووداوە ناوچەییەکان هەستیار بوون و بە وردی ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکانیان خوێندوەتەوە. ئەوان لە کاتێکدا دژ بە ویستی زێدەخوازانەی یەکتر وەستاونەوە، بەڵام لە سەر پاراستنی نەخشەی ناوچە و بە تایبەت قەوارەی دەوڵەتی عێراق، سوریە و خۆیان پێداگرییان کردوە. لە ڕوانگەی ئاسایش و ئەمنییەتی چاویان لە پرسی کورد کردوە و بە شێواز و ڕێگای هاوشێوە شەڕی داخوازە ڕەواکانی کوردیان کردوە.

زنجیرە ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو سروشتی پێوەندییەکانی دوو وڵاتی گۆڕیوە. ئەوان ئەمڕۆ لە دژی یەکتر تیژترن و دەربڕین و وتەی دەسەڵاتدارانی دوو وڵات دەیسەلمێنێ، کە گۆڕانی پارسەنگی هێز بۆ دوو کۆنە ڕەقیبی یەکتر تاڵ و دژوارە. ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس و هاتنە سەرکاری نیزامێکی دەڵەمە، عێراقی کردوەتە پاشکۆی سیاسەتەکانی ئێران و تورکەکان تووڕەیی خۆیان لەو بارودۆخە نەشاردوەتەوە. لەو بەستێنەدا فاکتەری ئایین، ئابووری، مێژوو و سایکۆلۆژیی دەسەلات ڕۆڵی گەورە دەگێڕن. بەڵگە مێژوویەکان دەیسەلمێنن، کە عێراق هەتا کۆتایی ئیمپراتۆری عوسمانی وەک سێ ویلایەتی عوسمانی ئیدارە کراوە. ویلایەتی موسڵ، کە یەکێک لەو سێ ویلایەتە بوو، هەتا ساڵی ١٩٢٦ هێشتا بە فەرمی نەخرابوە سەر عێراق و تورکیە خۆی بە خاوەنی مێژوویی ئەو ناوچەیە دەزانی.تورکەکان و بە تایبەت سروشتی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئەو وڵاتە و پارتی دەسەڵاتدار (پارتی داد و گەشەپێدان) دژی پەلهاویشتنی ئێرانی شیعە بۆ عێراق و سوریە و ناوچەکانی دیکەن.

ئێران بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا لە خاکی سوریەدا تەراتێن دەکات و لە قەیرانی ئەو وڵاتەدا وێڕای ڕووسیە پشتی دەسەڵاتی ئەسەد دەگرێ. تورکیە لە کەیسی سووریەدا لە گەڵ وڵاتانی عەرەبیی و ڕۆژئاوادا هاوڕابوو، کە بەهۆی کارا و ئەکتیو نەبوونی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەو پرۆژەیەدا سەرکەوتوو نەبوون.لە ئاکامدا بەرەی شیعە،(ئێران، حیزبوڵڵای لوبنان، شیعەی عێراق و دەسەڵاتی سووریە و هێندێک پارتی سیاسی دیکە)ڕووسیە و ئەسەد خەریکە ڕۆڵی سەرکەوتوو لە قەیرانی سووریەدا دەگێڕن.تورکیە بۆ ڕاگرتنی دۆخەکە و خۆپاراستن لە پەراوێزخران لە کەیسی سوریە و داعشدا، بەناچاری لە گەڵ ڕووسیە و ئێران پرسەکان تەتەڵە دەکا و تێدەکۆشی لە ڕووداوەکان دانەبڕێ.تورکیە لەوە دەترسێ، کە بەرەی شیعە بە سەرکردایەتی ئێران لە عێراق، سوریە،لوبنان، یەمەن، بەحرەین و تەنانەت عەرەبستانی سعوودی تەنگ بە سوننەکان هەڵچنێو لە سەر دوارۆژی دەسەڵاتە سوننەکان ببێتە مەترسی گەورە.

تورکەکان دەزانن چۆن ئێران لە ئاکامی گەمەکە بترسێنن. ئەوان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکەن، کە دڕێژبوونەوەی سیاسەتی ئێران لە ناوچە و پەرەپێدانی فیرقەگەرایی ڕەنگە عێراق و سووریە لێکەهەڵتەکێنێ و دابەش ببن. سەرکۆمار و وەزیری دەرەوەی تورکیە لەو ماوەیەدا بە شێوازی جیاواز و توند لە سەر سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دواون. پەیامی ئەوان بۆ ئێران ئەوەیە، کە لە گەمەکەدا تەنیا تورکیە و سوننەکان نایدۆڕێنن، بەڵکو ئەوە ئێران و دوارۆژی ئەو وڵاتەیە، کە لە کۆتاییدا دەکەوێتە بەر هەڕەشە. تورکیە لە گەڵ باشووری کوردستاندا ڕێککەوتنامەی دڕێژخایەنی نەوتی هەیە و لە گەڵ یەکێک لە زۆنەکانی باشوور گرێدراوە. شایانی باسە، کە ئێرانیش لەو بەستێنەدا دوانەکەوتوە و یەکێک لە زۆنەکانی باشووری کوردستانی بێخەم دانەنیشتوە.

تورکەکان لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا بە هەڵکردنی ئاڵای هەرێمی کوردستان و عێراق لە فڕۆکەخانەی ئیستانبوڵ وێستیان بە یەک تیر لە سێ نیشان بدەن. تورکیە بەو سیاسەتە، لە هەنگاوی یەکەمدا ئێرانی لە دوارۆژی مەترسیداری سیاسەتەکانی لە ناوچە و بە تایبەت لە پانتایی هێڵی کۆنی عوسمانی ئاگادار دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، وێنەیەکی کۆنی ڕووداوەکان بیر ئێران دەخاتەوە، کە لە مێژوو پەند وەربگرێ. لە لایەکی دیکە، پرسی ڕەوانەکردنی نەوتی کەرکوک لە ڕێگای هێڵی تایبەت بۆ ئێران بە زەنگی مەترسی بۆ سەر سیاسەتی وزەی خۆی دەزانێ، کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا خێرێکی بەرچاوی لێکردوە. بەرپرسانی تورک بە هەڵکردنی ئاڵای هەرێمی کوردستان دەسەڵاتدارانی بەغدا لەو سیاسەتە ئاگادار دەکەنەوە. ئەوان بە زمانی کردەوە بە بەغدا دەڵێن، کە مامەڵە بە نەوتی کەرکوک و هەروەها لێدان لە بەرژەوەندی تورکەکان کاریکی مەترسیدارە. بەرپرسانی تورکیە بە گرینگیدانی ڕواڵەتی بە پرسی کوردانی باشوور و هەڵدانی ئاڵای هەرێمی کوردستان لە پەنا ئاڵای عێراق، دەخوازێ بارودۆخی نالەباری کوردەکانی باکوور لەبیر بەرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، بەرپرسانی تورکیە ئاگادارن، کە سیاسەتی تاکتیکیی و ڕواڵەتی کوردەکان بە ئاسانی دەبزوێنێ و ڕاگرتنی پێوەندی لە گەڵ پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ڕەنگە بۆ پرسی نێوخۆی باکووری کوردستان و بە تایبەت لە سەروبەندی قەیران و دەنگداندا خێردار بێ. ئێرانیش لە سەردەمی شا و ئاخوندەکاندا تێکۆشاوە لە پرسی کورد لە دەرەوەی سنووڕەکانی خۆی کەڵک وەرگرێ و سۆزی بەشێک لە کوردی پارچەکانی دیکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

ئێران و تورکیە، لە دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی سووریە و شەڕی دەستە و تاقمی جۆراوجۆر لەو وڵاتە بە شێوەیەکی ڕووت و ئاشکرا کەوتوونە بەرەی بەرامبەری یەکتر. ئەوان بە ناوی شەڕی تیرۆریزم لە ناوچەدا بای باڵی خۆیان دەدەن و گوێا دژی داعش شەڕ دەکەن. ئەگەرچی بەرپرسانی تاران لە دوای سەرنەگرتنی پلانی کودێتا لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تورک پێوەندییەکانیان دەمەزەرد کردەوە، بەڵام جیاوازی بەرژەوەندییەکانیان ئەوەندە زۆرە کە بە ئاسانی پڕ نابێتەوە. ئەوان لە سەر زۆر ڕووداو و داهاتووی ناوچە هاوڕا نین. بۆ وێنە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پرسی ڕێکخراوی حەماس، لە دەستی ئێران و سووریە دەرچوو و بەناچاری کەوتوەتە بندەستی تورکیە و وڵاتانی بەرەی سوننە. ئێران و سووریە بە ڕۆیشتنی حەماس لە سووریە پێوەندییەکانیان لە گەڵ فەلەستینیەکان وەک جاران نەماوە و سیاسەتی ئێران بۆ پشتیوانی کردن لە خەباتی فەلەستینیەکان زیاتر لە جاران کاڵ بوەتەوە. تورکیە تێکۆشاوە بۆشایی ئێران لە پرسی فەلەستیندا پڕ بکاتەوە و چەند جارێک میوانداری لە سەرۆکی حەماس کردوە .

تورکیە و ئێران، لە مێژووی مۆدێرنی خۆیاندا بە لۆژیکی بازرگانی، ئابووری، سیاسەت و جیرانەتی لە گەڵ یەکتر جوڵاونەتەوە. دوو دەوڵەت ڕەچاوی پێگە و جێگەی خۆیان کردوە، بەڵام لە ژێر کارتێکەری زۆر فاکتەردا هێڵە گشتیەکانی سیاسەتکردنیان لە یەکتر جیاواز بوە. ئێران دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبازی ڕەزا و حەمە ڕەزاشا لایدا و ڕێبازێکی تازەی داتاشی، کە لە سەر ئایدۆلۆژی شیعەی دوازدە ئیمامی هەڵچنرا. ئاخوندەکان وێستیان ئێران لە سەر هێڵی ڕۆژئاوا لادەن و بە شێوازێک ئیدارەی بکەن، کە خۆیان بە گونجاویان دەزانی. تورکیە لە هەموو قۆناغەکاندا تێکۆشاوە لە گەڵ ڕۆژئاوادا هاوهەنگاو و تەنانەت خەونی بە ئەندامەتی لە یەکێتی ئوروپاوە دەبینی. جۆغرافیای سیاسیتورکیە و ئەندامەتی ئەو وڵاتە لە ناتۆدا بۆ ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا جێگەی سەرنج و بایەخ بووە.

تورکیە لە پاش سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان و بە تایبەت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەقی سیاسەتی وڵاتەکەی لەبیر نەکردوە و لە هەموو بەرەکاندا بە دوای قازانجە ئابووریی و سیاسییەکاندا وێڵ و سەرگەردان بووە. بەرپرسانی تورکیە، لە پێناوی دەستەبەرکردنی پێگەی گەورەتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سیاسەتی جۆراوجۆریان ڕەچاوکردوە و لە سیاسەتی دەرەوەدا لە گواستنەوەی بەرەکان نەپرینگاونەوە (بۆ وێنە، ئیسرائیل، وڵاتانی سوننە بە سەرکردایەتی عەرەبستانی سعوودی، ئەمریکا، یەکێتی ئوروپا، ڕووسیە و ئێران) . ئێران لەو نێوەدا دەستەوەستان ڕانەوەستاوە و تێکۆشاوە لە دەرەوەی سنووڕەکان قەیران و دەرفەتەکان بە قازانجی خۆی بەکار بێنێ. لە عێراق، سووریە، لوبنان، بەحرەین، یەمەن و عەرەبستانی سعودی و تەنانەت باشووری کوردستاندا دنەی بزووتنەوەی شیعە مەزهەبەکانی داوە و لە پێناوی نائارامکردنی وڵاتە سوننەکاندا کەڵکی لێوەرگرتوون. جووڵەی دیپلۆماسی ئێران وەک تورکیە کراوە نەبوە و زیاتر لە سەر خوڵقاندنی قەیران ڕۆنراوە. ئەو وڵاتە لە گەڵ وڵاتانی نەیار و دژبەری ئەمریکا و ڕۆژئاوا ویستوێەتی پێوەندی دامبەزرێنێ و زیاتر لە گەڵ ڕووسیەدا هەڵوێست و ڕێبازی هاوشێوەی ڕەچاوکردوە .

دەسەڵاتدارانی ئێران بە نۆبەی خۆیان تورکیە بە هەوڵدان بۆ ژیاندنەوەی کولتوور و میراتی عوسمانییەکان تۆمەتبار دەکەن. ئێران و تورکیە لە سیاسەت و ڕێبازی یەکتر شارەزان و ئاگاداری کۆدە دیپلۆماسییەکانی یەکترن. نەخشەی بەرژەوەندییەکانی ناوچە و هێڵەکان ئاشکران و بە کردەوە دەبیندرێ، کە دەوڵەتەکان، لایەنە سیاسی، ئایینی و تەنانەت بیروڕای گشتی لە نێوان دوو بەرەی ئێرانیی و تورکییەدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دابەشکراون. تەوژمی هیلالی شیعە و سێگۆشەی سوننە و سێبەری بەرژەوەندیی زلهێزەکان بە ڕێژەیەکە، کە لایەن و پارتە نە بەستراوە و سەربەخۆکان بە ئاسانی پەراوێز دەخەن. بە واتایەکی دیکە، بەرژەوەندییەکان بە جۆرێک داڕێژراون، کە ئەکتەرە سیاسییە گەورەکان خاوەن ڕۆڵ و نەخشەداڕێژەری سیاسەت و پلانە گەورەکانن و چووکەکان دەتوانن تەنیا سیاسەتی پاشکۆیەتی ڕەچاو بکەن.

دەربڕینە سەرەتاییەکانی دۆناڵد ترامپ سەرکۆماری ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران تێڕوانینی تورکیە و وڵاتە سوننەکانی ناوچەی بەرامبەر بە ئێران گۆڕیوە. بە واتایەکی دیکە، تورکیە، وڵاتە عەرەبە سوننەکانی ناوچە و تەنانەت ئیسرائیل بە ڕوانگەی ترامپ لە سەر ئێران دڵخۆشن. دروشم و هەڕەشەکانی ئەمریکا لە ئێران پارسەنگی هێز لە ناوچە دەگۆڕێ و لە بواری سایکۆلۆژی بەرەی تورکیە و وڵاتانی سوننە بەهێزتر دەکا.ئەوان لە سیاسەتەکانی ئۆباما بەرامبەر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەت ئێران دڵگران بوون. بەرەی سوننە و تورکیە لە ماوەی شەڕی عێراق و دواتر سووریەدا تێگەیشتن، کە ئێران و هیلالی شیعی خەریکە لە هێڵە سووڕە کۆنەکانی عوسمانی نیزیک دەبێتەوە. تۆمەتبارکردنی ئێران بە پشتیوانی کردن لە تیرۆریزم و هەروەها پەرەپێدانی فیرقەگەرایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ خاوکردنەوەی سیاسەتی ئێران لە ناوچەیە.

پێوەندییەکانی تورکیە و ئێران لە سەر بناغەی ڕووداوەکانی١٠٠ ساڵی ڕابردوو ڕەنگە بەئاسانی نەگاتە شەڕی ڕاستەوخۆ. ئەوان وەک دوو دەوڵەتی جیاواز خاوەنی پێگە، کولتوور، دەسەلات و بەرژەوەندیی جیاوازن. پێوەندییەکانیان چەند لایەنەن و کێشە نێوخۆییەکانی دوو وڵات و پرسی دوارۆژی عێراق و سووریە دەتوانن زیاتر لە هەموو فاکتەرێک ئەو دوو دەوڵەتە لە یەکتر تیژ بکەن. فاکتەرێک، کە لە ڕابردوودا زۆر جار سوڵتانی عوسمانیی و پاشاکانی ئێرانی بەگژ یەکتردا کردوە. بڕینی پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە هیچ کاتێک ئەوەندە چلکیان نەکردوە، کە بە دیالۆگ و ڕێگای دیپلۆماسی چارەسەریان نەکردبێ. هەڕەشەکردن لە یەکتر و تۆمەتبارکردنی یەکتر لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی عێراق، سووریە و ناوچەدا باسێکی تێپەڕە و بەرپرسانی تورکیە و ئێران لە ترسی لە گرێژنەدەرنەچوونی بارودۆخەکە چنگ و ددان بە یەکتر نیشان دەدەن.

پاشماوەی عوسمانیی و ئێرانییەکان لە تاران و ئانکارا لە تاو ژانی ئاڵوگۆڕەکان و زیاتر چڕبوونەوەی شەڕی بەناو بەرەی شیعە و سوننە کەوتوونەتەداوی شەڕی دیپلۆماسیی و پشتگیری کردن لە لایەن و گرووپی جیاواز. ئەوان لە سەر مانەوەی عێراق و سوریە هاوڕان، بەڵام شک و گومانیان لە هەوڵ و تەقەللای یەکتر گەیشتوتە لووتکە. شەڕی حەڵەب، وموسڵ و چارەنووسی باشووری کوردستان، نەوتی کەرکوک و داهاتووی سیستمی سیاسی عێراق و سووریە، دوور نیە ئەوان پەلکێشی زۆرانبازییەکی تازە بکات. لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا هیچ کات دوو وڵات بە ڕێژەی ئەمڕۆ لە ترسی زیادبوونی هێژمۆنی یەکتر لە نیزیک سنووڕەکانی خۆیان ترسیان ڕێنەنیشتوە.هێزەکانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخدا کەمتر لە نێو سنووڕە کۆنەکانی عوسمانی و لە سنووری تورکیەی ئەمڕۆدا بەو تەوژمەی ئێستا بینراون. ئەو پرسە خەریکە زاری بڕینە کۆنەکانی نێوان دوو وڵات دەکاتەوە و ناچاریان دەکات، قامک لە سەر مەترسییەکان دابنێن و یەکتر لە دوارۆژی سیاسەتەکانیان ئاگادار بکەنەوە. بەرگرتن بە پەرەسەندن و بەهێزبوونی شیعەکان لە ژێر ڕیبەرایەتی ئێراندا و دوور خستنەوەی دەستی ئێران لەکاروباری نێوخۆیی وڵاتانی سوننە و دەرپەڕاندنی ئەو وڵاتە لە عێراق و سووریە بۆ بەشێک لە وڵاتانی ناوچە وەک تورکیە، عەرەبستانی سعودیی و باقی وڵاتانی سوننە و تەنانەت ئیسرائیل بوەتە پێویستییەکی گرینگ. دەربڕین و ڕوانگەی تورکیە، عەرەبە سوننەکان لە سەر ئێران و سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاران لە کۆنفڕانسی ئاسایشی مۆنیخ دەیسەلمێنێ، کە ئێران زیاتر لە ڕابردوو پێی لە بەڕەی خۆی ڕاکێشاوە. سیاسەتەکانی ئێران لە بن لووتی تورکیە و ڕمبازێن لە نێو دەوڵەتە عەرەبەکاندا بە ئاسانی تێپەڕ نابێ و لە سەر پێوەندییەکانی ئێران و تورکیە و وڵاتانی دیکە کاریگەر دەبێ. دەوڵەتەکان لە سەر مانەوەی نەخشەی ناوچە سازاون و کێشەی ئەمڕۆیان بۆ ئەوەیە، کە لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی تازە لە ڕووخان و لەبەر یەکهەڵوەشان دوور بن.

سیاسەتەکانی حدک لە هەناوی سیاسەتەکانی رابردووی حیزبی دیموکراتدا

هاوینی ساڵی ١٣٦٤ هەیئەتێک لە حیزبی سەوزەکانی وڵاتی ئاڵمان لە سەر داوای شەهید دوکتۆر قاسملوو سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دیموکرات بۆ ئاشنابوون لە گەڵ ژیانی خەڵکی کوردستان و خەباتی ئەوان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی سەردانی بنکە و بارەگا و ئورگانەکانی حیزب و چەند ناوچەیەکی کوردستان دەکەن و دواتر لە گەڕانەوەیاندا بە نووسراوە ڕاپورتی سەردانەکەیان بە حیزبی خۆیان دەدەنەوە، کە لەودا وێڕای باسێکی کورت لە نەتەوەی کورد بە گشتی و تێکۆشانی ئەوان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیان،باسێک لە کار و چالاکیی ئورگانە جۆربەجۆرەکانی حیزبی دیموکرات هەر لە هەڵسوکەوت و چالاکیی ڕۆژانەوە بگرە تا شێوە ڕوانینی حیزب بۆ پرسە گرینگە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسەت لە کوردستان و ئێران پێشکەش بە حیزبەکەیان دەکەن کە بەش بە حاڵی خۆی سەرنجڕاکێش و جێگای لێ وردبوونەوەیە.



باسی هۆکاری هاتنە دەرەوەی حیزبی دیموکرات لەو ساڵەدا لە « شورای ملی مقاومت» و کێشە و جیاوازیی بیروبۆچوونی حیزبی دیموکرات لە گەڵ «موجاهدینی خەلقی ئێران» بە نیسبەت ڕوانیان بۆ سیاسەت لە ئێراندا بابەتێکی نێو ڕاپورتەکەیە کە لە ڕاستیدا دەکرێ بە خاڵی جیاکەرەوەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لە گەڵ ئەحزابی دیکەی ئێرانیشی ناوبەرین.

موجاهیدین لەو ساڵەدا حیزبی دیموکرات بەوە تاوانبار دەکەن کە خوازیاری وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامییە.

ئەگەرچی لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و حکوومەتی تاراندا چ لە دەورانی پاشایەتی و چ لە دەورانی کۆماری ئیسلامیدا هیچکات وتوویژێکی جیددی نەهاتووتە ئاراوە و سەرباری ئەوەش خەڵکی کورد و حیزبی دیموکرات بیرەوەرییەکی ناخۆشیان لە تیرۆری ڕێبەرانیان لە سەر میزی وتوویژ هەیە، بەڵام حیزبی دیموکرات سەرەڕای ڕەخنە لە خۆگرتن و تێبینیی جیددی لە لایەنی تکنیکی و ئەمنیەتی ئەو دانیشتنەی کە تیرۆری دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە، هیچکات ڕێگاچارەی وتوویژی بۆ چارەسەر کردنی پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا ڕەد نەکردوەتەوە و دەکرێ بڵێین یەکێک لە خاڵەکانی جیاکەرەوەی بزووتنەوەی - پرێتێچووی- کوردستان لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سەراسەرییەکانی دیکەی ئێرانی هەر ئەوەیە. چونکە بۆ حیزبی دیموکرات پێش هەموو شتێک لە کردەوەدا گەیشتنی کورد بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیەتی لە ئێراندا، نە ئەوەی کە چ گرووپ و تاقمێک لە تاراندا دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە. بۆیە ئێستاشی لە گەڵ بێ ئەو دۆخە هەر لە جێگای خۆیەتی و هەندێ جار ئوپۆزیسیۆنی بە دەسەڵات نەگەیشتووی کۆماری ئیسلامیش هەمان بۆچوونی کۆماری ئیسلامییان لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە ئێراندا هەیە، کەوابوو نابێ ڕێگایان پێ بدرێ کە هژمۆنی خۆیان بە سەر بزووتنەوەی کوردستاندا بسەپێنن و بزووتنەوەی کوردستانیشنابێ شوێنکەوتووی ئەو ڕەوتە سیاسییانە بێ کە تەنیا ویستیان گۆڕینی دەسەڵات لە تاران و بە دەسەڵات گەیشتنی خۆیانەبە بێ ئەوەی کە لە گەڵ دەسەڵاتی پێش خۆیان بە نیسبەت پرسی کوردەوە جیاوازییان هەبێ.

بابەتێکی دیکە کە لە ڕاپورتی هەیئەتی سەوزەکاندا لە زمان دوکتور قاسملووەوە نووسراوە باسی لاوازیی موجاهدین لە دەرکی ڕاستییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کەڵک وەرنەگرتنیان لە کێشەی نێو باڵەکانی ڕێژیمە. ئەم باسەش بە جۆرێک نیشان لە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ڕێگە جۆربەجۆرەکان و بە جۆرێک نیشان لە هەوڵەکانی حیزبی دیموکرات بۆ کاری ورد و جیددی و مەیدانیە کە لە لایەن ئەو حیزبەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیڕەو کراوە.

ئەگەرچی بە داخەوە بە درێژایی حەوت دەیە خەباتی سیاسیی حیزبی دیموکرات جگە لە ماوەیەکی کورتی ئیدارەی کۆماری کوردستان و سەرەتاکانی پاششۆڕشی ئێران لە ساڵی ٥٨دا نەبێ، هیچکات مەجالی ئەوە بە کورد و بە حیزبی دیموکرات نەدراوە کە وڵاتی خۆی بەڕێوەبەرێ و بەشی تەنیا ڕاوەدوونان و شەڕ پێ فرۆشتن و گرتن و کوشتن و تیرۆر و دوور خستنەوە لە مەیدانی ڕاستەقینەی خەبات بووە بەڵام حیزبی دیموکرات هیچکات تەسلیمی ئەو پلان و پیلانانەی دوژمنان نەبووە و ئەوەی لە دەستی هاتبێ بۆ پێشوەچوونی خەباتی گەلەکەی کردوویەتی.

هەڵبەت حاشا لەوەش ناکرێ کە هەندێ جار حیزبی دیموکرات و بە تایبەت لە پازدە بیست ساڵی ڕابردوودا بە جۆرێک کەوتووتە داوی دوگماتیزمێکی نەفەسگیرەوە و نەیتوانیوە لە هەندێ دەرفەت کەڵکی پێویست وەربگرێ کە جێگای ڕەخنە لێ گرتنە و دەکرێ لە وتارێکی جیاوازدا بە وردی ئەو قۆناغە لێک بدرێتەوە. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کەلەم دە ساڵەی ڕابردوودا دەتوانین بڵێین حیزبی دیموکرات لە هەڵسوکەوت و شێوەڕوانینی بۆ سیاسەت و هەوڵدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکانی سەر ڕێگای خەبات بە جۆرێک درێژەدەری هەمان سیاسەتەکانی سەردەمی زێڕێنی خەباتی خۆیەتی و دەکرێ شوێن پێی ڕوانگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ سیاسەت و تێکۆشان لە هەناوی سیاسەتەکانی ئەو سەردەمەدا بدۆزینەوە.

٣٨ساڵ دوای ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دیموکرات

مەجید حەقی

٣٨ساڵ لەمەوبەر، کاتێک ئایدیۆلۆژیەکانی چەپی ڕادیکاڵی لێنین زەدە و مائۆلێدراو لە لایەک و ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی ببوو بە سەنتەری پێناسەی حیزبە «ڕۆشنبیر» و «پێشکەوتووەکانی» ئەو سەردەمە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دوکتۆر قاسملوو ئەوەی ئەمڕۆ باوە پێی بوترێ «هێلی سێهەم»ی ڕاگەیاند. هێلی دیموکراسیخوازی، خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی، ئاوەدانکردنەوەی بنەماکانی نەتەوەی ئازاد. کاتێک ڕێبەرە «ڕۆشنبیرە»کان دەنگی دیکتاتۆری چینی کرێکاریان بەرزدەکردەوە و تەنیا ئەو چینەیان بە ڕزگاریدەری مرۆڤ دەزانی و مافی چارەنووسی نەتەوەیەکیان بە بەرژەوەندی چینی کرێکار بەستبووەوە، کاتێک ئەوانەی هەمیشە پشتیان بە دوژمن گەرمە و ئاڵترناتیڤەکان لە ئاسمانەوە دەبینن هەموو شتیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا دەدی؛ ڕێبەرێک هەڵسا خەونی گەورەتری نەتەوەکەی وێناکرد. ڕێبەرێک لە قوواڵیی کێشە ئایدیۆلۆژیەکان ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەی نەک بە گرێدراوی بە دیکتاتۆرییەکان بەڵکوو بە هەڵبژاردنی ڕێگەی سێهەم، ڕێگەی ڕزگاری و سەرکەوتن، ڕێگەی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی نیشاندا.

٣٨ساڵ لەمەوبەر ئەو بایەخانەی کە قاسملوو باسی دەکرد، کەمتر ڕۆشنبیر و سیاسەتڤانێک بوو کە لێی تێدەگەیشتن. ئەو خەڵکەی کە لەدەوری دروشمەکانی قاسملوو کۆ ببوونەوە بەرلەوەی کە لەو بلیمەتە بگەن لە میراتێک کە قاسملوو نوێنەرایەتی دەکرد بەخاوەن دەرکەوتبوون و وەفادار بە ڕێبازێک بوون کە سەردەمانێک ١١ مانگ، تەنیا ١١ مانگ هەستی مرۆڤ بوون و خاوەن چارەنووسی خۆیبوونی بەوان بەخشی بوو. ئەم هەستە گەورەتر وقوواڵتر لە دروشمە زریقەدارەکانی سەردەم بوو. وەفا بەو ڕێگایە ئاسانتر بوو. لەو سەردەمەدا تەنیا ٣٠٪ لە خەڵک شارنشین و کەمتر لە ١٥٪ خەڵک خوێندەواری هەبوو، ئەوە قاسملوو و حیزبەکەی بوو کە بیری نەتەوایەتی بە هژمۆنی جیاکەرەوەی بزووتنەوەی - پرێتێچووی- کوردستان لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سەراسەرییەکانی دیکەی ئێرانی هەر ئەوەیە. چونکە بۆ حیزبی دیموکرات پێش هەموو شتێک لە کردەوەدا گەیشتنی کورد بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیەتی لە ئێراندا، نە ئەوەی کە چ گرووپ و تاقمێک لە تاراندا دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە. بۆیە ئێستاشی لە گەڵ بێ ئەو دۆخە هەر لە جێگای خۆیەتی و هەندێ جار ئوپۆزیسیۆنی بە دەسەڵات نەگەیشتووی کۆماری ئیسلامیش هەمان بۆچوونی کۆماری ئیسلامییان لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە ئێراندا هەیە، کەوابوو نابێ ڕێگایان پێ بدرێ کە هژمۆنی خۆیان بە سەر بزووتنەوەی کوردستاندا بسەپێنن و بزووتنەوەی کوردستانیشنابێ شوێنکەوتووی ئەو ڕەوتە سیاسییانە بێ کە تەنیا ویستیان گۆڕینی دەسەڵات لە تاران و بە دەسەڵات گەیشتنی خۆیانەبە بێ ئەوەی کە لە گەڵ دەسەڵاتی پێش خۆیان بە نیسبەت پرسی کوردەوە جیاوازییان هەبێ.

بابەتێکی دیکە کە لە ڕاپورتی هەیئەتی سەوزەکاندا لە زمان دوکتور قاسملووەوە نووسراوە باسی لاوازیی موجاهدین لە دەرکی ڕاستییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کەڵک وەرنەگرتنیان لە کێشەی نێو باڵەکانی ڕێژیمە. ئەم باسەش بە جۆرێک نیشان لە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ڕێگە جۆربەجۆرەکان و بە جۆرێک نیشان لە هەوڵەکانی حیزبی دیموکرات بۆ کاری ورد و جیددی و مەیدانیە کە لە لایەن ئەو حیزبەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیڕەو کراوە.

ئەگەرچی بە داخەوە بە درێژایی حەوت دەیە خەباتی سیاسیی حیزبی دیموکرات جگە لە ماوەیەکی کورتی ئیدارەی کۆماری کوردستان و سەرەتاکانی پاششۆڕشی ئێران لە ساڵی ٥٨دا نەبێ، هیچکات مەجالی ئەوە بە کورد و بە حیزبی دیموکرات نەدراوە کە وڵاتی خۆی بەڕێوەبەرێ و بەشی تەنیا ڕاوەدوونان و شەڕ پێ فرۆشتن و گرتن و کوشتن و تیرۆر و دوور خستنەوە لە مەیدانی ڕاستەقینەی خەبات بووە بەڵام حیزبی دیموکرات هیچکات تەسلیمی ئەو پلان و پیلانانەی دوژمنان نەبووە و ئەوەی لە دەستی هاتبێ بۆ پێشوەچوونی خەباتی گەلەکەی کردوویەتی.

هەڵبەت حاشا لەوەش ناکرێ کە هەندێ جار حیزبی دیموکرات و بە تایبەت لە پازدە بیست ساڵی ڕابردوودا بە جۆرێک کەوتووتە داوی دوگماتیزمێکی نەفەسگیرەوە و نەیتوانیوە لە هەندێ دەرفەت کەڵکی پێویست وەربگرێ کە جێگای ڕەخنە لێ گرتنە و دەکرێ لە وتارێکی جیاوازدا بە وردی ئەو قۆناغە لێک بدرێتەوە. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کەلەم دە ساڵەی ڕابردوودا دەتوانین بڵێین حیزبی دیموکرات لە هەڵسوکەوت و شێوەڕوانینی بۆ سیاسەت و هەوڵدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکانی سەر ڕێگای خەبات بە جۆرێک درێژەدەری هەمان سیاسەتەکانی سەردەمی زێڕێنی خەباتی خۆیەتی و دەکرێ شوێن پێی ڕوانگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ سیاسەت و تێکۆشان لە هەناوی سیاسەتەکانی ئەو سەردەمەدا بدۆزینەوە.

[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

حەسەن حاتەمی

ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و ڕێکخراوە گرینگەکانی لە ئێران‌دا(بەشی حەڤدەیەم)

پێداچوونەوەی ئاکامگیری پێڕست و سەردێڕی بەشێکی گرینگی ڕووداوو و هەڵسوکەوت و کردەوەکانی پەهلەوی دوویەم و دەسەڵات بەدەستەکانی لە ماوەی بیست و پێنج ساڵەی(١٣٣٢- ٥٧) دا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە لە سێ کوچکەی نێوان، ١- دەسەڵات، ٢- خەڵک ٣- لەنێو خەڵک دا، ئەحزاب و ڕێکخراوە و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی، هاوسەنگییەکی ئەتۆ ئیزنی گەشە کردنی پێنەدرا.

چونکە، دارودەستەی شا، دەوڵەتی قانوونی دکتور موسەدیقیان بە یارمەتی ئەمریکا و ئینگلیس، بە کوودێتایەکی نیزامی لابرد. دەسەڵاتی پاوانخوازانە و شای هەڵاتووی- دوای چەند ڕۆژ گەڕێندرایەوە ئێران- تۆندتر لە پێشوو هەوڵی داسەپاندنی درا. خۆێندکارانی سەنعەتی زانستگای تاران ناڕەزایەتییان، لەوەزعی خراپ ئیدارەکردنی وڵات و دادگایی ناعادڵانەی موسەدیق و هاتنی ریچارد نیکسۆن - جێگری سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، وەک پشتیوانی کوودێتا- بۆ تاران دەربڕی؛ بەداخەوە وڵامیان بە ڕێژنە بارانی گوللە درایەوە، کە گیان لێئەستاندنی سێ کەس، بریندار بوونی و گیران و زیندانی کردنی ژمارەیەکی دیکەیلێکەوتەوە.

ترس لە بیری چەپ و ئیزن نەدان بەگەشەکردنی کۆمەڵگە، لەبواری سیاسی و فەرهەنگیی و قبوواڵ نەکردنی فرەگەلی بوونی پێکهاتەی ئێران، هەڵەی سەرەکیی دەسەڵاتی پەهلەوی دووهەم بوو.- دیارە لە ڕێژیمی کوودێتایی ڕەزا خان و پاشان پەهلەوی یەکەمیش‌دا، وەزع بە داسەپاندنی دەوڵەت- نەتەوە، خراپ تر بوو.-

دریژەنەدان بە ڕێفۆرمەکانی ساڵانی ١٣٣٨ هەتا ١٣٤٢ (١٩٥٩- ١٩٦٣)، بەشێوەی پێویست و شێلگیر، قبوواڵ نەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی لەنێو خۆی وڵاتدا، سەرکوتی بزووتنەوەکانی گەلانی ماف پێشێل کراو، بەتایبەتی گەلی کورد و بەلووچ؛ بە هێند نەگرتنی ناڕەزایەتیی حوجەتوئیسلامروووحوڵڵا خومەینی و تەلەبەکانی حەوزەی عیلمییەی قوم و پێشگیری نەکردنی ئەوتۆ لە چالاکییئاخوندەکانی شیعە و کەڵک وەرگرتنیان لە مینبەر و مزگەوتەکان و بۆنە مەزهەبییەکان بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک ئازاد لە دوا ساڵەکانی دەسەڵاتی شا دا، کە- بە پێی ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگای ئێران موسوڵمانی مەدەنی بوو- و گوشار هێنان بۆ ڕێکخراوە چەپ و دیموکراتەکان - بەتایبەتی حیزبی تووده و چریکە فیدایی و نەتەوەخوازەکان- کە لەنێو ئەوان دا حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرترین گوشاری لەسەر بوو.- ، زیندانی، ئەشکەنجە و ئیعدام و ئاوارەکردنی چالاکانی ئەوان،مەیدانێکی باشی بۆ گەشەی لایەنی ئیسلامی سیاسیی پێک هێنا.

- لەناو بەرەی ئیسلامییەکان‌دا ، موجاهیدینی خەلق لە ژێر گوشاری زۆر دابوو.-

شا ئەوەندە لەخۆبایی بوو دوای سەرکوتی زۆربەی موخالیفان و ناڕازییەکان دەستووری دا، لە ١١ ی ڕەشممەی ١٣٥٣ (١٩٧٥) دا، «حزب رستاخیز ملت ایران» ی ناسراو بە «حزب رستاخیز» دابمەزرێ. حیزبە بەراییەکانیدەوڵەتی وەک «حزب ایران نوین، حزب مردم، حزب پان ایرانیست و حزب ایرانیان» تێکەڵ بەیەک کرد و بردیانە نێو «حزب رستاخیز». ماوەیەک دواتر ئەندامەتی لەو حیزبە دا، بوو بە زۆری و ئیجباری. شا لەم بارەیەوە کوتی:» هەموو کەس دەبێ بیێتە ئەندامی ئەو حیزبە و چارەنووسی خۆی ڕوون کاتەوە، ئەگینا لە ئێران بڕواتە دەرێ. ئەگەر نەیانهەوێ وەدەرکەون، جێیان زیندانە.» دەوڵەتیش کوتی هەر ئێرانییەک خوازیاری بەشداری لە حیزبدا نەبێ، پاسپۆرتی دەدرێتی و دەبێ بڕواتە دەرێ. (١)

ئەو حیزبە نزیکەی سێ ساڵ دوای دامەزرانی، بەهۆی کردەوە نادروستەکانی، کێشە و ململانێی نێوخۆیی - کە لە سێ قۆڵی «پێشرو،سازندە و لیبرال» پێک هاتبوو- و هێرشی موخالیفانی ڕێژیم بەو حیزبە، لە پاییزی ١٣٥٧دا، بەدەستووری شا هەڵوەشا.

لەوهەلومەرجەدا،قبوواڵ کردنی پۆستی سەرۆک وەزیری و پێک هێنانی کابینەیەکی نوێ و دەستپێکردنی خێرای ئاڵوگۆڕەکان و قبوواڵی ئۆپۆزیسیون لە لایەن د. بەختیار- ئەگەر پێشتر ئەنجام درابا، ئیمکانی سناریۆیەکی دیکە هەبوو. یا ماوەیەکی پتر بۆ بەڵێنیەکانی ناوبراو درابا، بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی مام ناوەندی- میللی- مەزهەبی، لەگەڵ ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسیی و کەسایەتییە هەڵکەوتووو ڕووناکبیرەکانی نامەزهەبی، دەیانتوانی ڕەوتێکی نوێی ئاڵوگۆڕخوازی بپێون.

بەڵام چونکە ئەرتەش پشتیوانییەکی ئەوتۆی لە بەختیار نەکردو بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند. دیسان ڕەوتەکە هەر پتر بە قازانجی ئیسلامی سیاسی شکایەوە.یا بە واتایەکی دیکە سێ گۆشەی مزگەوت، ڕووحانییەت و بازار و زۆربەی خەڵکی موسڵمان و شیعە بەڕەو ئاقارێکی دیکە هەنگاوی نا.

بەختیار لە بەرانبەر دژ کردەوەی میلیونی خەڵکی سەر شەقامەکان، بەداخەوە تەنیا مایەوە و ئیزنی پێنەدرا ڕێفۆرمەکانی خۆی بۆ سنووردارکردنی سەڵتەنەت و بردنی بۆ خانەیەکی نمادی و تەشریفاتی لە چەشنی سوئید، هۆلەند، نۆرۆیژ و هاوشێوەکانی جێبەجێ بکا. ئەو هەلە ئەرێنییەش، لە دەست چوو. بەختیار تەنیا ٣٧ ڕۆژ، سەرۆک وەزیری ئێران بوو.

بەمێژوو سپاردنی ڕێژیمی پاشایەتی

دوای ٣٧ ساڵ خەبات بەگشتی لە زەمانی پەهلەوی دووهەم دا و ٢٥ ساڵ دوای کوودێتای ١٣٣٢، ڕاپەڕینی گەلانی بەرایی ئێران لە ٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا،ڕێژیمی پتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی پاشایەتیان، بە مێژوو سپارد و دەسەڵاتێکی نوێ هاتەکایەوە. گۆڕەپانی سیاسیی پتر کەوتە دەست ئا. خومەینی و چەند ئاخوندی وەک : موتەهەری، بەهێشتی، ڕەفسەنجانی،باهونەر، مووسەوی ئەردەبیلی، مەهدەوی کەنی، عەلیی خامنەیی و... کە هەمە کارە بوون. کەسانیوەک: بازرگان و ژمارەیەک لە ڕێبەرانی نێهزەتی ئازادی، ئا. تاڵەقانی، بنی سەدر، قوتبزادە، فرووهەر و... دەسەڵات بەدەستانێکی کەم دەسەڵاتیش هەبوون. بەڵام بڕیار دەرانی ئەسڵی ڕووحانییەکانی شیعە و لەسەرووی هەموویان ئا. خومەینی بوو. دیاریکرانی دەوڵەتی کاتی بازرگان لە پێش ڕووخانی دەسەڵاتی شا لەبەرانبەر کابینەی بەختیار دا، ڕەوتی داسەپاندنی ئیسلامی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر دیاری کرد.

شووڕای شۆڕش

ماوەیەکی کورت پێش ڕاپەڕین و هەتا دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری، و دروستبوونی کابینەی دەوڵەت و یەکەم مەجلیسی شووڕا، شووڕای شۆڕشی ئیسلامی(شورای انقلاب اسلامی) دەوڕێکی گرینگی لە چۆنیەتیی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی نوێ دا هەبوو. ئەو شووڕایە دوای چوونی موتەهەری بۆ لای ئا. خومەینی لە نووفیڵ لوشاتۆی فەڕانسە، لە ٢٢ ی بەفرانباری ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا، سەرەتا لە ٥ کەس، کە هەموویان ڕووحانی بوون پێک هات. «مرتضا مطهری، محمد حسین بهشتی، محمد جواد باهنر، علی اکبر هاشمی ڕفسنجانی و عبدلکریم موسوی اردبیلی»، ئەندامانی سەرەتایی ئەو شووڕایە بوون.

دواتر ئەندامانی شووڕای شۆڕش بوون بە ١٥ کەس. بە وتەی هاشمی ڕەفسەنجانی: بڕیار وابوو ڕادەی ئەندامانی شووڕا، لە ڕووحانی و نا ڕووحانی وەک یەک، بەکۆی دەنگ زیاد بکرێن. بۆیە ئا. سەید مەحموودی تاڵقانی، عەلی خامنەیی، مەهدەوی کەنی، ئەحمەدی سەدری حاج سەید جەوادی، مێهدی بازرگان، یەدوڵڵا سەحابی، مستەفا کەتیرایی، سەرلەشکر وەلی قەرەنی و سەرتیپ علی ئەسغەر مەسعوودی لێ زیاد کرا.

دوای دامەزرانی دەوڵەتی کاتی، چەند کەس وەک: بازرگان، د. سحابی، م. کەتیرایی، حاجیسەیدجەوادی و قەرەنی نەمان و کەسانی دیکە وەک: د. حەسەنی حەبیبی، م. عیزەتوڵڵا سەحابی، د. عەباس شەیبانی، ئەبولحەسەن بەنی سەدر و سادق قوتبزادە بوون بە ئەندامانی شووڕا شۆڕش. دوای تیرۆری موتەهەری – ١١ ی بانەمەری ١٣٥٨- چەند کەسی دیکە بەشووڕا زیاد کران کە بریتی بوون لە: م. میرحوسێنی موسەوی، د. حەبیبوڵڵا پەیمان و ئەحمەد جەلالی. (٢)

سەرچاوەکان

١- جلال رفیع، اطلاعات ٨٠ سال، جلد اول، ص ٢٩٦، اول اسفند ١٣٥٣، انتشارات اطلاعات-

- ٢- صورت مذاکرات شورای انقلاب، مقدمه به قلم هاشمی رفسنجانی، ج١

ئابووری

باسکردنی چەمکی (گەندەڵیی ئابووری) لە ئێران‌دا و ڕوانگە و مەبەستی لایەنەکانی نێو دەسەڵات

ئەیووب شەهابی‌راد

لە دوای دەرچوونی ترامپ وەک سەرکۆماری ئەمریکا و هەڵوێستەکانی لەپێوەندی لەگەڵ ئێران و بەتایبەت بەرنامەی (بەرجام) و گەمارۆ ئابوورییەکان، نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شووڕاکان لە ئێران و هەروەها نزیکبوونەوە لە پێشکەش‌کردنی بوودجەی ساڵی داهاتوو بۆ مەجلیسی ئێران، جیا لەو باس و کێشانەی کە ڕۆژانە لەلایەن خەڵک، بەرپرسان و ڕاگەیەندنەکانەوە دەهاتنە ئاراوە، ڕەوتی ڕووداوەکان ئاڕاستەیەکی بەربلاوتر و قوواڵتریان بە خۆیانەوە گرتوە و ئەمجارە لایەنەکانی نێو دەسەڵات زیاتر لە پێشوو بەربینگیان بە یەکتر گرتوە و یەکتریان زیاتر تومەتبار کرد و تەنانەت جاروبار ڕەوتەکە بابەتە قەراغ و تایبەتییەکانیشی گرتوەتە خۆی.

یەکێک لەو باسانەی کە لەم دواییانەدا ئەگەر نەڵێین گرینگی پێ دراوە بەڵام لانیکەم زۆرترین لێدوانی لەسەر دراوە باسی گەندەڵیی جۆراوجۆر لە ناو، دەسەڵاتداران و دامودەزگاکانی ڕێژیمە. هەرچەند ئەم شێوازە لە ئەدەبیاتی دەسەڵاتداران شتێکی نوێ و نائاشنا نیە، بەڵام گرینگی لێدوانەکانی ئەمجارە و شێوازی دەربڕینیان و تاوان خستنە پاڵ یەکتر، بەر لەوەی کە هۆکاری تایبەتی هەبێ، زیاتر بەرهەمی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات و دۆخی کۆمەڵگەیە. لێردا چەند ڕەهەندێک لەو ڕووکارە باس دەکەین کە بە نێو ناخی کۆی کۆمەڵگەدا ڕۆچوە.

ڕووکاری دەرەوە

خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش هەرگیز ئەوەی نەشاردوەتەوە کە یەکێک لە ئامانجەکانی لەپێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە، بەدەر لە چوارچێوە ناسراو و فەرمییەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک، بەر لەوەی کە پاراستنی بەرژەوەندی یان کاریگەریدانان بێ، سیاسەتی دەستێوەردانە بە هەر نرخێک.کۆمەڵێک دامودەزگای جۆراوجۆری بۆ ئەم مەبەستە دامەزراندوە کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە دەسەڵاتداران دەزانن کە چۆن بەڕێوە دەچێ و بڕی تێچوو و بوودجەکانیان چەندە. یان ئەو یارمەتییە ماڵییانەی کە بەردەوام بەو گرووپە دەرەکیانە دەکرێ، کە جگە لەو ڕێژیمە کەس دانیان پێدا نانێ. بێگومان دەرنجامە خێراکانی ئەمجۆرە سیاسەتانە بریتیە لە: سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بە بەردەوامیی لەسەر ئێران و بێبەش کردنی کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو ئەو ئیمکاناتە نوێ و جۆراوجۆرەی کە دەست پێڕاگەیشتنیان، خزمەتێکی گەورە بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەکا. هەروەها تەرخان کردنی بڕێکی بەرچاو لە بوودجەی ئەم وڵاتە بۆ ئامانجێک کە تا ئێستا جگە لە نەهامەتی هیچ دەسکەوتێکی تری بۆ کۆمەڵگەی ئێران نەبوە.

ئەم جۆرە لە سیاسەت کردن بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە بەرامبەر بە دنیای دەرەوە، ئاکامەکەی جگە لەو دۆخە کارەستبارەی کە ئێستا کۆمەڵگە بەدەستیەوە دەنااڵێ، لە هەمان کاتدا گوشارێکی بەربڵاو و گشتگیری نێودەوڵەتیشی خستۆتە سەر خودی سیستەمی سیاسی کە لە جیاتی گۆڕانکاری جیددی لە سیاسەتەکانیان، بە شێوەیەکی فۆرمالیتە و بێ ئەوەی لە هۆکاری ڕاستەقینە بگەڕێن، کەوتوونەتە یەکتر تۆمەتبار کردن کە کێ مووچەی زیاتر وەردەگرێ و کێ لە ئابووری‌دا ناشەفافی دەکا.

ڕووکاری نێوخۆ:

لەلایەک بااڵی تووندڕەوی نێو دەسەڵات بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەت بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە، کەوتوونەتە گیانی کابینەی دەوڵەت بۆ ئاشکرا کردنی گەندەڵیی جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەران و وەزیرەکان. کە دیارە لەم بازاڕە دەسکردەدا، هیندێک بەرپرسیان لەقاو داوە، بەاڵم ئەوەی کە چ جۆرە هەڵوێستێکیان لەبەرامبەردا ڕەچاو کراوە یان دەکرێ نە تەنیا هیچ ڕوون نیە بەاڵکوو دەبینین کە هەروا لە دەسەاڵتدا ماون. لەلایەکی دیکەوە حەسەنی ڕوحانی و کابینەکەی کە بێگومان لە هەموو دەسەاڵتدارانی تری ئێران باشتر دەزانن کە کۆمەڵگەی ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە لە چ دۆخ و قەیرانگەلێکی هەمەلایەنە دایە، بەردەوام باس لە دۆستایەتی و پیادەکردنی سیاسەتی نەرمتر لەگەڵ دنیای دەرەوە دەکەن.

ئەگەر لە هەوڵەکانی دەسەاڵتدارانی ئێران بۆ باشکردنی لانیکەمی ژیان و گوزەرانی خەڵک و کەمکردنەوەی گوشارە دەرەکییەکان لەسەر ڕێژیم، ورد بینەوە، دەبینین کە خۆیان باش بۆیان دەرکەوتوە کە تا ئێستا بەرهەمهێنەری چ دۆخێک بوون. تەنانەت

وایان لێهاتوە کە بە بچووکترین پێشکەوتن لە هەر بوارێکدا شاگەشکە دەبن و دەیکەنە خۆراکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان.

ماوەیەک لەمەوبەر سەرچاوە فەرمییەکانی ڕێژیم و ڕێکخراوە ئابووریی نێونەتەوەییەکان باسیان لە ئاستی گەشەکردنی (تەولیدی ناخالیسی نێوخۆیی) لە ساڵی ١٣٩٥ بە ڕێژەی سەدا ٧.٤ کرد. لە هەمان کاتدا سندووقی نێونەتەوەیی دراو وێڕای ئاماژە کردن بەم گەشەسەندنە، دانی بەوە داهێنا کە ئاستی هەژاری و بێکاری لە ئێران‌دا هەروەک پێشوو جێگیرە. ماوەیەکی زۆرە کە بابەتی مووچەی خیاڵی بەرپرسانی ڕێژیم هاتوەتە بەرباس و تەنانەت عەلی لاریجانی لەم پێوەندییەدا وتی: «بەڕاستی ئەم کەسانە ئەم مووچەیە بۆ چ جۆرە خزمەتێک وەردەگرن، یان ئەوەی کە نابێ بابەتی مووچە خیاڵییەکان وەک موزایەدەیەکی سیاسی کەڵکی لێ وەربگیری». حەسەنی ڕوحانی لە دوای پەسندکردنی بەرنامەی بەرجام، لە هەوڵی ئەوە دابوە کە بتوانێ سەرمایەگوزاری بیانی لە بواڕە جۆراوجۆرەکان بۆ نێوخۆی ئێران ڕابکێشی، بەاڵم لە بەرامبەردا، ناوەندەکانی سەر بە وەلیی فەقیە وەک سوپای پاسداران بە هێرش کردنە سەر ئەمجۆرە سیاسەتە ئابووریانە، دەیانەوێ خۆیان ببنە ئاڵترناتیوی هەر پڕۆژەیەکی سەرمایەگوزاری. تەنانەت لەم ڕۆژانەدا سوپای پاسداران باسی لە پڕۆژە جووتیاریەکانی خۆی لە ئێران‌دا کردوە کە دەیانەوێ لەم بوارەش‌دا چاالک بن. هەروەها لە دواییں لێدوانی بەرپرسی ئەنجوومەنی بەرزی کار لە ئێران، وتراوە کە ئاستی جێگیر بۆ هەقدەستی کرێکاران لە ساڵی ١٣٩٦دا (٢ میلیۆن و ٤٨٠ هەزار تمەن) دیاری کراوە. بەاڵم لەڕاستی‌دا سەرچاوەکانی دابینکردنی ئەم لانیکەمە لە هەقدەست یان لە بنەڕەت‌دا سەرچاوەکانی دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ کرێکاران نە دیارە و نە ئاماژەی پێکراوە.

هیچ گومانی تێدا نیە کە هەر جۆرە شرۆڤە یان لێکدانەوەیەکی ئابووری بە بێ بوونی داتای پێویست و ورد ناتوانێ ڕەنگدانەوەی دۆخی ڕاستەقینەی ئێران بێ. بەاڵم کاتێک لەنێو خودی دەسەاڵت‌دا ئامارە ئابووریەکان دەخرێنە ژێر پرسیارەوە، ئێمە دەتوانین باوەڕ بە کام ئامار بکەین. لە کاتێک‌دا کە ڕەخنەی جیددی لە کۆی گشتیی سیاسەت و سیستەمی ئابووریی ئێران لەگەڵ هەموو ناشەفافییەکانی هەیە، بەاڵم لایەنەکانی نێو دەسەاڵت بە گەرمکردنی بازاڕی یەکتر تۆمەتبار کردن بە گەندەڵی، بابەتی (مووچەی خیاڵی) دەکەنە هێمایەک بۆ دژایەتی یان نەهیشتنی گەندەڵی. ئەمە و هەمووی ئەو نموونانەی لەسەرەوە باسکران، ئاماژەیەکی بەهێزن بۆ الوازی یان دەسبەستراوەیی کابینەی حکوومەت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی یان نەبوونی هیچ خواست و ئیرادەیەکی جیددی لەلایەن کۆی سیستەمەوە بۆ چاکسازی ئابووری.

بێگومان، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی ڕێژیمیش بێ، ناچارن لە هێندێک بواردا هێندێک چاکسازی ئابووری بکەن، بەاڵم ئەوەی تا ئێستا و وێڕای قەیراناوی بوونی بارودۆخەکە بینراوە، بۆمان دەردەخا کە لەم بوارەدا لانیکەم دوو بەربەستی جیددی لە ئاراداان. یەکەم، بێتوانایی دەسەاڵتدارانە لە بواری بەڕیوەبەریی ئابووری و دووهەم، بەرژەوەندی ڕەهای گرووپەکانی نێو دەسەاڵت لەم فۆرمە لە بەڕێوەبردنی ئابووری، کە ڕێگرێکی بەهێز بووە لە بەردەم هەر جۆرە چاکسازیەک.

ژینگەیی

دۆخی ناڕەباری ژینگەیی ئێران و هاواری پەنگخواردووی جەماوەر

تەها ڕەحیمی

لە حاڵێکدا ناوچەی ڕۆژهەاڵتی ناڤین، قۆناغێکی هەستیار و ئاڵۆز و یەکاڵکەرەوە تێپەڕ دەکا، هەندێک وڵاتان بە بارمتەگرتنی ئاراستەی گۆڕانکاریەکان، هەوڵی پاراستنی دۆخی ئارایی دەدەن و بە بلوکبەندی و تێوەگلاندنی وڵاتان و گەالن و ئایین و ئایینزاکان دەیانەوێ بەستێنی گۆڕانکاریەکان بگرنەدەست و بە ویست وبە پێی ئایدیۆلۆژیای خۆیان ئاڵۆگۆڕەکان تێپەڕێنن و گرەنتی هێژمۆنی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا مسۆگەر بکەن و خەون بە ئیمپراتۆری و دەسەاڵتە ملهوڕەکانی مێژووە دەبینن. یەکێک لەو وڵاتانەی کە سەردەمێکی زۆرە بووەتە نەک هەر کێشە بۆ ناوچەکە و گەالنی چوارچێوەی سیاسی خۆی، بەاڵکوو بە پێچەوانەی ویستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش هەڵسوکەوت دەکا و لەم سۆنگەیەوە خەڵکی وڵاتەکەی تووشی فەقیری و هەژاری و دواکەوتوویی کردوە، ئێرانە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەی خاوەن سامان و سەرچاوەی بەنرخی ئابووری و هەوڵکەوتەی بەهێزی جوگرافی، ئێرانێک کە سەرەڕای هەبوونی هێزێکی مرۆیی و پوتانسیێلێکی ناوازە و حەشیمەتێکی گەنج، هەنووکە بەهۆی بەڕێوەبەری نادروست و زاڵبوونی سیستمێکی پاوانخواز و دواکەوتوو، بە دەسەاڵتی سەدە ناڤینی ناوی دەرکردوە، هاوهەنگاو دەگەڵ ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییەی ناوچەکەی هەڵیگرتووە، لە نێوەوەی خۆیدا دەکوڵێ و هاواری پەنگ خواردووی گەالنی ژێردەستە لەو وڵاتە هەر دەم زیاتر لە تەقینەوەی جەماوەری نزیک دەبێتەوە. نزیک بە چوار دەیە دەسەاڵتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ناشیرین کردنی ناوی ئێران بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی، دە باڵ خۆیدا زیاترین هەاڵواردن و ستەمی دەرهەق بە نەتەوە بندەستەکان پێڕەو کردوە، ئەو نەتەوانەی لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکان بێبەش کردوە و، ناوچە و یەکاڵکەرەوە تێپەڕ دەکا، هەندێک وڵاتان بە بارمتەگرتنی ئاراستەی گۆڕانکاریەکان، هەوڵی پاراستنی دۆخی ئارایی دەدەن و بە بلوکبەندی و تێوەگلاندنی وڵاتان و گەالن و ئایین و ئایینزاکان دەیانەوێ بەستێنی گۆڕانکاریەکان بگرنەدەست و بە ویست وبە پێی ئایدیۆلۆژیای خۆیان ئاڵۆگۆڕەکان تێپەڕێنن و گرەنتی هێژمۆنی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا مسۆگەر بکەن و خەون بە ئیمپراتۆری و دەسەاڵتە ملهوڕەکانی مێژووە دەبینن. یەکێک لەو وڵاتانەی کە سەردەمێکی زۆرە بووەتە نەک هەر کێشە بۆ ناوچەکە و گەالنی چوارچێوەی سیاسی خۆی، بەاڵکوو بە پێچەوانەی ویستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش هەڵسوکەوت دەکا و لەم سۆنگەیەوە خەڵکی وڵاتەکەی تووشی فەقیری و هەژاری و دواکەوتوویی کردوە، ئێرانە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەی خاوەن سامان و سەرچاوەی بەنرخی ئابووری و هەوڵکەوتەی بەهێزی جوگرافی، ئێرانێک کە سەرەڕای هەبوونی هێزێکی مرۆیی و پوتانسیێلێکی ناوازە و حەشیمەتێکی گەنج، هەنووکە بەهۆی بەڕێوەبەری نادروست و زاڵبوونی سیستمێکی پاوانخواز و دواکەوتوو، بە دەسەاڵتی سەدە ناڤینی ناوی دەرکردوە، هاوهەنگاو دەگەڵ ئەو شەپۆلە گۆڕانکاریەی ناوچەکەی هەڵیگرتووە، لە نێوەوەی خۆیدا دەکوڵێ و هاواری پەنگ خواردووی گەالنی ژێردەستە لەو وڵاتە هەر دەم زیاتر لە تەقینەوەی جەماوەری نزیک دەبێتەوە. نزیک بە چوار دەیە دەسەاڵتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ناشیرین کردنی ناوی ئێران بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی، دە باڵ خۆیدا زیاترین هەاڵواردن و ستەمی دەرهەق بە نەتەوە بندەستەکان پێڕەو کردوە، ئەو نەتەوانەی لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکان بێبەش کردوە و، ناوچە و نیشتمانی نەتەوە بندەستەکان تەنیا سەرچاوەیەکن بۆ دابین کردنی کەرەسەی خاوی کارگە و پیشەسازی ناوەند و هەڵێنجان و تاڵانی سامان و سەرچاوە ژینگەیی و ژێرزەوییەکانیان بۆ دابین کردنی تێچووی سیاسەتە چەوت و دروستکردن و تەیارکردنی گرووپ و میلیشیای سەر بە ویلایەتی فەقیە لە جیهان وبە تایبەت ناوچەی ڕۆژهەاڵتی ناڤینە. ڕووتاندنەوەی دەرودەشت و شاخ و هەردی نیشتمان، دادڕینی چیا و دۆڵ و شیو، هەڵکەندنی پێدەشت و گۆڕاییەکان، هەمووی و هەمووی تەنیا بۆ دەست خستنی هەرچی زیاتری دراو و دارایی زیاتر لە پێناو بەهێزکردنی دامودەزگاکانی سەر بە ویلایەتی فەقیە و بەتایبەتی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنییەتەکان بووە، دەگەڵ ئەوەشدا بە بێگانە ڕوانین لەو کەوشەن و نیشتمانە و ئاوەدان‌نەکردنەوەی ئەو ناوچانە و پێکنەهێنانی دەرفەتی کار و ژیان لەو هەرێمانە، بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵک بۆ دەستخستنی بژێوی ژیان، یان ڕوو لە ناوەند بکەن، یان ئەوەی ئەوانیش هاوکات دەگەڵ پڕۆژە وێرانکەرەکانی دەسەاڵت ژینگەی ناوچەکان هێندی دیکەش تێک بدەن و ئێستا بە کردەوە، هاوکات دەگەڵ تێکچوونی باری کەشوهەوای جیهانی ژیان لەو ناوچانە سەخت و ئەستەم بێ و سەرباری ئەوەش نەبوونی خزمەتگوزارییەکی شایانی پشت پێ بەستن، هێندی دیکە ژیانی ئاسایی پەک بخا. ناوچە عەرەبییەکانی ناو چوارچێوەی ئێران کە زیاتر خۆیان لە باشووری ڕۆژاوا و بەتایبەت خوزستاندا دەبینرێنەوە، بەهۆی بوونی نەوت و سەرچاوەی بەکاڵکی دیکە، بەر لەو ڕێژیمەش کەوتوەتە ژێر چەقۆ و، سەرەڕای ئەوەیکە وەک نامەحرەم لەو چوارچێوە سیاسییەدا وەک زۆربەی گەالنی دیکەی بندەست لێیان دەڕوانرێ، دەکرێ باڵێین دەگەڵ گەلی کورد لە ڕۆژهەاڵت بەشی شێری وێرانکاریی شەڕی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەی ئێران و عێراقیان بەر کەوت، کە لە سایەسەری دروشمە خەیاڵاوییەکانی ڕێژیم و ڕێبەرانییەوە دوورودرێژ کرایەوە. ئەو گەلە و تێکڕای گەلە بندەستەکانی دیکەی ئێران بێبەش نەبوون لە سیاسەتی تواندنەوە و بێبەش کردن و هەاڵواردن، هەرکاتیش دەنگی ناڕەزایەتییان بەرز کردبێتەوە، وەک هەمیشە ڕێژیم دەگەڵ داتاشینی دوژمنی دەرەکی و هاندانیان لە الیەن نەیارانەوە، قسە و قسەاڵوکی بێ مانا و مندااڵنە و کەسانیخوازی ئەوان و بە زیاتر ئەمنییەتی کردنی ناوچەکانیان، هەرچی زیاتر ڕەنگی ژیان و ئاوەدانی‌یان لێ سڕیونەتەوە و ناکارامەیی و سیاسەتە هەڵەکانی خۆیانیان بە کرداری خەڵک پینە و پەڕۆ کردوە. دەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەی لە سایە سەری دەسەاڵتی ویلایەتی فەقیەوە تووشی خەڵکی ئێران بووە، پڕۆژە زێدەخوازانە ئابووریەکانی ئەو وڵاتانەی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەاڵتی ناڤینیان لێوە سەرچاوە دەگرێ و هەروەها ئاڵوگۆڕ و ئاڵۆزی و پشێوی و پێکدادانە دوانەهاتووەکانی دراوسێکانی وەک عێراق کە ڕووبەڕێکی زۆری بیابان و بێڕووە، دانیشتووانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای چەند هێندەی دیکە تووشی نەهامەتی کردوە. چەند ساڵە شارە کوردی و عەرەبییەکانی ڕۆژهەاڵتی ئێران، ساڵانە تووشی تۆز و خۆاڵ و کەشوهەوایەکی نالەبار دێن کە زیاترین زەرەر و زیان بە مرۆڤ و بەگشتی ژیان و بوونەوەرانی ئەو ناوچانە دەگەیەنێ. دەگەڵ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە هاوهەنگاوی ناوچەیی و جیهانی پێویستە، بەاڵم کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ بەرەنگاری ئەو گرفتارییە ژینگەییە نەناوە، بەاڵکوو دەکرێ بڵێین خۆی هاندەر و فاکتەری سەرەکی زۆربەی ئەو ئاژاوە و درێژەکێشانی بارودۆخی نالەباری سیاسی و ئەمنییەتی ناوچەکەیە. کەچی بەرپرسە بەناو ئایینی‌یەکانی وڵات هۆکاری بانئاسایی و ڕەفتاری و ئایینی بۆ ئەو کێشانە دەدۆزنەوە و بە هێنانەوەی بیانووی پڕوپووچ و قسەی حەلەق مەلەق لە تریبۆنەکانیانەوە خەڵک و گوێڕایەڵ نەبوونیان بە دەسەاڵتی وێالیەت فەقیەوە دەکەنە سەرچاوەی دروستبوونی ئەو کێشانە. هاوکات دەگەڵ سەرکوتی ڕێژیم زۆرێک لە الیەنە بەناو ئۆپۆزیسیۆنە هەندەران نشینەکانیش بە هاوگوتاری کۆماری ئیسلامی لە جیاتی قسە لەسەر چارەسەری کێشە و ئاریشەی دانیشتووانی ناوچە بێبەشەکان، مۆرکی جیاییخوازی لە هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی خەڵک دەدەن و زیاتر فیکر و خەیاڵی یەکپارچەیی وڵاتێکی هەمەڕەنگی پڕ لە هەاڵواردنی ئێران، ئارا و قارای لێهەڵگرتوون و بوونەتە تریبوونی بیانووە پێکەنیناوییەکانی سەرکردە نالێهاتووەکانی کۆماری ئیسلامی بە چەشنێکی دیکە. لە حاڵێکدا بۆ بە یەکپارچەهێشتنەوەی سنووردێک و پێکهاتەیەک، تەنیا ڕەچاوکردنی مافە مرۆیی و بایەخە بەرزە گشت پەسندەکان و دروستکردنی بەرژەوەندی هاوبەش پێویستە نەک، زاڵکردنی ترس و تۆقاندن و کۆڵەوارکردن و کاول کردنی بەشێک لە وڵات.

> "یەکێک لەو وڵاتانەی کە سەردەمێکی زۆرە بووەتە نەک هەر کێشە بۆ ناوچەکە و گەالنی چوارچێوەی سیاسی خۆی، بەڵکوو بە پێچەوانەی ویستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش هەڵسوکەوت دەکا و لەم سۆنگەیەوە خەڵکی وڵاتەکەی تووشی فەقیری و هەژاری و دواکەوتوویی کردوە، ئێرانە "

> "کەچی بەرپرسە بەناو ئایینی‌یەکانی وڵات هۆکاری بانئاسایی و ڕەفتاری و ئایینی بۆ ئەو کێشانە دەدۆزنەوە و بە هێنانەوەی بیانووی پڕوپووچ و قسەی حەلەق مەلەق لە تریبۆنەکانیانەوە خەڵک و گوێڕایەڵ نەبوونیان بە دەسەاڵتی وێالیەت فەقیەوە دەکەنە سەرچاوەی دروستبوونی ئەو کێشانە "

حەمەڕەسوڵ کەریمی

لە پەراوێزی ٨ ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان

لە مێژووی پڕ لە ڕووداو و پڕ کارەساتی دەوروبەری خۆمان و جیهان دا ، گەلێک ڕۆژ و بۆنەی جۆراوجۆر و تایبەتی هەن کە لێ وردبوونەوە و خوێندنەوە و ڕێزگرتنیان دەتوانێ ڕەنگدانەوەی تایبەت بە خۆی لە سەر کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستان هەبێ. ڕێزگرتن لە بۆنەیەکی تایبەتی نە تەنیا زروورەتێکی مێژووییە، بەڵکوو یادکردنەوە و ڕێزگرتنی ئەو ڕووداوە و یا ئەو مێژووە، دەبێ بیێتە دەرفەتێک بە دژی دیکتاتۆری و هاوکاتیش ووزە ببەخشێ بە هەموو ئەو کەسانەی کە خەبات بە دژی زۆرداری و چەوسانەوە دەکەن.

یەکێک لەو ڕۆژە مێژوویانەی گەلانی جیهان ڕۆژی ٨ ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنانە. ئەم ڕۆژە وێرای ئەوە کە باس لە خەباتی یەکسانیخوازی و ئازادی دەکات ، لە هەمان کاتدا تێکۆشەران و ئازادیخوازن ، وەبیر خەباتی لە پسان نەهاتووی ژنانی گەلانی دیکەی جیهان بۆ ئازادی ، یەکسانی و وەدیهێنانی مافەکانی خۆیان دەخاتەوە. لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوو دا ژنان بە گشتی خەباتی خۆیان ئۆرگانیزە و بە ڕێکخراو کردووە و بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان لە هەموو دەرفەتێک کەڵکیان وەرگرتووە. ئەمڕۆ ژنان بە ئاوڕدانەوە لە ژنانی پێشەنگی وەک کلارا زیتکین کە لە ساڵی ١٩١٠ی زائینی دا بۆ یەکەم جار خۆپێشاندانی بە دژی ناعەدالەتی و نایەکسانی و نابەرابەری ڕێکخست ، ئەوە خەباتی خۆیان چڕوپڕتر کردووە و بە بێ گوێدان بە هەڕەشە و ئازار و ئەزییەتی دەسەلاتدارانی دیکتاتۆر ، خەباتی خۆیان لە بواری جۆراوجۆرەکانی سیاسی ، کۆمەلایەتی ، ئابووری ، مەدەنی و مێدیایی دا بەو پەری لێهاتوویی‌یەوە بەڕێوە دەبەن.

ئەگەر لە لایەک دەسەلاتداران بوونە هۆ و بەربەستی گەشەی کاری و هاتنە مەیدانی زیاتری ژنان، ئەوە لە لایەکی دیکەشەوە کولتوری پیاوسالاری لە کۆمەڵگا دا بۆتە هۆکارێکی دیکەی گەشەی ژنان. لە سەرێک ئێستا ژنان بە ماف و ویستەکانی خۆیان ئاشنان و زۆرێک لە ژنان قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵیوە بۆ ئەوەی زیاتر بدرەوشێنەوە و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا شان بە شانی پیاوان و بگرە زیاتریش لە مەیدانە جۆراوجۆرەکان دا دەدرەوشێنەوە.

هەموو ئەو کۆمەڵگا جیهانیانەی کە ئەمڕۆ وەک وڵاتانی پێشکەوتوو بە ئەژمار دێن ، ئەوە بێ شک ڕۆڵ و نەخش و کاریگەری ژنانی بوێری کۆمەڵگایان تێدا ڕەنگ دەواتەوە، هەر کۆمەڵگایەک بیهەوێ ژن لە پەراوێز بخات بێشک ئەو کۆمەڵگایە زۆربەی دەرگاکانی ئازادی و یەکسانی بە ڕووی خۆیدا داخستوون و ئەوەش هەم کۆمەڵگاکە وەدوا دەخا و هەمیش پێشێلی جارنامەی گشتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە ژن وەک ئامرازێک بۆ نێوماڵ و بۆ بنەماڵە چاو لێدەکەن بێ گومان ئەو کۆمەڵگایە، ناتوانێ باس لە ئازادی و لە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکات ، ئەمرۆ مافەکان بۆ ژن و پیاو و بۆ دانیشتووانی کۆمەڵگا لە جاران زیاتر ڕوون و ئاشکران، هەر بۆیە ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کوردستان قەبوولی نابەرابەری و نایەکسانی ناکەن و چیدی خۆیان بە پاشکۆی کۆمەڵگا و پیاوان نازانن و هاوکاتیش خۆیان نەک پێ مرۆڤی دەرەجە دوو نییە بەڵکوو لە زۆر بواردا پێشەنگی کاری هەرەوەزی و کاری ڕێکخراوەیی و کاری مەدەنین.

ئەگەر لە هەندێک وڵاتی ئیسلامی و یەک لەوان ئێران بە هۆی ئایین و کولتور و بە هۆی دواکەوتوویی ، پێش بە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی ژنان گیراوە و نەیانهێشتووە بە ئارەزووی خۆیان لە کۆمەڵگا دا بە مەبەستی گەشە هەنگاو بەرەو پێش هەڵبێننەوە، ئەوە ژنانی بوێر و چاوکراوە بە هۆی بردنە سەری پلەی زانیاری خۆیان توانیویانە لە زۆر شوێن و لە زۆر بواردا خۆیان دەربخەن و سەرکەوتنەکانی خۆیان بە گوێی دەسەلاتدارانی ئایینی ئێران بگەیێنن. ژنان لە ئێران و لە کوردستان دا زۆر سەردەمیانە خەبات بە دژی یاسا کۆن و داڕێژراوەکانی دەستی مرۆڤ و ئایین و کولتوری دواکەوتووانە دەکەن و لە مەیدانی کردەوەدا و لە هەموو دەرفەتەکان بە قازانجی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە. هاتنە مەیدانی ژنان وەک مامۆستای قوتابخانە، شاعیر ، نووسەر ، ژەنیاری موزیک، گۆرانیبێژ، وێنەکێش ، وەرزشکاری بە توانا، فیلم ساز ، مێدیاکار ، خوێندکاری سەرکەوتوو ، ئەندازیار و دوکتور و جیا لەوانەش وەک ژنی بوێر و نەترس و سیاسیکار نیشانەی چوونە سەری پلەی زانیاری ژنان نیشان دەدا، ئەمرۆ ژنانی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر بە هاتنە مەیدانیان ژنیان لە قۆزبنی ماڵ هێناوەتە دەر و چیدی ژنان خۆیان وەک ئامرازی کاری بنەماڵە و ساحەب کار و دەسەلاتداران نابینن.

ژنانی کورد ئەمڕۆ زیاتر لە ڕابردوو هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن و شان بە شان پیاوی کورد لە زۆر بواردا هەوڵی بێ‌وچان دەدا و وەک جاران تەنیا خۆی بە ملکی چواردیواری ماڵەوە نازانێ و لە کاتی تەنگانە و نەهامەتی دا وێرای پیاوان بەرەو بازاری کار و بەرەو کاری سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەچێ و لەوەش زیاتر بە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی و بەرگری لە خاکی نیشتمان زیاتر ڕێگا بۆ ئازادی نەوەی داهاتوو خۆشتر دەکات. ژنانی کورد ئەمڕۆ پێشەنگی خەباتێکی بەرچەق و ڕەوای گەلەکەیانن و چیدی خۆیان بە کاری لاوەکی و تاقەت پڕوکێنی ڕابردووەوە خەریک ناکەن و زیاتر لە جاران هەوڵ بۆ خۆ ڕێکخستن و خۆ دەرخستن دەدەن و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە دەسەلاتدارنی ئێران بە گرتن و ڕاودونان و هەڕەشە کردن ژنان چاوترسێن بکەن و لە گرتووخانەکانیش دا ئەوپەڕی بێحورمەتی بە کەسایەتی و بە جەستەیانەوە بکرێ.

ژنانی کورد لە پێناو وەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانی دا قوربانی زۆریان داوە ، هەر بۆیە ئەمڕۆ بە خوێندنەوەیەکی دیکە و بە شێوازێکی سەردەمیانە هاتوونە مەیدان و هەوڵ دەدەن کە هەموو کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای کار و خەباتیان تەخت بکەن.

دەسەلاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستان دا هەمیشە هەوڵی سەرکوت کردنی گەلی کوردیان داوە و لە ماوەی سەدەی ڕابردوو دا بە هەموو شێوەیەک بۆ سەرکوتی نەتەوەی کورد بە گشتی و ژنان بە تایبەتی لە هەموو ئامرازگەلێکی نائینسانی کەڵکیان وەرگرتووە. گەلی کورد بۆ ئەوەی کەیانی نەتەوەیی خۆی بپارێزی بە دڕووست کردنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بە گژ دەسەلاتداران و دیکتاتۆرانی سەردەم دا چۆتەوە و نەیهشتووە کە بیری ئازادیخوازی نەتەوەی کورد لە بیر ژن و پیاو و لاو و گەنجی نیشتمان بچێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی سیاسی بە دڕووست کردنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی کوردستان دەرگای بە ڕووی ژنان دا کردەوە بۆ ئەوەی خەباتی خۆیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی دا بەرێوەبەرن و ئەوەش بوو بە سەر فەسڵێکی نوێ بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو ژنانەی کە ڕوانگە و بیروبۆچوونی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەیە دا دەدیتەوە. لە دوای دڕووست بوونی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و خەباتی نەپساوەی ئەو ڕێکخراوەیە لە تەنیشت حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە خۆشیەوە بە سەدان ژن و کچی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەو ڕێکخراوەیەدا خەباتیان بە دژی ناعەدالەتی و نایەکسانی لە کۆمەڵگا دا کردووە و دواتریش لە ژێر هێژموونی ژنانی پێشەنگ دا چەکی پێشمەرگایەتیان لە شان کردووە.

ژنانی نێو ڕیزەکانی شۆڕش و بە تایبەت لە نێو ڕیزەکانی حدک دا، لە هەموو بوارەکانی پێشمەرگایەتی دا ، لە سەنگەری بەرگری و هێرش ڕا بگرە تا کاری قورسی نەخۆشخانە، چاپەمەنی، تەلەفونخانە، بەرێوەبەری ئۆرگان، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ، ئەمنییەت و پاراستن دا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان گێڕاوە. ژنانی نێو شۆڕش بە هەوڵ و هیممەت و ئیرادەی پتەوی خۆیان قۆناخەکانی خەباتی شاخ و کەمپیان بە سەربەرزی بڕیوە و لە هەموو ئەو قۆناخانەش دا بە لێزانی و لێبراوی خۆیان توانیویانە پلەکانی بەرپرسایەتی یەک بە دوای یەکدا ببڕن و تەنانەت لە ڕادەی سەرەوەدا و لە ڕێبەری حیزبدا جێگا و پێگەی خۆیان ببینەوە.

هەر ڕێکخراوێکی سیاسی لە حاڵی خەبات و تێکۆشان و بەرێوەبەری و دەسەلاتدا ، ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ لەبەرچاو نەگرێ، ئەوە بێشک ئەو ڕێکخراوەیە ، ڕێکخراوەیەکی داخراوە و ناتوانێ ویست و داخوازی هەموو کۆمەڵگا وەدی بێنێ و لە هەمان کاتدا ناتوانێ ببێتە نوێنەری هەموو تویژەکانی کۆمەڵگا، هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی خاوەن ئەزموون و خاوەن پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا ، لە بەشێک لە بەرنامە و ئامانجەکانی خۆی بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا و لە فەسڵی پێنجەم دا (پڕنسیپ و ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستان) و لە ماددەی هەژدەهەم دا : یەکسانیی ژن و پیاو دا ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوە دەکا و بە پشت بەستن بە باوەری یەکسانی خاڵەکان ڕوون دەکاتەوە:

١ ـ حکوومەتی کۆماری کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاوردنێک بە دژی ژنان، دابینکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە نێو خێزان و لە کۆمەڵ دا، و لە مەیدانی کار و دەسەلات و بە گشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری‌دا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ و بەرنامەی چڕوپڕ لەو پەیوەندی‌یەدا دادەڕێژێ و بەڕێوەی دەبا.

٢ ـ کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمەکانی تەبعیزی موسبەت وەک سیستەمی کۆتا لە هەڵبژاردنی پارلەمانی دا و دیاریکردنی ڕێژەیەکی گونجاو لە پۆستە بەرپوەبەرییەکان بۆ ژنان یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ.

ئاماژە کردن بەو خاڵانە بۆ ئەوەیە کە ژنی کورد و ژنانی دانیشتووی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەتوانن بە پشت بەستن بەو خاڵانە ، زیاتر لە بیری یەکسانیخوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان نزیک ببنەوە و هاوکات هەوڵ بۆ دڕووست کردنی ڕێکخراوەی مەدەنی و کاری هەروەزی بدەن و خۆیان لەگەڵ ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕێکبخەن و هەموو هەوڵەکان لە تاکەوە ببنە هەوڵی گشتی و بە لێک نزیکبوونە دەتوانین کاریگەری زیاترمان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕەوتی مێژوو هەبێ.

لە کۆتایی دا هیوادارام کە هەموو ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی بە ماف و ویستەکانی خۆیان بگەن و بە دڕووست کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان پێش بە هەموو نابەرابەری و نا عەدالەتی‌یەکانی دیکتاتۆران و دەسەلاتدارانی خۆسەپێن بگیرێ.

مێژووی زیندوو



هەیاس کاردۆ

ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر ئەحمەد نستانی

ئەو، یەکی کورتە بالای دەم و چاو تێک چڕماوی نیو چاوان پڕگنجی چاو دەقوولەوە چووی برۆ بەسەر کشاوە. ئەوەندەی لەشی لاواز وبالای کورت وهەورازی تەمەنی لەبانە، سەت ئەوەندە ورەدار وبەئیمان و لەسەر پێیە. ئەو کەسێکە دەگەڵ ئازار ڕاهاتوە وساردی وگەرمیی ڕۆژگاری بە هەموو وجوودیەوە چێشتوە. هەرکە چاوت لێدەکا، بەخۆت نیە ئازای بەدەنت دەبێتە حورمەت و ناچاری لەبەرامبەر مەزنیی ئەودا سەر داخەی. شکڵی دەموچاو ومەندیی نیگای و ئوبووهەتی قەت نەگۆڕی، تایبەتمەندییەکیان داوەتێ کە لەخەڵکی دیکەیان جیا دەکاتەوە. برۆ پڕپشت و درێژەکانی بوونەتە چەتری سەرچاوی و لووتی چکۆلە ودەمی کەمتر بەبزەی ڕەمزی بەسامیی ئەون. قەت ناتوانی بەشڵوشەوێقی ببینی. ئەو، بەدایم پووزەوانە هەڵکێشراو، لیباسی ڕەسمی لەبەر کراو، جامانە لەسەر وخەنجەر لە بەرپشتێند، خەریکی درێژەدان بەو ڕێگا دوور و درێژەیە کە سەردەمانێکە بۆ گەیشتن بە ئازادی گرتوویەتە بەر. ئەو ئاشقە، بەڵێ ئەو بە هەموو مانای وشە ئاشقە. ئەو بەدایم چاوی لەو دوندەیە کە هەست دەکا خۆشەویستەکەی خۆی لێ حەشار داوە و هەربۆیە ڕوو بەسەر و بێ‌وچان خەریکی وەسەر کەوتنە. ئەوانەی بیانەوێ دەگەڵ ڕەمزی ڕاوەستان لەبەرامبەر دژوارییەکاندا ئاشنا بن پێویستە ماوەیەک لەلای ئەو بمێننەوە و سات بەسات دەرسی ژیانی لێ وەرگرن. ئەگەر پێشمەرگە ڕەمزی نەترسی وئازایەتی و فیداکارییە، ئەو هەیکەلی نەزم و بەردەوامی و دڵسۆزییە. ئەگەر ژیان بۆ خەڵکی دیکە مانای دیتنی جوانییەکان وکەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی ئەم جیهانەیە، بۆ ئەو مانایەکی دیکەی هەیە. ئەو هاتوەتە سەر جیهان هەتا ماناکانی چێژ وەرگرتن بگۆڕێ. ئەو پیشمەرگەیەکی خەباتکاری قەت نەوەستاوی بە برشتە کە دایمە باوەشی بۆ خۆشەویستی کراوەتەوە.

سەیرێکی سروشت بکە و لەناسکیی و بۆنخۆشیی گوڵ بڕوانە کە چۆن دڵی پیر ولاو دەبا. ئینجا خۆڕاگریی دارەبەن بێتە بەرچاو کە چۆن بەنێو دڵی خاکدا چوەتە خوار. تەمەنی گوڵ بەستراوەتەوە بەخزمەت کردنی، هەرکە ڕۆژێک ئاوی نەگەیشتێ سیس و ژاکاو دەبێ. ڕەگ ئاژۆیی دارەبەن بەنێو دڵی خاک دا ڕەمزی بەردەوام بوونیەتی. سروشت پڕە لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی لەو جۆرە. ژیانی ئینسان کۆپی‌یەکە لەوێنەکانی سروشت. ئەوانەی بە ناز گەورە دەبن وچاوەڕێی بەدەور داهاتنن ئەگەر بۆنیش بدەن کەم ماوەیە. ئەوانە کەدەگەڵ سەختی ڕاهاتوون و بۆ بەردەوامیی ژیان لەنێو دڵی خەڵکدا ڕەگیان داکوتاوە، بۆن و بەرامەیان هەموو وڵات دادەگرێ. پێشمەرگە کە وەک دارەبەن بەنێو دڵی خەڵکی کوردستان‌دا ڕەگ ئاژۆیی کردوە تەمەنێکی درێژی پڕ بەرهەمی هەیە.

***

لە مێژە خۆزگە و حەز و خولیای ئەوەمە لە ئەسراری خۆڕاگریی ئەو ئینسانانە حاڵی بم کە بێ پشوودان و چاوەڕوانی دەشت و دەری کوردستان دەپێون، تاڵی و سوێری دەچێژن، ئارەق دەڕێژن و خۆشی دەنێژن. زۆر دەمێکە هەڵوەدای ئەوەم بزانم بۆ «ئەحمەد نستانی» و تێکۆشەرانی وەک ئەو هەموو ژیان وتەمەنی خۆیان سەرفی ئامانجێک، ئاواتێک و ڕێگایەک دەکەن؟ دەمەوێ بزانم ئەوە چ تەلیسمێکە ئەوانەی بەستوتەوە وچ ڕازێک لەپشتی ئەو جەسارەت و بڕیارە گرینگە هەیە. پێم خۆشە پەی بەوە بەرم بۆ هەموو کەس ناتوانێ ببێتە ئەحمەد نستانی و هۆی چیە لە کۆمەڵ دا کەمی ئاوا هەڵ دەکەون. گەرەکمە بە ناخی ئەو مرۆڤە کەم وێنانە دا بچمە خوار و خوێن و ئێسک و دەماریان تاقی کەمەوە هەتا جیاوازییەکانیان بدۆزمەوە. ئەگەر توانای ئەوەم هەبایە دەموبست مەوجی ئیحساس وهەودای خەیاڵیان لە ژێر دەزگای تاقیکاریدا هەڵسەنگێنم و بزانم چۆن بیردەکەنەوە و بۆ ئاوا بیردەکەنەوە. داخی گرانم ئەوانە لەتوانای من بەدەرن و ئەوەی لەدەستم دێ کردنەوەی باوەشی خۆشەویستی ورێزگرتن بۆ توانا و هەستی پاکی ئەو کەسانەیە.

پیری نێو سەنگەر و هەڵکەوتەی مێژووی پڕ کارەساتی خەباتی چەکداری، ماندوویی نەناس کاک ئەحمەد نستانی کەسێکە دەبێ دەرسی فیداکاری و بەردەوامیی لێ فیر بین. ئەو وەک دارە بەنەکە، وا بە نێو دڵی خاک دا ڕەگئاژۆیی کردوە کە ویشکە ساڵی و تۆفان و وەیشوومە زەفەریان پێ نەبردوە. ئەو، بە جۆرێک ژیانی خۆی بەستوتەوە بە ئازادیی خەڵکەکەی کە لێک جوێ کردنەوەیان محاڵە. ئەو کارێکی کردوە کارستان و ڕێگایەکی پێواوە شارێگای ڕێگاکان. ئەو، گەیشتن بە ئازادیی کردوەتە ئامانجێکی نەگۆڕ وخەبات لەو پێناوەشیدا کردوەتە ئەرکی سەرشانی. ئەو، بەو بیرە دەرگای تێکۆشانی بۆ خۆی کردوەتەوە و هەر بەو بیرەشە کە دەیان ساڵە درێژەی دەدا. با لە خۆی ببیسین:

«ئەوەی پاڵی پێوەنام خۆم لەو مەیدانەدا ببینمەوە، کوردایەتی بوو، لەو ڕۆژەوە تاکو ئیستاش ئەو ڕۆحییەتەم هەر تێدا زیندووە. مەبەستم ڕزگار کردنی گەلەکەم لە چەوسانەوە، لەژێردەستی و زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستانە».

ئەحمەد نستانی هێشتا تازە لاوێک بوو(ساڵی ١٣٣٩) کە وێرای کاک عەبدول نستانیی هاوڕێی بۆ سەردان چوونە لای شەهید مینەشەم لە لای قەڵادزێ کە ئەو کات ناوبراو پێشمەرگەی نێو سەنگەر بوو. لەوێ مینەشەم کاک عەبدولی گێڕاوەو بەهۆی کەم تەمەنی کاک ئەحمەدی نارەوە. دواتر لە ساڵی ١٣٤١دا، کاک ئەحمەد چاوی بە تێکۆشەری شەهید کاک سولەیمان موعینی کەوت وبە ڕەسمی لەشانەیەکی ٥ کەسیدا سازمان درا. ئینجا ساڵی ١٣٤٣چەکی پێشمەرگایەتی دەشان کرد و ئیتر ڕۆح و گیان و هەست و هۆشی تێکەڵ ئەو حەرەکەتە بوو کە بۆ کوردایەتی و ئازادیی کورد وەڕێ کەوتبوو. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەو ئینسانە بێ وچان بەڕێوەیە وبێ پرینگانەوە لەهەوڵدایە. شانازی بۆ تێکۆشەر نستانی کەرەمزی ڕاوەستان و بەردەوامییە.

لە گەڕان بە دوای لێون بوودا، تێکۆشەر نستانی ئەگەر لەش و جەستەی ئازار داوە و بیرو هۆشی ماندوو کردوە، بەڵام زۆر دەرسی لە بیر نەکراویش فێر بووە و لەهەر پلیکانێکی سەرکەوتن تویشووی خۆی هەڵگرتوە. ئەحمەد نستانیی ئێستا کە بەفری دەیان ساڵ خەبات و کۆڵ نەدان لەسەری نیشتوە، وەک مامۆستایەکی بە ئەزموون وایە کە پێویستە دەرسی ژیان و شۆڕش بڵێتەوە. ئەو بە کۆڵەباریک لە تاقیکاری و بەدنیایەک لە زانیاری و بە دەریایەک لە ئاوات و ئارەزوو دەتوانێ تامی تاڵترین تاڵی و شیرینترین شیرینی‌یەکانمان پێ بچێژێ. ئەو دەتوانێ دەگەڵ خۆی بمانباتە تەشقی ئاسمان و لەوێڕا ڕەنگاوڕەنگیی زەوی و ئینسانەکانمان نیشان بدا. ئەو هەروەها دەتوانێ شاخەو شاخ، دۆڵاودۆڵ، دێ بەدێ و شارەوشاری کوردستانمان پێ بکا و نیشانەکانی بەرخۆدانی پێشمەرگەمان نیشان بدا. کاک ئەحمەد هەروەها دەتوانێ میژوویەکی سەرتاسەر پڕ لە فیداکاری بەڵام ئاوێتەی ڕەنج و زەحمەت و ئارەق و خوێنمان بۆ بگێڕێتەوە. ئەو، چاوی کامێرای تلویزیۆن، نووکی قەڵەمی هەواڵنیر و دەنگی ڕەسای رادیۆی شۆڕشە. ئەو کتێبێکە هەر لاپەڕەیەکی بەسەرهاتێکی تێدا تۆمار کراوە و کتێبخانەیەکە گەنجینەیەکی باییداری تێدا ڕاگیراوە. نستانی شاخێکە سەری لووتکەی بە هەورانەوەیە و دەریایەکە هەزاران شەپۆلی پڕ کەف و کوڵی تێدا کۆ بوەتەوە. ئەو پێشمەرگەیەکی قەت نەوەستاوی ڕێگای ئازادییە کە مەگەر خاک لە خەڵکی بکا. سوپاس بۆ کاک ئەحمەد کە میژووی خۆڕاگری و هاندانە.

کاک ئەحمەد ساڵی ١٣٤٣ بوەتە پێشمەرگە. ساڵی ١٣٤٦ بەرپرسی بەشێک لە پێشمەرگەکان لە ناوچەی ڕەبەت بووە. لە بزووتنەوەی ٤٦، ٤٧ دا بەشدار بووە. ساڵی ٤٨ و٤٩ ئەندامی کۆمیتەی بووژانەوەی حیزب بووە. ساڵی ٥٥ کەوتە زیندانی ڕیژیمی شا وحوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو کەدواتر لەهێرشی خەڵکدا بۆ سەر زیندانەکان ئازاد کرا. دوای سەرکەوتنی شۆڕش کاک ئەحمەد بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی و نیزامیی لەشوێنە جیاوازەکان پێ ئەسپێردراوە و هەمووشی بەوپەڕی لێهاتوویی‌یەوە ئەنجام داون. ئەو کاتانەی پێشمەرگەکانی ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت ڕۆژ نەبوو ئاور لەسەر پشتی پەلامارەران نەکەنەوە یەکێک لە فەرماندەرانی دیار و ناسراویان ئەو مرۆڤە وشیار و بەبەرنامەیە بوو.

باسی ژیانی خەباتکارانەی نستانی زۆر هەڵ دەگرێ. دوان لە نستانی وەک ئەوە وایە کە لە تووڕەیی ڕووبار بدوێی، جوولەی شەپۆلەکانی دەریا بخەیە بەر دید، ئازاری دایکی ڕۆڵە لەدەست چوو باس بکەی، یان لەقوولیی ئەو خەمە بدوێی کەمیللەتێک لەنەبوونی ئازادیدا هەڵی دەگرێ. ژیانی نستانی هەموو شتێکە: هەڵچوون و دامرکانە، بۆ پێشەوەچوون و گەڕانەوەیە، گریان و پێکەنینە، ڕق و خۆشەویستییە، هاوار و بێدەنگییە، شەڕ وئاشتییە و بەگشتی جەمسەری لێک گرێدانی دژ بەیەکەکانە. ئەمڕۆی کاک ئەحمەد، دوێنێی نەسلێکی گیان لەسەر دەستی هەڵوەدای ڕزگارییە. ڕیز گرتن لە ئەمڕۆی نستانی، وەفاداری بەو ڕێبازەیە کە کورد خەباتی بۆ دەکا. نستانی نوێنەری ئەو کاروانەیە کە دەمێکە وەڕێ کەوتووە و هەتا دێ پێوەی زیاد دەبێ. ئەو، هەر چەند ڕێگای زۆر بڕیوە بەڵام ماندوو نەبوە. ئەگەرچی لە هەورازی تەمەن چوەتە سەر، بەڵام هەست و وڕە ودڵ و دەروونی باس لە ڕۆژەکانی سەرەتای ژیانی لاوەتیی دەکەن. ئەو، باڵندەیەکە سنووری نیشتن ناناسێ، شەپۆلێکە لەکۆڵ ناکەوێ وئاگرێکە کوژانەوەی نیە. ئەو کە پێشمەرگەیە، غروورێ نەتەوەیەک و ڕەمزی پایەداریی خەباتە. کاک ئەحمەد نستانی ئێستاش لەریزی خەباتکارنی دیموکرات دایە و هەروا هاندەری تێکۆشەرانی ڕێی ڕزگارییە.

کۆرپەکان بە زمانی دایکیان دەگرین

عەلی فەتحی

بەپێی ئاکامی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی، دەرکەوتووە کە منداڵ لەڕێگای دایک و باوکەوە فێردەبێ یەکەم وشەکان بڵێتەوە. پسپۆڕانی ئەو بوارە دەڵێن یەکەم گریانی منداڵ، ڕاست ئەو کاتەی لە دایک دەبێ و چاوی بە دنیا دەپشکوێ، مۆرکی زمانی دایکی پێوەیە.

گریانی منداڵ پتر مێلۆدیکە، وەختێک خاوەن زمانێکی تۆندارە و بەرزی و نزمی پێوەدیارە، بەتایبەت زمانێک کە گرێدراوی تۆنەکانییەتی و وشەکان بەیارمەتی تۆنەکان مانای ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن. لەو شێوە زمانانە دەتوانین ئاماژە بە زمانەکانی چینی، ڤیێتنامی، تایلەندی یا زمانی هۆزی (Nso) لە باکووری وڵاتی کامێرۆن بکەین. لەڕاستیدا ئەو زمانانە پێویستیان بە فۆنێتیکی (دەنگ / گۆ) بەهێزتر هەیە بۆ ئەوەی خاوێنتر قسەیان‌پێبکرێت. پسپۆڕەکان هەروەها بەو قەناعەتە گەیشتوون کە کۆرپە ساواکان لەو کاتەوە فێری زمانی دایک دەبن کە هێشتا لە منداڵدانی دایکدان و وێدەچێ هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ لایەنی ژنێتیکی ئەو دیاردەیە.

ئەوە کە دەڵێ: ‹‹ کۆرپەکان بە زمانی دایکیان دەگرین ›› بۆچوونی پرۆفیسۆری زمانناس کاتلین فێرمکێ (Kathleen Fermke) لە زانستگای ڤۆرجبورگی ئاڵمانییە. ئەو زانایە پەنجە بۆ جیاوازییەک ڕادەکێشێ، کە لە قیاسی مێلۆدی نێوان زمانەکاندا بەدی‌دەکرێت. ئەو دەڵێ:

‹‹ بۆ توێژینەوەکەمان،کاتێک کۆرپە ساواکان لەبرسان دەگریان، ئێمە خێرا کۆمەڵێک دەنگمان تۆمارکرد.››

کۆڕی توێژەرانی ژێردەستی ئەو پرۆفیسۆرە دوو تاقیکردنەوەیان بەئەنجامگەیاند. لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا، ٤٢ منداڵ تاقیکرانەوە. لەوانە نیوەیان منداڵانی ئاڵمانی بوون و نیوەکەی‌تریش منداڵانی باکووری‌خۆرهەڵاتی کامێرۆن. بۆ دووهەم لێکۆڵینەوەش، ٥٥ منداڵی ساوای چینی لە شاری پێکین تاقیکرانەوە.

لێکۆڵینەوەی یەکەم کە حەوت ساڵ پێشتر جێبەجێکرابوو، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی دوایی هەمان ئاکامیان دەرخست. واتە: ‹‹کۆرپە ساواکان لە ئاڵمان تەواو جیاواز دەگرین لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو کۆرپەکانەی لە فەڕانسە دەژین. مێلۆدی دەنگ و گریانیشیان تەواو جیاواز دەبیسترێ. ئەوەش ڕوونبۆوە کە کۆرپەکانی چینی و کامێرۆنی جیاوازتر لە کۆرپەکانی ئاڵمانی دەگرین، چونکە مەودای بەینی بەرزترین و نزمترین تۆن لە دەنگیاندا گەلێک زۆرە.››

بە بۆچوونی پرۆفیسۆر کاتلین، جیاوازییەکان لە زمانی دایکدا دەردەکەوتن. وشەیەک بۆ وێنە لە زمانی ئاڵمانیدا تەنیا بە یەک بڕگە (سیلابل) دێتە گۆ، لەحاڵێکدا هەمان وشە لە زمانی چینی یا زمانێکی‌تردا بە چەند بڕگە دەگوترێتەوە. توێژەران بەو ئاکامە گەیشتن کە کۆرپە ساواکان ڕاست دوای لەدایکبوونیان، خێرا لە زمانی دایکیان تێدەگەن. کوردیش بە نۆرەی خۆی لەمێژە گوتوویەتی: «منداڵ فرچک بە شیری دایک دەگرێ».

با بزانین گرینگی زمانی دایک لەکوێدایە. توێژینەوەکان دەردەخەن کە دوای تەمەنی نۆ ساڵی، زمانی دایک تەنیا ئامرازی دەربڕین و بیرکردنەوەیە و چەشنی ‹‹ سیستەمی بەرگری ›› کاریگەرە و وەکوو شووڕەیەکی ئەستوور لەبەرامبەر زمانی بێگانەدا کاریە. هەڵبەت ئەوەش بەهەڵکەوت نەگوتراوە کە منداڵان لەو تەمەنە بەولاوە، لە کاتی گوتنەوەی وشەگەلی بیانی

تووشی زەحمەت دەبن، چونکە پەیامە دەنگی‌یەکان بە زمانی بێگانە دەکەونە بەر ‹‹ فیلتەر ››ی زمانی دایکیی منداڵ.

بەپێی بۆچوونی زۆربەی پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی، تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی بێگانە، نیوەی دووهەمی خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتاییە. چونکە تا ئەو سەردەمە زمانی دایک تەواو جێی‌خۆی گرتووە. منداڵ ئیتر بەباشی دەزانێ بە زمانی دایک بدوێ و بنووسێ و لە وشەکان تێبگا و لە یەکتریان جیابکاتەوە. تەنیا ئەو منداڵانە تووشی گرفت دەبن کە دایک و باوکیان خۆیان پێوە ماندوو ناکەن و بەڕادەی پێویست لەگەڵیان نادوێن و فەرهەنگی وشە لە میشکیاندا دەوڵەمەند نەکراوە. بە واتایەک زمانی دایکیی منداڵ ئەو جۆرەی پێویست بووە هێزیوەبەرنەنراوە. زمانی دایک لەراستیدا ئامراز و بناخەیە بۆ زمانە بێگانەکانیش. هەرچەند ئەو وەسیلەیە بەتوانا بێ و بناخەی پتەوی هەبێ، فێربوونی زمانی بیانیش بەهەمان قیاس هاسانتر دەبێ.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵییەوە تا هەشت ساڵی گوێدەگرێ، دەبینێ و لاسایی دەکاتەوە و بەو کارانەی باشتر زمان فێردەبێ. بۆیە لەو فەترە زەمەنییەدا گەلێک هاسانە منداڵ زمانی دایک بە باشترین شێوە و خێرا فێربێ. ئەگەر بۆ زمانی دایک ئەو وزەیە هەیە، بەدڵنیاییەوە بۆ فێربوونی زمانی بێگانەش هەروایە، واتە پێچەوانەی ئەوەی خواستی دایک و باوکە، بەتایبەت کە خوازیاری فێرکردنی زمانی دایک بە منداڵ بن. کەوابوو کاتێک باس لە توانایی منداڵ لەمەر فێربوون دەکەین، بەو مانایە نییە لەجیاتی زمانی دایک، فێری زمانی بیانییان بکەین. دایک و باوک هەمیشە ‹‹ چاوەڕوانی پتر ››یان لە منداڵ هەیە. بەردەوام بۆیان جێگای پرسیار و خۆزگەیە، ئاخۆ کەی منداڵەکەیان فێری زمانی بیانی واتە زمانی دووهەم و سێهەم دەبێ. بەپێی ئوسول باشترین فەترە و تەمەنی گونجاو بۆ ئاشنایی منداڵ لەگەڵ زمانی بیانی، سەردەمی ئامادەیی، پێش چوون بۆ قوتابخانە و پۆلی یەکەمە. هەڵبەت ئەوەش نەک بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان، بەڵکوو تەنیا پێویستە لە چوارچێوەی کۆنتاکت و نیزیکەکەوتنەوە و ئاشنا بوونی منداڵ بە وشەگەلێک بۆ دەوڵەمەند کردنی زەینی ئەو.

زمانی بیانی نابێ هیچکات لەو تەمەنەدا وەکوو دەرس و فێربوونی ئیجباری سەیربکرێت. چونکە لە داهاتوودا دەسکەوتی باشی بۆ منداڵەکە لێناکەوێتەوە. ئەو ئاشنابوونەش دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی شێعر و گۆرانی و کایە و شتگەلێکی هەستبزوێن و عاتیفیدا بمێنێتەوە.

زمانی دایک بەدڵنیاییەوە گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە. چ لە ئاستی زانستی پەروەردەیی و چ لەبارەی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی. ڕێکخراوی یۆنسکۆ بە تێگەیشتن بەو گرینگییە، ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێکی وەکوو ‹‹ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک›› دیار و پەسندکردووە. ئەوانیش و ئێمەش ئەوەمان لێ‌ڕوون و ئاشکرایە کە لەو چەند دەیەی دواییدا زۆربەی زمانەکانی دایکیی جێگۆڕکێیان کردووە و دەکرێ بڵێین تەنیا لە بەشی زمانناسیی خوێندنی بااڵدا جێیان‌گرتووە و بوونەتە کەرەستەیەک بۆ توێژینەوە، چونکە زمانەکانی دیکە، بەتایبەت ئینگلیزی جێی ئەوانەی داگیرکردووە. دیارە ئەوئاڵوگۆڕە پتر دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک کە بریتین لە: گەشەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان،پێشوەچوونی تێکنۆلۆژی و دنیای ئاکادیمی،هەروەها پێویستی لێکتێگەیشتن لە شوێنەکانی کار. هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە، کەسوکاریش زیاتر لە پێشوو منداڵەکانیان لە قوتابخانەگەلێک دادەنێن کە زمانی دایک لەوێ کەڵکی‌لێوەرناگیرێ. زمانناسان لەو باوەڕەدان ئەگەر زمانێک بەرەبەرە دەکارنەکرێ، لە پێشکەوتن دەوێستێ و چیتر وەکوو ئامرازی پێوەندی کاریگەری نامێنێ. ئیتر پاش ماوەیەک چەشنە کۆمەڵگایەکی بێکولتوور و شارستانییەت دروستدەبێ و لەتەنیشت ئەویش کۆمەڵگایەکی یەکدەست و یەکزمان کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ باقی کۆمەڵگا نابێ و تەواو بێگانە دەنوێنێ و بێبەهرە لە زانست و ئەزموونی حەشیمەتێکی فرە لە خەڵکی سەر گۆی زەوی دەبێ، قووتدەبێتەوە. پاشەکشەی گەشەی زمانی دایک یا باشترە بڵێین فەوتانی ئەو زمانانە، دەبنە هۆی خولقانی جیاوازیگەلێکی کۆمەڵایەتی، چونکە زمان کە تووشی ئەو هەموو برین و زامە بوو و لە پەراوێز خرا و تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ، یا لە جێژن و بۆنە و پرسەکاندا کەڵکی لێوەرگیرا، لە کۆتاییدا دەبێتە پەیکەرێکی بێ‌ڕوحی نێو موزەخانە. هەروەها دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە دیاردەی زمانی ‹‹ بەرتەر / سەرتر ›› و ‹‹ نزمتر ›› دێتە مەیدان، وەک ئەمڕۆکەش ئەو دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەدی‌دەکرێت و زمانی یاساغکراو زیاتر ڕەنگ و ڕوخساری زمانی کۆیلەیی بەخۆوەگرتووە. ئەزموونەکان دەریان‌خستووە ئاکامی ڕەوتێکی ئەوتۆ کارەساتی لێکەوتووەتەوە. لەوەش کارەساتتر، پەروەردەیەکی خەراپ و تراژیک و خولقانی گرفتی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا کە بە زەقی بەرچاون. زمانی دایکی هەر گەلێک، هەر تەنیا ئامرازی پێوەندی و قسەکردن نییە، بەڵکوو وەسیلەی گواستنەوەی زانیاریی، زانست، باوەڕ و هەستەکانە. لەسەر یەک ناسنامەی مرۆڤ و نەتەوەیی بوونیەتی. باوەڕ و بایەخەکانی کە بەدرێژایی مێژوو دەستکەوتوون، بەردەوامبە زمانی دایک تۆمارکراون. پشتگوێ خستنی ئەو زمانە، واتای فەوتانی هەرهەمووی ئەو دەستکەوتانەیە. سەرجەم دەتوانم بڵێم زمانی دایک، بەشێک لە میراتی شارستانییەتی هەرکەسێکە لە کۆمەڵگای خۆیدا.

فرەڕەنگی هەرتەنیالەزمانی دایکداکورتنابێتەوە، بەڵکوو ئەو ڕەنگاوڕەنگی‌یە دیالێکت و زاراوەکان، مێژووی گەشەسەندن و کولتووری ناوچەکانیش دەگرێتەوە. ئەوانە هەموویان پێکەوە قەوارەی شارستانییەتی زمانێک پێکدێنن کە ناسراوە بە زمانی دایک، یا بەواتایەکی‌تر زمانی نەتەوەیەک. ئاکام، لە هەر شوێنێ کولتوور و شارستانییەتی ناوچەیی، زاراوە و وێژەکان گرینگیان پێدرا، بەهەمان قیاس زمانی دایکیش بەها و نرخەکانی بۆ دەگەڕێتەوە. مانای فەرهەنگی زمانیش، ئەگەر قبوڵ بکەین کە زمان هەر تەنیا ئامرازی پێوەندی نییە، بەڵکوو ئاوێنەی بااڵنوێنی تێفکرین و وێژەریی دنیای هەستەکانە، ئەوسا لێمان ڕوون‌دەبێتەوە کە ‹‹کاتێک قسەدەکەین، دەردەکەوێ کێین، تا قسەمان نەکردووە نامۆ هەین ››. لەو دیالۆگە سۆفیستییەی پلاتۆن (ئەفلاتوون)دا دەبیستین کە کسینۆس و تێئیتیتۆس لە دیالۆگەکەیاندا هاوڕان. ئەوان پێیانوایە فکر و زمان لەبنەڕەتدا یەک شتن، زمان بە دەنگ دەردەکەوێ، فکر لە زەیندا بەهۆی ڕوح، بەبێدەنگی قسەدەکا. تا بێدەنگە فکرە و کە لەدەم هاتەدەر دەبێتە زمان.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، تا ئەو کاتەی قسەکردنم تەنیا دەروونی بێ و لەچوارچێوەی فکردا بمێنێتەوە و قسەکەرم ڕوح، ئیتر من قسەم پێنابێ. بەڵام ئەگەر دەنگم پێبەخشی و کردم بە زمان، ئا لێرەدا دەردەخەم کە من کێم. تا ئەو ساتەی هەر بە فکر کورد بم و بەو زمانە نەپەیڤم، ئیتر چۆن کوردبوونم دیاربێ. لەوەش کارەساتتر ئەگەر ئەو دەنگە، دەنگی خۆم، میراتی دایک و باوکم نەبێ و بێگانە بێ، بەدڵنیاییەوە ئەو کاتە خۆیشم هەر بێگانەم و زمان و فکریشم بێگانە دەمێنێتەوە.

دریژەی دیمانە:



ـ لە ڕۆمانەکەدا باسی دوو ژن دەکەی کە یەکیان ناتوانێ یان ناوێری باسی مافی خۆی بکا،بەڵام ژنێکی‌تر لەو نێوەدا هەیە کە ئەو هەقە بە خۆی دەدا کە لە بەرامبەر ناهەقییەکاندا دەنگ هەڵبڕێ و تەنانەت بۆ خۆی خۆشەویستەکەی هەڵبژێرێ، لێرەدا دەتەوێ چ مەبەستێک بپێکی؟

بەڵێ، فریشتە ژنێک بوو کە خۆی سووتاند، هۆکارەکەشی خیانەتی هاوسەرەکەی بوو. لە بەرامبەردا خەرامان کچێک بوو لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا، من خەرامانم خۆش دەوێ، شەخسیەتی خەرامانم خۆش دەوێ، خەرامان کچێک بوو لە دژوارترین ساتەکانی ژیانی دا کۆڵی نەدا، چۆکی دانەدا و لە پێ نەکەوت. خەرامان تەنیا هاواری خۆشەویستەکەی نەبوو بەڵکوو ئەو کچێک بوو کە لە دوای مردنی بابی بوێرانە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستا و بوو بە بناوانی دایکی نەخۆشی و براکەشی، تەنانەت کە خۆشەویستەکەشی لە دەست هەر بۆیە کاتێک هەست بەوە دەکا کە مەترسی لە سەرە ناچار دەبێ هەڵێ و زێدی خۆی و بەتایبەت تاقانە خۆشەویستەکەی بەجێبهێڵێ، دەنا ئەگەر ئەوە نەکا دەبێ وەک سیخوڕێک یان کەسێک کە کۆمەڵگا وەخۆی ناگرێ، بژی و ئەگەر ئەوەش نەکا، ئەوا زیندان



و ئێعدامی لە بەردەم دایە؛ کەوایە باشترین ڕێگا بۆ ئەو دەرباز بوون و ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی ئەو کەسانە و ئەو شتانەیە کە خۆشی دەوێن، بە واتایەکی تر ویستوومە ئەوەش بگەیەنم کە شۆڕش لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کچەی خۆشویستوە، بەڵام کوردایەتی و نیشتمان‌پەروەریی لە پیش خۆشەویستەکەی داناوە.

ـ لە ڕۆمانەکەدا باسی زۆرکێشە و گرفتی کۆمەڵگای کوردەواریت کردووە که بێگومان دەکرێ زۆر بە دوور و درێژی باسی هەر کامیان بکرێ، ئایا بەڕێزتان دەتانەوێ لە سەر ئەم بابەتانە درێژە بە نووسین بدەن؟

ـ«کۆڵانەکەمان» درێژەی دەبێ، چونکە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامن و زۆر شتی دیکە هەن، وەکوو ئیعتیاد و دەیان دیاردەی دیکەی وەکوو خراپ بەکارهێنانی مووبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دونیای مەجازی و هتد؛ هەر کام لەوانە دەتوانن بابەتێک بن بۆ ئەوەی کە «کۆڵانەکەمان»درێژەی هەبێ.

تێبینی: ئەم وتوویژە ماوەیەک لەوە پێش لەگەڵ کورد کانااڵ کراوە و تەنیا پوختەیەکی لێرەدا بڵاوبۆتەوە و خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن دەقی ئەم دیمانەیە لە سایتی www.kurdch.tv چاو لێبکەن.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 699 5 march 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com

ژنانی گۆرانیبێژی کرماشانی، مەلاکانی شاری «قوم»یان تووڕە کرد

هشدار شدید یزدی در خصوص تک‌خوانی زنان کُرد در کرمانشاه

بەشداری بەربڵاوی ژن و کچانی کوردی کرماشانی لە بواری موسیقی و ژەنیاریدا، چەندین ساڵە سەرهەنجی خەڵکی ئێرانی ڕاکێشاوە، بەتایبەتی ژنانی کوردی یارسان لەم بارەوە پێشەنگتر دیارن.

لە ڕەگەزی ژن بی و، تەمبوور هەڵگری و گۆرانی بچڕی بێگومان لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کۆسپ ولەمپەڕ تا هەرەشەو سەرکوت ڕووبەڕوو دەبێتەوە، هەر بۆیە ئەوە دۆخی بەشی هەرەزۆری ژنان وکچانی هونەرمەندی کوردی کرماشانیە.

دوای ئەوەی لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی گەلان، کە ماوەیەک لەمەو پێش لە شاری کرماشان بەڕێوەچوو ، ڕێگە بە بەشداری کردنی گرووپی «دایراک خاتوون» بەهۆی هەبوونی گورانیبێژو ژەنیاری ژن، نەدرا، لە تازەترین هەڵوێست بۆ دژایەتی کردن لە گەڵ ژنانی هونەرمەند، محەممەد یەزدی ئەندامی "شووڕای نیگەهبان" و "دەبیری حەوزەی عیلمییەی قوم" بە توندی بەگژی ژنانی ژەنیار و گۆرانیبێژی کرماشانی چووتەوە و بێڕێزی پێ کردوون.

ئەمە لە کاتێکدایە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، گرووپێکی موسیقایی پێکهاتوو لە ژنان و کچانی کرماشانی لە کۆبوونەوەیەک لەو شارەدا بەرنامەی هونەرییان بەڕێوەبردوە، دوایی دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم ناڕەزایەتیان دەربڕیوەو گوایە سکاڵای خۆیانیان بۆ «حەوزەی عیلمییەی قوم» ناردوە.

لە وەڵامی ئەو نامەیەدا، محەممەد یەزدی بە تووڕەییەوە، سووکایەتی بە ژنە هونەرمەندانی کرماشانی کردووە.

پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی کۆنسێرتەکان هەر جار بەبیانوویەک، تا ڕادەیەک گەیشتووە کە لە ژێر گوشاری وتاربێژانی ڕۆژی هەینی، نوێنەرانی ڕێبەری نیزام، ئێستاکە لە چەند شاری ئێران وەکوو مەشهد، قوم، قەزوین ڕێگە بە بەڕێوەچوونی کۆنسێرت نادرێ.

گرفتی سەر ڕێ هونەرمەندانی بواری مووزیک، لە کۆمەڵگەی ژناندا چەند قات زیاترە و، جیا لە نەریتی باوی کۆمەڵگە، دەسەڵاتی مەزهەبی بە شێوازی جۆراجۆر ڕێگریان لێدەکا.

سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست وگرفتانە، ژنان و کچانی هونەرمەندی کورد، بەتایبەتی لە پارێزگای کرماشان، بە جوانی و بە باشترین شێوە دەرەوشاونەتەوە و هەموو ساڵێک کۆنسێرت و فیستڤاڵەکان دەڕازێننەوە.

لە فیستیڤاڵی فیلم لە ژنێف ڕێزیان لە فیلمسازی بەندکراوی کورد گرت

بەڕێوەبەرانی پازدەیەمین خولی فیلم و کۆبوونەوەی مافی مرۆڤی ژنێف، ڕێزیان لە فیلمسازی کوردیی بەندکراو "کەیوان کەریمی" گرت.

ئەم فیلمسازە کوردە لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ٩٤ لەلایەن لقی ٢٨٨ی دادگای شۆڕشی تاران بە تۆمەتی بێڕێزی بە باوەڕە بەناو پیرۆزەکانی نیزام و هەروەها چالاکیی بە دژی نیزام، ٦ساڵ زیندان و حوکمی لێدانیی ٢٢٣ قامچیان بەسەردا سەپاندووە.

هەروەها دادگای پێداچوونەوە لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٤دا حوکمی ناوبراوی لە ٦٦ساڵەوە بۆ یەک ساڵ زیندان کەم کردەوە، ئێستا کەیوان کەریمی چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوکمی لێدانی ٢٢٣ قامچییە، لە زیندانی ئێڤین دایە.

کەیوان کەریمی لەدایک بوی ساڵی ١٣٦٤٤ هەتاوی لە شاری بانەیە و دەرچووی بەشی زانستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی تارانە و

چالاکیی سینەمایی خۆی بە کورتە فیلمێکەوە دەست پێکردوە و نێوەڕۆکی فیلمەکانی لەسەر بنەمای ڕەخنە لە مرۆڤی دنیای ئەمرۆ و کۆمەڵگایە.

سەرکەوتنی سینماکارانی کورد لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ١٠٠چرکە

سینەماکارانی کوردستانی لە یازدەیەمین فستیڤاڵی نیو نەتەوەیی فیلمە ١٠٠ چرکەیەکان دەرەوشانەوەو سەرکەوتنیان بە دەست هێنا.

بە پێی ڕاپۆرتی "جامی زێڕین" دەرهێنەران و سینەماکارانی کورد لەو فستیڤاڵەدا سەرکەوتنیان بە دەست هێناو، یەکێک لە دەرهێنەرە کوردەکان خەڵاتەکەی خۆی پێشکەش بە کۆڵبەرانی کورد کرد و، بەوشێوەیە، سەبارەت بە کارەساتی کۆڵبەر کوژی و پرسی کۆڵبەری هەڵوێستی گرت.

لە یازدەیەمین خولی فستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمە ١٠٠چرکەییەکان کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە شاری تاران بەڕێوەچوو خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیۆمینتی بە دەرهێنەری کورد محەممەد فەرجزادە بەخشرا و ناوبرایش بە شێوەی نمادین خەڵاتەکەی پێشکەش بە کۆڵبەرانی کورد و ئاگرکوژێنەرانی ڕووداوی پلاسکۆ کرد.

هەروەها دەرهێنەرێکی دیکەی کورد بە ناوی ئومێد فەرجوەند خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەیی، لە بەشی کێبەرکێی نەتەوەیی ئەو فستیڤاڵە بە دەست هێنا.

ئازەر مەنسووری سینەماکاری دیکەی کوردستان، لە بەشی ئەنیمەیشن، پلەی یەکەمی باشترین ئەنیمەیشنی بۆ خۆی تۆمار کرد.

بەم شێوەیە هونەرمەندانی کورد لە کۆی خەڵاتەکانی ئەو فستیڤاڵەدا خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەیی لە سێ بواری جیاجیادا بە دەست هێنا.

دریژەی چالاکییەکان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

لە دریژەی چالاکییە فەرهەنگی ومەدەنییەکان لە شارەکانی کوردستان، بەڕیوەبەرایەتی بەشی فەرهەنگی زانکۆی کوردستان لە شاری سنە ڕێورەسمیکی بەو بۆنەیەوە لە ژێر ناوی " زمانی دایک، بەشێک لە شووناسی هەموو نەتەوەیەکە" بەڕێوەبرد.

ڕێوڕەسمی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ئێوارەی ڕۆژی ٢ی ڕەشەمە بە بەشداری مامۆستایان و خوێندکارانی زانستگا و بە هەوڵی ئەنجومەنە کوردییەکانی زانستگای کوردستان لە تالاری مەولەوی بەڕێوەچوو.

بەڕێوەبەری بەرنامەدارێژیی فەرهەنگیی زانستگای کوردستان ڕایگەیاند: زمان تەنیا ئامرازی پێوەندی گرتن نییە، بەڵکو بەشێک لە شووناس و ناسنامەی هەموو نەتەوەیەکە.

هەربۆیەش دەبی هەموو لایەنەکان بە بایەخەوە سەیری پرسی زمان بکەن.

لە و ڕێورەسمەدا چەن کەس لە شارەزایان بواری زمان وتار و بابەتی خۆیانیان پیشکەش بە ئامادەبووان کرد.

هەروەها ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی شارەکانی دیکەی کوردستان بە تەرخان کردنی کات و دانیشتنی تایبەت لەسەر گرینگی زمانی دایک و جێبەجی کردنی مادەی ١٥ لە یاسای بنەڕەتیی ئێران پیداگرییان کرد.

بەر لە مالاوایی

ژنان لە ئێران و تێچووی زۆری بەشداریان لە سیاسەت و کاری ڕێکخراوەیی‌دا

عەلی بداغی

بەشداریی بەربڵاوی ژنان لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ شوێنکاری زۆری لە سەرخستنی شۆڕش و ڕێگاخۆشکردن بۆ دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبوو. بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەوەی لە مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان بە ژنان بڕا، کەمتر لەوە بوو کە لە سەردەمی پاشایەتی‌دا بوویان.

جارێ هەر لە قانونی بنەڕەتیی وڵاتدا دان بە مافی وەک یەک و بەرامبەری ژن و پیاو دانەنرا و ڕەسمییەت بەو هەڵاوارنە درا. ژنان لە دەزگای قەزایی، وەک یەکێک لە سێ بنیاتی سەرەکیی حکوومەت و دەوڵەت وەلانران و مافی دادوەری لە ژنان وەرگیرایەوە. بە دامەزرانی دادگای مەدەنیی تایبەت و پێداچوونەوە بە قانوونەکانی پێشوو، مافی ژنان لە زۆر بابەتی پێوەندیدار بە تەلاق، میرات، شووکردن، وەخۆگرتنی منداڵ، دییە و خوێنبایی و... بە پشتبەستن بە بڕیاری شەرع و ئایین پێشێل کرا.

هاوکات پارادۆکسەکان لە پێناسەی پێگەی ژنان لە کۆمەڵ و قانوونەکانی کارپێکراو لە وڵات هۆکارێکی دیکەی بەرگێڕەوە لەبەردەم هاتنەمەیدانی ژنان و دەورگێڕانیان لە بواره جیاکانی کۆمەڵگا بوون، ئەوەش سروشتییە؛ چونکی کاتێک ژن لەو کۆمەڵگایەدا نەتوانێ بڕیار لە سەر ژیانی خێزانیی خۆی و چارەنووسی منداڵەکەی بدا، چۆن دەتوانێ بێتە پێشێ و ڕۆڵی لە بڕیاردان و گۆڕینی ئاراستەکان لە کۆمەڵگادا هەبێ.

ئەو دۆخە بە دریژایی مێژووی ٣٨ ساڵی ڕابردوو لە ئێران وەک واقعێکی تاڵ لە ژیانی ژنان‌دا دریژەی بووە، بۆیە دەبینین سەرەڕای ئەوەی ژنان بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکان‌دا زۆرترین کاریگەری‌یان لەسەر یەکلاکردنەوەی پرسە سیاسی‌یەکان هەیە، سەرەڕای ئەوەی لە بواره‌کانی فێرکاری و پەروەردەیی‌دا نیزیک بە سەدا ٦٠ی زانکۆکانیان پاوان کردوە، بەڵام پشکی ژنان لە بەشی بەڕێوەبەریی وڵات‌دا لە سەدی ٢ زیاتر نییە. ئەمڕۆکە بەپێی ڕێوشوێنەکانی کۆمیسیۆنی مادەی١٠ی حیزب و ڕێکخراوەکان لە کۆی ٢٤٢ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کە ئیزنی تێکۆشانیان دراوەتێ تەنیا ١٨ ڕێکخراوەیان هی ژنانە و لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن؛ هەروەها لە ٢٩٠ نوێنەری مەجلیس لە خولی دەیەم‌دا تەنیا ١٧ کەسیان ژنن، تازە ئەوەش لە مێژووی خولە جۆراوجۆرەکانی مەجلیس‌دا نموونەی نەبووە و زۆرترین ژمارەی نوێنەرانی ژن لە مەجلیسەکانی پێشوودا بۆ خولی پێنجەم دەگەڕێتەوە کە ١٤ کەس بوون.

هۆکارەکان چین؟

ئەگەر قانوونەکان لە ئێران لە زۆر بواردا لە دژی بەرژەوەندییەکانی ژنانن، ئەگەر ڕوانگەی پیاوسالاری و نەریتە کۆنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکان وەک سێبەرێک بەسەر ژنان‌دا زاڵن، ئەگەر لەلایەک بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی‌یەکان بەهەند وەرناگیرێ و دەرفەت و بواری وەک یەک بۆ لەگەڵدەرهاتن و خاران لەو مەیدانەدا بە ژنان نادرێ؛ لەلایەکی دیکەشەوە تێچووی چالاکیی سیاسی بۆ ژنان هیند لەسەرێیە کە ژنان نەیانەوێ خۆی لێبدەن و ئەو باجە قورسەی بۆ بدەن. ئەوەش وا دەکا کە ژنان زیاتر خۆیان لە چالاکیی مەدەنی و سینفی‌دا ببینەوە و لە سیاسەت و سیاسەت‌کردن بپرینگێنەوە.

کە باس لە تێچووی قورس و نابەرامبەر بۆ کار و چالاکیی سیاسی بۆ ژنان دەکرێ، دەرکەوتەکان ڕوونن. بانگکرانی ژنان بۆ ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان، گیران و کەوتنە بەندیخانەی ژنان بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی لە گرتنگەکانی ئیتلاعات و لە زیندان‌دا ڕادەبرێن و لە دەرێ لەقاو دەدرێن و ئەو بابەتانەی هێشتا بۆ ژنان بەپێی ستاتویان لە کۆمەڵگادا تابۆ و بڤەن؛ تێچوویەکی کەم نین کە ژنان بە ئاسانی بتوانن لە کەشی خێزانی‌یاندا بیدەن و لێی دەربازبن.

تەنانەت لە کایەیەکی سیاسیی ڕیگەپێدراوی وەک هەڵبژاردنەکان‌دا دەبینین کە تێچووی «ڕەدی سەلاحییەت»ی ژنێک لە هەڵبژاردنەکان لەوانەیە کاریگەریی پێچەوانە لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو دابنێ، بە جۆرێک کە نەک هەر ئەو خاتوونە نەیهەوێ جارێکی دی خۆی لە قەرەی کایەی سیاسی بداتەوە، بەڵکوو سەدان کەسی دیکەشی پێ چاوترسێن بکرێ.

ئەو تێچووە قورسە بۆ چالاکیی ژنان بە تایبەت لە کوردستان زیاترە، هەم لەبەر ڕوانگەی ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر کوردستان و هەم بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کلتووری کۆمەڵگا. بەڵام ئەوەی ژنانی کورد لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران جیا دەکاتەوە ئیمان، باوەڕ و هۆگریی زیاتری ئەوان بۆ چالاکی و بەشداریان لە کایە سیاسی‌یەکانە. تێچووی قورسی ئەو کارەش دەدەن. وەک چۆن دەبینین لە ئێستادا هەر نەبێ ١٧ ژن لە کوردستان لە سۆنگەی چالاکیی سیاسی کە لە ڕوانگەی دەزگای قەزایی و ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانەوە بە چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی ڕێژیم لێکدراوەتەوە، لە بەندیخانەن و سزای قورسی زیندانی دریژماوەیان بەسەردا سەپاوە.

پرسی بەشداریی ژنان لە سیاسەت بە دۆخی مافەکانیان و چاوەڕوانی و ڕوانگەکان بۆ کارکردی ئەوان بەستراوەتەوە.

کۆمەڵگایەکی کراوە لە ژنان و پیاوانی سەربەست و خاوەن مافی وەک یەک پێکدێ. لەو کۆمەڵگایەدا پێویستە مافە مرۆییەکان لە هەموو بەستێنە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا بۆ گشت پێکهاتەکان وەک یەک ڕەچاو بکرێ، بۆ ئەوەش پێویستە قانوونەکان بگۆڕدرێن، ڕوانگەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، بوار بۆ سەربەخۆیی ئابووریی ژنان خۆش بکرێ و کەند و کۆسپەکانی بەردەم دەرکەوتن و کارکردنی ژنان لە هەموو بواره کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان هەڵبگیرێ، ئەوەش بەر لە هەموو شتێک بەندە بە خواست و ئیرادەی ژنان کە لەوان‌دا شک دەبردرێ؛ بەو مەرجەی تێچووی ئەو چالاکی‌یانە بۆ ژنان کەم بکرێتەوە؛ بابەتێک کە ویناچێ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئیدۆلۆژی و دژایەتیی ڕەهای لە گەڵ مافی یەکسان بۆ ژنان بیەوێ یا بتوانێ ڕێگای بۆ خۆش بکا، مەگەر لە سۆنگەی گوشاری ژنانەوە ناچار بە پاشەکشە بکرێ.